کوردستان
ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵ دا ■ دووشەممە ١٦ی پووشپەڕی ١٣٩٣ ٧ی جولای ٢٠١٤ ■ ژمارە ٦٣٥ ■ www.kurdistanukurd.com

## سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان: دەبێ سەربەخۆیی کوردستان وەک دەرفەت چاوی لێ بکرێ،نەک وەک مەترسیو هەڕەشە



سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێز خالید عەزیزی، بەڕێوەچوونی ڕیفراندۆم لە هەرێمی کوردستان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیانی بە کردەوەیەکی قانوونی، بەجێو زۆر گرینگو مێژوویی زانی و وتی دەبێ هەول بدری سەربەخۆیی کوردستان لەلایەن وڵاتانی دراوسێو وڵاتانی زلهێزی بڕیاردەرەوە وەک دەرفەت چاوی لێ بکرێ، نەک وەک مەترسیو هەڕەشە.

لە بەرنامەیەکی تایبەتی تەلەڤیزیۆنی ڕووداودا، بەڕێز عەزیزی وتی: ئێمە وەک حیزبی دێموکراتو حیزبەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ لەسەر ئەوە کار بکەین کە ئەو بابەتە بخەینە نێو کۆمەڵگاو بیروڕای گشتیی ئێرانییەکان کە ئەوەی لە عێراق ڕوو دەدا بەرهەمی سەرەڕۆییو حاشا کردن لە پرسی نەتەوەکانەو، حکوومەتی هەرێمی کوردستان ١٠ ساڵە هەوڵ دەدا بەهەموو شێوەیەک ڕۆڵی ئەرێنی لە بنیاتنانەوەی عێراقی نوێدا بگێڕێ،بەڵام ئەوەی عێراق نەیتوانی لە سەر ئەساسی ڕێزگرتن لە جۆراوجۆریی نەتەوەکانو ئایینزاکان یەکگرتوو بێ،دەتوانێ نموونەو ئەزموونێکی باشیش بۆ ئێرانی داهاتوو بێ.

# ئەندێشەی قاسملوو لە رۆژگاری ئەمرۆش دا دەتوانێ ڕێنوێنی خەباتی رزگاریخوازانەی نەتەوەکەی بێت




لە کوردستان و دەرەوەی وڵات، ڕێرەوان و هۆگرانی ڕێگا و ئامانجەکانی د.قاسملوو، بە چالاکیی جۆراوجۆرەوە بەرەو یادی ٢٥ساڵەی شەهیدکرانی ئەو ڕێبەرە نەمرە دەچن. لە دەرەوەی وڵات، حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە نیازە لە وڵاتانی فەرانسە، بریتانیا و نۆرویژ زنجیرەیەک کۆبوونەوە و ڕێورەسمی تایبەت بۆ ڕێزگرتن لە کەسایەتیوخزمەتەکانی د.قاسملوو و بۆ مەحکوومکردنی تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەڕێوە ببا. لە هەرێمی کوردستان و نیوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش، ڕۆڵەکانی دیموکراتو هۆگرانی ئامانجەکانی قاسملووی ڕێبەڕ، لە ئێستاوە چالاکیی جۆراوجۆریان بەم بۆنەیەوە دەست پێکردوە.

هەر لەم پیوەندییە دا، ڕۆژی ١٤ی پووشپەڕ(٥ی ژوئیە) لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، سمینارێک لە ژێر ناوی «خوێندنەوەیەکی ئەمڕۆیی بۆ بیر و باوەڕەکانی د.قاسملوو» بە بەشداریی تێکۆشەرانی ئەم حیزبە بۆ دوو ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دیموکرات: قادر وریا و د.ئاسۆی حەسەنزادە پێک هات. لەم سمینارە دا تیشک خرایە سەر ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی بیرکردنەوە و ڕوانینەکانی ئەو ڕێبەرە بە توانایەی بزووتنەوەی نەتەوەیی و دیموکراتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

لەم سمینارە دا لە ژێر ڕووناکایی خوێندنەوەیەکی ئەمڕۆیانە و بەراوردکارانەدا، کۆمەڵێک لە ڕوانگە و هەلوێستەکانی ئەو ڕێبەرە شەهیدە لە پیوەندی لە گەڵ ئەو پرس و کێشە نەتەوەیی، سیاسی و کۆمەڵایەتیانەی کە هەتا ئەمڕۆش درێژەیان هەیە خرانە بەر سەرنج و شیکاری و، ئەم ئاکامەیان لێ وەرگیرا کە ئەندێشەی قاسملوو لە ڕۆژگاری ئەمڕۆش دا دەتوانێ ڕێنوێن و یاریدەدەری خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەی بە گشتی و تێکۆشانی سیاسیی ڕێڕەوان و هۆگرانی بێت.

## بانگەواز بۆ خەڵکی کوردستان لە بارەی چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی یادی ٢٥ ساڵەی تیرۆری د.قاسملووەوە

**خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!**
**هۆگران و ئەویندارانی ڕێگا و ئامانجەکانی د.قاسملووی ڕێبەر!**

لە ٢٢ی پووشپەڕی ئەمساڵ دا ٢٥ ساڵ بە سەر شەهیدکرانی د.عەبدولڕەحمان قاسملوودا ڕادەبرێ.

٢٥ساڵ لەمەوبەر، ڕێبەرانو بڕیاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران،کەڵکی خراپیان لە نیازپاکیو بڕوای د.قاسملوو بە چارەسەری سیاسیی پرسی کورد لە ئێراندا وەرگرتو ئەو ڕێبەرە لێهاتوویەو هاوڕێ عەبدوڵلا قادری ئازەریان لە سەر مێزی وتووێژ لە ڤییەن تیرۆر کرد.

ئێوە خەڵکی خەباتکارو ئازادیخواز لە ماوەی ئەم ٢٥ ساڵەدا بە شێوەی جۆراوجۆر وەفادارییی خۆتان بە ڕێگاو ئامانجەکانی ئەو ڕێبەرە بە توانایەی خەباتی نەتەوەیی خۆتان سەلماندوەو بێزاریتان لە کۆماری ئیسلامی، بکوژی ئەو کەسایەتییە گەورەیەو سەدان تێکۆشەری دیارو هەزاران ڕۆڵەی ئازادیخوازی کوردستان، نیشان داوە. هەر ئێوە بوون کە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕ، ڕۆژی تیرۆری د.قاسملووتان کرد بە ڕۆژی نواندنی بێزاریی گشتی لە تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

لە ٤-٣ ساڵی ڕابردوودا کۆماری ئیسلامی هەموو توانای سەرکوتکەرانە خۆی بۆ پێشگیری لە بەڕێوەچوونی مانگرتنی گشتی لە کوردستان لە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕدا بە کار هێناوە. بازاڕییەکانو خاوەن دوکانەکانو ڕێکخەرانی مانگرتنی گشتی، هەموو جارێ بە توندی هەڕەشەیان لێکراوە کە ئەگەرلەم ڕۆژەدا مان بگرن، بە توندی سزا دەدرێن. بەڵام زاڵکردنی زەبروزەنگو تەنینی شەقام و کۆڵان بە هێزی زۆری نیزامیو هەڕەشەو تۆقاندن، نابێ بۆ ماوەیەکی زۆر، ڕێگر بن لە خۆنواندنی ئیرادەی خەباتکارانەی ئێوە دژ بە تیرۆرو سەرکوت.

لە مانگرتنە گشتییەکانی ساڵانی پێشوو دا، ڕۆڵی سەرەکی کەوتبووە ئەستۆی بازارییەکان، بۆیە دوای هەر ٢٢ی پووشپەڕێک، بە پلەی یەکەم ئەوان لە لایەن کاربەدەستانەوە بەرەوڕووی سزاو تۆڵە دەبوونەوە. بەڵام ئەگەر لەمەودوا ڕۆڵی سەرەکی بکەوێتە ئەستۆی خەڵکی دیکە وشەقامو بازار لە لایەن تێکڕای خەڵکەوە لەم ڕۆژەدا بایکۆت بکرێ، هەم مانگرتنی گشتی ڕوو دەداو هەم گوشارو سزا بەرەوڕووی توێژێکی دیاریکراو، نابێتەوە.

بۆ لاپەڕی ٢



پاشکۆی کوردستان لە بەرەبەری ٢٥ ساڵەی تیرۆری دوکتور قاسملوو لەم ژمارەیەدا


بیری لێنین و باخەکانی سەمەرقەند : گەشتێک بەنێو کتێبخانەکەی دوکتور قاسملوودا
٣


وڵاتێک بە ناوی عێراقو ئەگەرەکانی داهاتووی ئەم وڵاتە
٤


سووتانی کچە قوتابییەکانی شیناوێ، داغێک بە دڵی هەموومانەوە
٨


کوردو دابەشکردنی ناوچەیی ئێران
٩

## لە وتەکانی دوکتور قاسملوی نەمر

با بە خۆمان و خەباتی خۆمان پشت ئەستوور بین
لە پێشدا، با بایەخ بە هێزی بێ پایانی گەلی کورد بدەین‌و، لە خۆمان‌و خەباتی خۆمان دڵنیا بین‌و، وەک عامیلێکی سەربەخۆ لە مەیدانی سیاسی وڵاتدا خۆ بنوێنین، ئەو کاتە پشتیوانمان زۆر دەبێ‌و هەلومەرجی سەرکەوتن باشتر ئامادە دەبێ.


**لە پەیامی دوکتور قاسملو**
**بەبۆنەی ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٦٧**

ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بۆیە بە سەرچاوەی تیرۆریزم دادەنرێ لەبەر ئەوەیە کە زیاتر لە هەر ناوچەیەکی دی ناوەندی ناتەبابیە ستراتیژی ، سیاسی، ئابووری، مەزهەبی و نەتەوەییەکانەو هەتا ئەو ناکۆکیانە بنەبڕ نەکرێن بوار بۆ کردەوە تیرۆریستییەکان هەر دەمێنێ

**لە وتووێژی « عاتیفە گرگین» ، «فصلی در گلسرخ»، بەرگی سێهەم**

ئێمە لە کوردستان و لە حیزبی دێموکرات دا باوەڕێکی قووڵمان بە دێموکراسی هەیەو هەروەها لەو باوەڕە داین: بە بێ دابین بوونی ئازادییە دیموکراتییەکان ، وڵاتی ئێمە ناتوانێ ئەو کێشەو گیرو گرفتە ئاڵۆزانە چارەسەر بکا کە بە دەستیانەوە دەناڵێنێ.

**بڵاوکراوەی « جامعه نوین و دمکراتیک کردستان « ژمارە ١**



# سەردانی هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە مەکۆی گۆڕان



ڕۆژی سێشەممە ١٠ی پووشپەڕ، هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە شاری سلێمانی سەردانی مەکۆی سەرەکیی بزووتنەوەی گۆڕانی کردو، لە لایەن هەیئەتێکی پایەبەرزی بزووتنەوەی گۆڕانەوە بە سەرپەرستیی کاک نەوشیروان مستەفا پێشوازییان لێ‌کرا.

لەم چاوپێکەوتنەدا هەر دوو هەیئەت لەسەر بارودۆخی گشتیی ناوچەکەو، هەلومەرجی کورد لە کاتو ساتی ئێستاداو دۆخی پاش پەلاماری داعش بۆ سەر ناوچەکانی ژووروی عێراق، ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کردو ڕوانگەکانیان خستەڕوو. هەروەها هەر دوو لایەن لەسەر پێویستیی یەکگرتوویی‌و یەک هەڵوێستیی هێزی کوردو خەڵکی باشووری کوردستان‌و پاراستنی دەسکەوتەکانی کورد پێیان داگرت.

لە کۆتایی ئەم چاوپێکەوتنەدا هەر دوو هەیئەت خۆشحاڵیی خۆیان لە پەرەپێدانی پێوەندییەکانی گۆڕان‌و حیزبی دێموکراتی کوردستان دەربڕی و بەردەوامیی ئەم دیدارو دانیشتنانەیان بە پێویست زانی.

# بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمێک لە هەولێر بۆ بەرزڕاگرتنی یادی قوربانیانی بۆمبارانی شیمیایی شاری سەردەشت

لەڕیوڕەسمێکی تایبەت‌دا کە بەبەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەشاری هەولێر بەڕێوەچوو، یادو بیرەوەریی قوربانیانی بۆمبارانی شیمیایی شاری سەردەشت بەرز ڕاگیرا.

لەو ڕێوڕەسمەدا کەڕۆژی شەممە، ٧ی پووشپەڕ بەدەسپێشخەریی ڕێکخراوی کوردستانی بێ ژێنۆسایدو بە هاوکاریی بەڕێوبەریی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی هەرێمی کوردستان لە هەولێر، لە ساڵۆنی چوارچرای ئەم شارەدا بەڕێوەچوو، وێڕای بیرهێنانەوەی بیستو حەوت ساڵەی کارەساتی بۆمبارانی شیمیایی شاری سەردەشت باس لەلایەنە حقوقییەکانی ئەو ڕووداوەو ڕەوشی بەرکەوتووانی لەژیان‌دا ماوی ئەو تراژیدییە کرا.

لەدەسپێکی ئەو ڕێوڕەسمەدا عەلی مەحموود، بەرپرسی ڕێکخراوی کوردستانی بێ ژێنۆساید لەسەر چۆنیەتیی کۆڕیادەکە قسەی کردو پاشان دوکتور ئاسۆ حەسەنزادە، باسەکەی پێشکێشی ئامادەبووان کرد.

دوکتور ئاسۆ حەسەنزادە لە سەرەتای باسەکەیدا بەلەبەرچاوگرتنی پێوەرە حقوقی‌و قانونییەکان، خوێندنەوەی بۆ ڕووداوی بۆمبارانی شیمیایی شاری سەردەشت کردو بەتیشک خستنەسەر جاڕنامەی جیهانیی ژنێڤ‌و قانوونی لاهە روونی کردەوە کە ئەو دوو قانوونە لە کاتی شەڕدا لایەنە چەکدارەکان ئەرکدار دەکەن گیانی خەڵکی سڤیل بپارێزن‌و ڕێوشوێنی مرۆیی لە هەمبەر یەکتر بگرنەبەر.

ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ جاڕنامەی ژنێڤ روونی کردەوە بەپێی ئەو قانوونە گیانی هاووڵاتیانی مەدەنی لەکاتی شەڕدا پارێزراوەو لایەنەکانی شەڕ وێڕای ڕەچاوکردنی ئەو قانوونە مافی بەکارهێنانی چەکی کۆمەڵکوژی وەک بۆمبی شیمیاییان لەدژی خەڵک نییەو لەو بارەوە ڕێیان لێ گیراوە.

دوکتور حەسەنزادە لە درێژەی باسەکەیدا بەپۆلێنکردنی چەکو چۆلە کۆمەڵکوژەکان بەپێی چوارچێوەو قانوونی جیهانیی ژنێڤ باسی ئەوەی کرد، نابێ هاووڵاتییانی سڤیل لە کاتی شەڕدا پڕیشکەی شەڕیان بەر بکەوێ‌و لە درێژەی باسەکەی‌دا گوتی چەند ساڵ دوای بۆمبارانی شیمیایی شاری سەردەشت بوو کەبەکارهێنانی گازەشیمیاییەکان لەلایەن دەوڵەتان‌و لایەنە چەکدارەکانەوە ڕێیان لێ‌گیراو قەدەغەکران.

دوکتور ئاسۆ حەسەنزادە لە بەشی کۆتایی قسەکانیدا بەئاماژەدان بەسیاسەتی دەوڵەتە ناوەندییەکانی حاکم بەسەر کوردستان، ئێران، تورکیە، عێراق‌و سووریە گوتی ئەگەرچی ئەو وڵاتانەڕێککەوتننامەی بەکارنەهێنانی چەکی کۆمەڵکوژیان ئیمزا کردوە، بەڵام چەندین جار لەشەڕو بەربەرەکانی لەگەڵ کوردەکاندا ئەو قانوونەیان پێشێل کردوەو چەکی کۆمەڵکوژی شیمیاییان بەدژی کوردەکانی وڵاتی خۆیان‌و وڵاتانی دراوسێیان بەکار هێناوە. کۆڕگێر پاشان ئاماژەی بەچەند نموونەیەک لەو حاڵەتانە لەلایەن تورکیەو سووریە کرد.

لەبەشی دووهەمی ئەو کۆڕیادەدا کە بە بەشداریی چەند شایەتحاڵو بەرکەوتوویەکی لەژیاندا ماوی پەلاماری شیمیایی شاری سەردەشت بەڕێوەچوو، چەند دیمەنێکی ئەو کارەساتەبۆ بەشداران باس کرا.

حاجی ساڵح عەزیزپوور، یەکێک لەبەرکەوتووانی ئەو ڕووداوە بە ڕەخنەگرتن لەڕەوشی بەرکەتووانی لەژیانداماوی ئەو جینایەتە سامناکە گوتی لە دنیای ئەمڕۆدا ڕێز لە ئاژەڵەکانیش دەگیردرێ، بەڵام کەمترین ماف بۆ خەڵکی بریندارى شاری سەردەشت لەبەرچاو نەگیراوە.

لەبەشێکی دیکەی ئەو کۆڕیادەدا قادر مەولانپوور کە بە عومەر خاوەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناسراوەو هەموو ئەندامانی بنەماڵەکەی لەو ڕووداوەدا لەدەست داوە، قسەی کردو، بەدوای ئەودا عەلی مەحموود، بەرپرسی ڕێکخراوی کوردستانی بێ ژێنۆساید بەسەرهاتی قادر مەولانپووری بۆ بەشداران گێڕایەوە کەچۆن ئەندامانی بنەماڵەکەی هەر کام بەرێی شارێکی ئێران دەکران‌و دوایە تەرمی هەموویانی بۆ هاتۆتەوەو گوتی، بێ گومان ئەگەر بەسەرهاتی ژیانم بکرێتە فیلم دنیا تراژیکترین فیلمی سەدەی بەچاوی خۆی دەبینێ.

لەبەشی کۆتایی ئەو کۆڕیادەدا دیاریی ڕێکخراوە ناحکوومییەکانی هەرێمی کوردستان لەلایەن فازڵ عومەر ڕەشیدەوە پێشکێش بەقادر مەولانپوور کرا.

فازڵ عومەر ڕەشید، سەرۆکی ڕێکخراوە ناحکوومییەکانی هەرێمی کوردستان لەو بەشە لە کۆڕیادەکەدا گوتی شەرمە بۆ کۆماری ئیسلامی کە دوای ٢٧ ساڵ ئێستاش قوربانیانی ئەو جینایەتە سامناکە بەشەهید دانەندراون‌و ئاوڕ لەبریندارانو بەرکەوتووانی ئەو ڕووداوە نادرێتەوە.

شایانی باسە لە بەشی کۆتایی کۆڕیادەکەدا چەند کۆپلە شێعرێک لە وەسفی ئەو ڕۆژەدا لەلایەن فەرەیدوون حەکیمزادە، هەندەرێن جەعفەر و محەممەد ئەفەندی خوێندرانەوە.





# پێک هاتنی کۆبوونەویەک بۆ لاوانی ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان



ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ٤/ ٣/ ١٣٩٢ ی هەتاوی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بەشداری سکرتێکی گشتی حیزب کۆبونەوەیەکی سیاسی تەشکیلاتی بۆ کۆمەڵێک لە لاوان و خوێندکارنی ئەندامی حیزب پێک هێنا .

سەرەتای ئەم کۆبوونەوەیە حەسەن خۆشکەلام، بەرپرسی بەشی تەشکیلاتی ئاشکرای حیزب بەخێر هێنانی بەشدارانی کردو تەوەری کۆبوونەوەکەی بە بەشداران راگەیاند و بەدوای ئەودا قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی تەشکیلات وتەیەکی پێشکەش کردو تێدا خۆشحاڵی خۆی دەربڕی کەلێرەدا لەگەڵ ئەم پۆلە لاوەی دێموکرات کۆبۆتەوە. بەڕێز وریا ئاماژەی بەوەکرد کەبۆیە لێرە کۆبووینەوەتەوە تا گوێ لەداواکاری و بیروبۆچوونەکانی ئێوەبگرین. بەدوای وتەکەی کاک قادردا نۆرەدرا بەنوێنەری یەکیەتی لاوان ، ژنان و خوێندکاران کە هەر یەک بەنۆرەی خۆیان باس و بابەتە پێوەندیدارەکان بەرێکخراوەکانی خۆیان لەم کۆبوونەوەیەدا بیننە بەرباس و لە بۆچوونی بەشداران بۆ داهاتوویان کەڵک وەرگرن. ئەوجار دەرگەی گفتوگۆ بۆ بەشداران والا کرا کە هەرکام بەنۆرەی خۆیان کۆمەڵێک کێشەو بابەتیان خستەڕوو و لەگەڵ حیزبی خۆیانیان هێنایە بەرباس و بۆ هەرچی باشتر و چالاکتر بوونی لاوانی کوردو بەتایبەتی ئەندامانی دێموکرات کۆمەڵێک پێشنیاریان خستەبەرباس. هەرچەند کۆمەڵێک مافیان لەحیزب داوا دەکرد لە هەمانکاتدا کۆمەڵێک ئەرکیشیان بۆ خۆیان وەک ئەندامی حیزبێکی سیاسی لەبەر چاو گرتبوو و سپاسی حیزبیشیان دەکرد بۆ ئەو ئاوڕدانەوانەی کە بەتایبەت لەبواری ئاسانکاری بۆ خوێندنیان دا، حیزب لەوانی داوەتەوە.

بەدوای بەشداری چالاکانەی بەشداراندا بەڕێز کاک خالید عەزیزی سکرتێری گشتی حیزبی دێموکرات لەوتەیەکی کورتدا لەپێشدا تەشویقی لاوانی کرد بۆ ئەو بەشدارییە چالاکانەیان کە بەبۆچوونەکان و پێشنیاری بەجێ زیاتر لە مەوزووعاتی حیزبیدا بەشدار دەبن و بەبۆچوونەکانیان حیزب دەوڵەمەندتر دەکەن. هەروەها سکرتێری حیزب داوای لەلاوان کرد کە لەتەمەنی لاویەتی خۆیان زیاترین کەڵک وەرگرن بۆ فێر بوون و نیەایەتی ئیستفادە لە توانا و عەلاقەکانتان بکەن بۆ خۆپێگەیاندن. بەڕێزیان وتی : راستە خوێندن ئاساسە، بەڵام مەدرەک کۆتایی نیەو دەبێ دوایی تێکەڵ بەتەجرووبە بکرێ و ببن بەو کەسایەتییە کارایەی کە حیزب و بنەماڵەکانتان لێتان چاوەڕوانی دەکەن و لەداهاتووی کوردستاندا رۆڵی ئەکتیڤ بگێڕن . لەکۆتایی دا کاک قادر وریا وڵامی پرسیارەکانی بەشدارانی دایەوەو هیوای خواست کە لەم جۆرە کۆبوونەوانە زۆر پێک بهێندرێ تا لەنزیکەوە ئاگاداری بیروبۆچوونەکانی ئێوە لاوانی دێموکرات بین .

# درێژەی: بانگەواز بۆ خەڵکی کوردستان لە بارەی چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی یادی ٢٥ ساڵەی تیرۆری د.قاسملووەوە

٢٥ ساڵەی تیرۆری د.قاسملوو، یادکردنەوەیەکی شایانی ئەو ڕێبەرە مەزنە هەڵ دەگرێ. نیشاندانی نارەزایەتی‌و بێزاریی گشتی لە هەڵوێستێکی یەکگرتووانەو سەرانسەری‌دا دەتوانێ باشترین پەیام‌و وڵامی ئەمڕۆی خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان بە ڕێبەران‌وکاربەدەستانی دژە کوردی دوێنێ‌و ئێستای کۆماری ئیسلامی بێت. لەم پێوەندییەدا داواکارو چاوەڕوانین:

١- خەڵکی شارو گوند لە چەند ڕۆژ پێشترەوە پێداویستییەکانی خۆیان لەبازاڕ دابین بکەن بۆ ئەوەی لە ڕۆژی٢٢ی پووشپەڕدا، دانیشتوانی شار لە ماڵەکانیان‌دا بمێننەوەو ڕوو لە بازاڕ نەکەن‌و خەڵکی دێهاتیش لە چوون بۆ شار خۆ بپارێزن.

٢- بە هەر شێوەیەک بۆتان دەگونجێ لەچوارچێوەی بنەماڵەو لە کۆڕو کۆمەڵی دۆستانەو خۆمانەدا، یادی د.قاسملووی شەهید بەرز ڕابگرن، سەردانی بنەماڵەی شەهیدان‌و بەندییە سیاسییەکان بکەن. شوێنی ژیانتان بە ئاڵای کوردستان‌و دروشم‌و شێعرو سروودی حەماسی برازێننەوە، بێزاریی خۆتان لە تیرۆریزم‌و سەرکوت وەک ماکەی سەرەکیی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی، دووپات بکەنەوە.

٣- لە کاتژمێر١٠ی شەوی ٢٢ لە سەر ٢٣ی پووشپەڕ، لە بیرەوەریی ساتەوەختی دەسرێژی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی لە گیانی د.قاسملووی نەمر، چرای ماڵەکانتان بۆ ماوەی ٣ دەقیقە بکوژێننەوە.

٤- لە ئێستاوە خۆتان بۆ هەرچی باشتر یادکردنەوەی شەهیدبوونی د.قاسملوو ئامادە بکەن‌و هەوڵ بدەن ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕ بە نیشاندانی نارەزایەتی دەربڕینێکی هێمنانە، یەکگرتوانەو سەرانسەریی دیارو بەرچاو، بە کۆماری ئیسلامی بسەلمێننەوە کە قاسملوو لە بیر و ڕێبازی نەتەوەکەی‌دا هەر زیندووە.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**کۆمیسیۆنی تەشکیلات**
**١١ی پووشپەڕی ١٣٩٣**
**٢ی ژوئیەی ٢٠١٤**

# بەشداری کۆمیتەی سوئیسی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕۆژی حیزبی سوسیالیستی سوئیس‌دا

هەیئەتێکی کۆمیتەی سوئیسی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕۆژی حیزبی سوسیالیستی سوئیس‌دا بەشداری کرد.

ڕۆژی شەممە، ٢٨ی ژوئەنی ٢٠١٤ حیزبی سوسیالیستی سوئیس کۆبوونەوەیەکی بەرفراوانیان لە ئەندامانی پلەبەرزی حیزبەکەیان بە بەشداریی چەندین حیزب‌و ڕێکخراوی سوئیسی‌و بیانی لە ژێر ناوی ڕۆژی حیزبی سۆسیالیستی سوئیس پێک هێنا.

لە کۆبوونەوەیەدا چەندین کەسایەتی پلەبەرزی حیزبی‌و حکوومەتی، یەک لەوان کریستیان لەڤرات، سکرتێری گشتیی حزبی سوسیالیست، خاتو سیمۆنیتا سۆماروگا، وەزیری دەرەوەو ، ئالاین بەرستە، وەزیر نێوخۆی ئەو وڵاتە لە سەر چەندین تەوەری گرنگی نێوخۆی سوئیس‌و جیهان ئاخاڤتن.

لە درێژەی ئەم کۆبوونەوەیەدا چەندین هەڵبژاردنی نێوخۆیی حیزبی بەڕێوەبرد کە گرنگترینیان هەڵبژاردنەوەی کریستیان لەڤرات بوو وەک سکرتێری ئەم حیزبە.



جێگەی ئاماژەیە لە سەر بانگهێشتنی ڕەسمیی حیزبی سوسیالیستی سوئیس، هەیئەتێکی کۆمیتەی سوئیسی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهاتوو لە زاهید شاعیری، بەرپرسی کۆمیتە، کاک ئەحمەد ڕەسوڵی ئەندامی چالاکی حیزب‌و دلۆڤان شاعیری دۆستی حیزب بەشداری ئەم کۆبوونەوەیە بوون.

# بیری لێنین و باخەکانی سەمەرقەند : گەشتێک بەنێو کتێبخانەکەی دوکتور قاسملوودا

## (بەشی یەکەم)



ئاسۆی حەسەن زادە

«...ئەمن زۆر هۆگری خوێندنەوەم. هەموو گۆڤارەکان، رۆژنامە خاریجی و ئێرانی‌یەکان لە کوردستان دەخوێنمەوە و زۆریش هۆگری خوێندنەوەی رۆمان و کتێبە زانستیەکانم. بەڵام شێعرم زۆر خۆش دەوێ. لە کوردستان شەوی شێعر پێک دێنین و منیش شێعر دەخوێنمەوە. هۆگرییەکی یەکجار زۆرم بە شێعری کلاسیکی ئێران هەیە، بۆ نموونە حافز و سەعدی و خەییام و بابا تاهیری عوریان و فیردەوسی. هەروەها بە شێعری کلاسیکی کوردی بەتایبەتی گۆران کە شاعیری سەدەی بیستەمی کوردستانە و ئەحمەدی خانی کە شاعیری کلاسیکی کوردە. لە شاعیرە نوێیەکان نادر نادرپوور و ئەحمەدی شاملووم بەدڵن و دیوانەکانیانم هەیە. پەروینی ئیعتیسامییشم زۆر خۆش دەوێ و هەست دەکەم شێعرەکانی زۆر لە ژیانی ئێستای من نزیکن.» (دوکتور قاسملوو)

***


فرانسوا مۆریاک، ئەندامی ئەکادیمیی فەڕانسە و خەڵاتی نۆبێلی ئەدەبیات، دەیگوت «پێم بڵێ چ دەخوێنیەوە تا پێت بڵێم کێی، بەڵام باشترت دەناسم ئەگەر پێم بڵێی چ شتێک لەسەرڕا دەخوێنیەوە».

ناسین و تێگەیشتن لە جەوهەر و ناخی کەسایەتی و بیروباوەڕی مرۆڤە گەورەکان تەنیا بە پشتبەستن بە ریوایەتی رەسمیی ژیانیان و وتە و کردەوەی ئاشکرایان نایەتەدی. بەڵکوو دنیا و دیکۆری نێو ژیانی تایبەتیی ئەوان و هەڵسوکەوتیان لەو بەستێنەشدا سەرچاوەیەکی هەرە بەنرخی ئەم دەرک و بەدواداچوونەیە. رەهەندێکی گرینگی ئەم دیوە کەمتر دیارەی ژیانی کەسایەتییەکان – بەتایبەتی هی رێبەرانی سیاسی- بواری خوێندنەوە و موتاڵایە کە بە سەرنجپێدان و لێوردبوونەوەی دەکرێ بە بوارەکانی سەرنج و هۆگریی کەسایەتییەکە ئاشنا بین و تا ڕادەیەک بۆمان دەربکەوێ کە لەژێر کاریگەریی کامە بەرهەمە فیکری و ئەدەبی و کامە تێز و لێکۆڵینەوانەدا (تەنانەت ئەگەر لە ئەنجامی رەتکردنەوەشیاندا بووبێ) دەزگای هزر و روانین و شێوازی ئاخاوتن و دەربڕینی کەسایەتییەکە بیچم و نێوەرۆکی وەرگرتووە.

یەک دوو ساڵە لە بەرە بەری ساڵڕۆژی شەهید بوونی دوکتور قاسملوودا ئەو بیرە و ئەو پرسیارە لە مێشکم دا کەڵکەڵە دەکا کە – هەروەک چۆن گەلانی تری جیهان بۆ سەروەران و سەردارانی خۆیانی دەکەن- ئایا ئێمەش دەتوانین چی بکەین بۆ ئەوەی ئەو شتانەی ئەو رێبەرە مەزنە لەدوای خۆی بە یادگار بۆ گەلەکەی بەجێ هێشتوون (لە کتێب و نامە و دەستنووس و فایلە دەنگی و رەنگییەکانی ڕا بگرە هەتا ئەلبۆم و جلوبەرگ و کەلوپەلە تایبەتییەکانی) بە چەشنێک وەسەریەک بخەینەوە کە لە مەترسیی ژاکان و فەوتان رزگاریان بێ و لە هەلومەرجی لەباردا moوزەیەکیان (بۆ نموونە لە «ئاخرین ماڵی ژیانی» لە قەندیل) لێ دروست بکەین کە هەم ببێتە زیارەتگایەک بۆ هۆگران و ئەویندارانی بیروباوەڕ و رێبازەکەی و هەم ئەرشیڤێکی زیندوو بۆ بەردەستی مێژوونووس و لێکۆڵەرانی مەسەلەی کورد. بەشی هەرە زۆری ئەم کەلوپەلە تایبەتییانە لە دەرەوەی وڵاتە (هێندێکیانم لە پاریس دیوە و دڵنیا نیم زۆر باش راگیرابن)، بەشی کەمتریشی لە کوردستانە کە ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر کتێبەکانی، لەنێو کتێبخانەیەکی بچووکدا و بە چەشنێک کە شیاوی ئەو یادگارە بەنرخانەیە، لە ژووری کۆبوونەوەکانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان‌دا راگیراون.

لە بیست و پێنج ساڵەی شەهید بوونی دوکتور قاسملوودا، ئیزنیان پێ دام و ئیزنم بە خۆم دا دەرگای ئەو کتێبخانەیە بکەمەوە و دەست بۆ کتێبەکان بەرم. ساتەکانی دەسپێکی ئەو سەردانە بۆ من پڕ بوو لە هەژان. ئەگەرچی زۆر لەگەڵ تەقەدوسگەرایی نیم، بەڵام بەڕاستی وەک ئەوە وا بوو دەست بۆ کەرەسەیەکی پیرۆز ببەم و پێ بنێمە نێو دیار و دەڤەرێکی ئەفسانەیی، مەملەکەتێک کە لەودا هەستم نەدەکرد میوانێکی نەخوازراوم، بەڵام هەستم بە بچووکی دەکرد. کتێبەکان بۆنی دوکتور قاسملوویان لێ دەهات، هەر ئەو کتێبانە بوون کە لە ساڵانی سەختی خەباتی شاخدا، بەدەم هاڕەی تەیارەی دوژمن و هاژەی تاقگەکانی کوردستانەوە، لەنێو چادر و لەژێر کەپرەکاندا، هاوڕێ و هاودەمی کاتە بە نودرەت ئازاد و ئارامەکانی بوون. دەتگوت گەلەریی مێژوون، رەنگی تێپەڕینی رۆژگاریان گرتبوو و دیار بوو سێبەری سەدە و هەزارەیەکی نوێیان بەسەردا کشاوە. پڕ بوون لە سەرەقەڵەمی خۆی و دەسخەتی ئەو نووسەرانەی کتێبەکانیان پێشکەش کردبوو. «تاریکستانی ئەشباح» نەبوو ئەو کتێبخانەیە، چراخانی ئەڕواحی گەش و رووناک بوو.

یەکەم کتێب کە سەرنجی راکێشام کتێبێکی ئینگلیسی بوو سەبارەت بە خودی هونەری کتێبخانەداری کە کۆمەڵێک وتاری ڤیلادیمیر ئیلیچ لێنین-ی سەبارەت بە گرینگیی پەرەپێدان بە فەرهەنگی کتێب خوێندنەوە و سیستمی رێکخستنی کتێبخانەکان لە یەکێتیی سۆڤییەت لە خۆ گرتبوو. دەمودەست کەوتمەوە یادی ئەو بەیانییە بەهارییەی قەندیل کاتێک دوکتور قاسملوو لە ماڵی عەبدوڵڵای حەسەن زادە چاوی لە کتێبخانەکەی ناوبراو دەکرد و حەسەن زادە بە ئیشارە بە من گوتی «ئەوەش کتێبخانەدارەکەمە!». دوکتور قاسملووش لە وڵامدا گوتی: «کتێبخانەداری عیلمە!». ئەوکاتە بۆم پرسیار بوو کە چۆن دەکرێ کارێکی «سادە»ی وەک کتێبخانەداری عیلم بێ و نەمدەزانی لە دنیای پێشکەوتوودا کتێبخانەداری یەکێک لە دیسیپلینە ئەکادیمی و زانستییەکانە.





گەشتێک بەنێو کتێبخانەکەی دوکتور قاسملوودا وێستگە یەک لەدوای یەکەکانی ژیان و خەباتی ئەومان بیر دەخاتەوە و زۆر شتی تازەمان لەبارەی کەسایەتی و بیروباوەڕی ئەو پیاوە سیاسییە کە کتێب خوێنەوەیەکی بەبڕشتیش بوو فێر دەکا. هەڵوەستەی ورد و وەردبوونەوەی بەلەباریی کتێبەکان کۆمەڵێک نیشانەمان سەبارەت بە رەگ و ریشەی بیرۆکەکانی قاسملوو، و بە هەوێنی خەون و خولیا و نیگەرانی و هیواکانی دەخاتە دەست. نیشانەگەلێک کە بۆ ئەوە دەبن لەگەڵ زانیارییەکانی دیکەی پێوەندیدار بە رابردوو و روانگەکانی قاسملوو لە تەنیشت یەک دابنرێن و لە ساغکردنەوەی پازڵی دیاردەی قاسملوودا کەڵکیان لێ وەربگیرێ.

دیارە ئەم کەڵک وەرگرتنە پێویستە زۆر بەپارێزەوە ئەنجام بدرێ چونکە هەرچەشنە ئاکامگیرییەکی رەها لەبارەی کاریگەریی تەک تەکی کتێبەکانی نێو ئەم کتێبخانەیە لەسەر دوکتور قاسملوو لەجیاتی ئەوەی شوێنهەڵگر بێ دەتوانێ شوێنونکەر بێ و بە هەڵەمان دا ببا، بەتایبەتی ئەگەر ئەوەمان لەبەرچاو بێ کە دوکتور قاسملوو رێبەر و سیاسەتمەدارێکی کردەوەگەرا و واقیعیەت بین و خاوەن خوێندنەوەی تایبەت بەخۆی لە رووداو و دیاردەکان بوو و قەت نەدەچووە ژێر باری گوتاری زاڵ و خانەبەندییە تیئۆرییە پێشتر داڕێژراوەکان.

تەنانەت بڕیاردان لەسەر ئەوە کە هەموو کتێبەکان مسۆگەر هەڵبژاردەی خۆی یا جێگای سەرنج و هۆگری خۆی بووبن، هەمیشە کارێکی ئاسان نیە. خاڵێکی سەرنجراکێش و هەژێنەر سەبارەت بە ساغکردنەوەی پێوەندیی دوکتور قاسملوو لەگەڵ ئەو کتێبانە ئەوەیە کە لەبەر ئەوەی دوکتور سادقی شەرەفکەندی جێگرەوە و لەڕووی سیاسی و حیزبییەوە میراتگری دوکتور قاسملوو بوو، بەوێنەی سەفەری ژیان و خەبات و گۆڕغەریبیی پێرلاشێزیان، کتێبەکانی نێو کتێبخانەکانیشیان دەستلەملانی یەکتر بوون و زۆر جار دەبینین کە کتێبێکی ئەمیان لە نێو کتێبخانەکەی ئەویاندا ئارامی گرتووە و نەگەڕاوەتەوە شوێنی خۆی. هەروەها هەژێنەرە کە جار جارە لەو کتێبخانەیەدا تووشی کتێبی وا دەبین کە لەپاش مەرگی دوکتور قاسملوو و لەپێوەندی لەگەڵ ئۆدیسەی ژیانی قاسملوودا نووسراون، وەک بۆ نموونە نامیلکەی فەڕانسەیی «دوکتور قاسملوو، پیاوی ئاشتی و دیالۆگ» یا نوسخەی ئیسپانیۆلیی کتێبەکەی کارۆل پرۆنهووبێر، بەناوی «خولیا و مەرگی رەحمانی کورد».

سەبارەت بە کتێبەکانی دوکتور قاسملوو و ئامرازی دەستنیشانکردنی رادەی گرینگیان هێندێک نیشانە هەن کە دەتوانن یارمەتیدەر بن. بەشێک لە بەرهەمەکان رێچکە و شوێنەواریان بە ڕوونی لە قسەکانی دوکتور قاسملوودا وەبەرچاو دەکەوێ، لە نووسینەکانیدا بۆخۆی راستەوخۆ وەک سەرچاو کەڵکی لێ وەرگرتوون، یا لە کۆڕی دۆستان و هاوڕێیانیدا زۆر جار ئاماژەی پێ دەکردن. پێوەندیی نێوان کتێبەکان و دوکتور قاسملوو و کاریگەرییان لەسەر بیر و خەیاڵی، بێگومان لەو حاڵەتانەشدا ئاسانتر دەدۆزرێتەوە کە لەلایەن نووسەرەکانەوە پێشکەشی کراون یان قەددیان شکاوە و جار جارە و لێر و لەوێ سەرەقەڵەمێکی دوکتور قاسملوویان تێدا بەجێ ماوە. زۆر لە کتێبەکان لەسەر بنەمای تێگەیشتنێک کە دۆستانی دوکتور قاسملوو بەتایبەتی دۆستە بێگانەکانی لە بوارەکانی مەوردی عەلاقەی دوکتور قاسملوو بوویانە، بۆ وی نێردراون. لەنێو هەموو کتێبەکانیشدا بەنرخترینیان لەڕووی بایەخی عاتیفی و مێژوویی‌یەوە ئەوانەن کە وەختی خۆی دوکتور قاسملوو بۆخۆی دابین و نیشانەی کردوون. ئەو عادەتی بوو لە لاپەڕەی پێش کۆتایی ئەو کتێبانەدا کە بۆی گرینگ بوون و هی خودی خۆی بوون بە لاتینی و بە خەتێک کە کەمێک وەک خەتی تەبیبەکان دەچێ دەینووسی «رەحمان»، خەتێکی بەژێردا دەکێشا و لەخوارەوەی ئەو خەتەش رێکەوتی رۆژەکەی دەنووسی.




لەگەڵ ئەوەدا کە بەهۆی هەلومەرجی سەختی خەبات و راگوێزرانی بەردەوامی بنکەی سەرکردایەتیی حیزب و دژواریی دەستڕاگەیشتن بە کتێب و سەرچاوەکان لەو سەردەمەدا، ژمارەی سەرجەم کتێبەکان زۆر نیە (کەمتر لە پێنج سەت جلد کتێب)، هەر لە یەکەم روانیندا دەوڵەمەندیی کتێبخانەکە چ لەڕووی زمان و کات و شوێنی چاپی کتێبەکان و چ لەڕووی جۆراوجۆریی بوار و بابەتەکانەوە سەرنج رادەکێشێ. بەڵام مەسەلەیەکی گرینگ کە لە هەڵسەنگاندنی ئەو کتێبخانەیەدا دەبێ لەبەرچاوی بگرین ئەوەیە کە ئەو کتێبخانەیە تەعبیر نەک لە هەموو ژیانی فیکریی دوکتور قاسملوو، بەڵکوو تەنیا تەعبیر لە دە ساڵی کۆتایی ژیانی دەکا، ئەگەرچی زۆر کتێبیشی تێدان (بەتایبەتی لەبواری مێژوویی و هزریدا) کە پاش شەڕی دووەمی جیهانی چاپ کراون یان لە شەستەکانی زایینیدا ئەودەم کە دوکتور قاسملوو لە پراگ دەژیا یا لە حەفتاکاندا کاتێک لە پاریس بوو، دابینی کردوون. چاوخشاندنێک بەو کتێبە دێرینانەی دوکتور قاسملوو لەگەڵ خۆی هێناونیەوە کوردستان و بەگشتی بەسەرجەم کتێبەکان، دوو ئاکامگیریی مانابەخشمان لەبواری ئامارگیری و پۆلێنی کتێبەکاندا دەداتە دەست :

یەکەم، لەگەڵ ئەوەدا کە دوکتور قاسملوو بە پلەی جیاواز شارەزای نزیک بە دە زمانی زیندووی جیهانی بەتایبەتی رووسی و زمانە سلاڤەکان بوو، زیاتر لە حەفتا لە سەدی کتێبەکانی بە زمانی فەڕانسەیین. سەرنجڕاکێشە کە بزانین تەنانەت کتێبەکانی پێوەندیدار بە مارکسیسزم-لێنینیزمیش کە دوکتور قاسملوو لە گەنجێتیدا بۆخۆی دابین کردوون و رایگرتوون، زۆربەیان بە زمانی فەڕەنسیین. لەنێو زمانەکانی دیکەدا کوردی و فارسی بە پلەی دووەم، زمانە سلاڤەکان بە پلەی سێهەم، ئینگلیزی بە پلەی چوارەم، عەرەبی و ئاڵمانی بە پلەی پێنجەم دێن و تاق و لۆقیش کتێب بە زمانی تورکی وەبەرچاو دەکەوێ. هۆی باڵادەستیی زمانی فەڕانسەیی لەم کتێبخانەیەدا تەنیا بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە لەو ساڵانەدا کە ئەو کتێبخانەیە شکڵی گرتووە زۆربەی ئەو بیانییانەی چ بەمەبەستی رۆژنامەوانی و چ بەتایبەتی بۆ یارمەتیدانی پزیشکی و ئینسانی سەردانی کوردستانیان کردووە فەڕانسەیی بوون یا ئەوە کە فەڕانسە وێستگەی یەکەم و سەرەکیی سەفەرەکانی دوکتور قاسملوو بۆ دەرەوەی وڵات بوو. بەڵکوو ئەو مەسەلەیە پێش هەموو شتێک بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەر لە بنەڕەت ڕا زمانی فەڕانسەیی لە دنیای مەعریفیی دوکتور قاسملوودا جێگەی یەکەم یا هەر نەبێ ریزی یەکەمی هەبوو. کاریگەریی زمانی فەڕانسەیی بەسەر زمانی بیرکردنەوە و ئاخاوتنی دوکتور قاسملووەوە تەنانەت ئەو کاتەی بە کوردی یا بە فارسیش قسەی دەکرد بە ڕوونی دیار بوو، ئەگەرچی ئەو کاریگەرییە نەدەگەیشتە رادەی کاریگەریی هەمان زمان لەسەر میکانیزمی بیر و دەربڕینی دوکتور شەرەفکەندی و زانستی کەلامی دوکتور قاسملوو شوێنەواری رەوانبێژییانەی زیاتر لە زمانێکی سەرەکیی پێوە دیار بوو.

دووەم، لەگەڵ ئەوەدا کە بواری پسپۆڕیی ئەکادیمیی دوکتور قاسملوو ئابووری بوو، بە تاق و لۆق کتێبێک لەو کتێبخانەیەدا هەڵدەکەوێ کە پێوەندیی بە زانستی ئابوورییەوە هەبێ ( بۆ نموونە یەک لەو تەنیا دوو کتێبە تورکییەی باسی ئابووریی کوردستانی تورکیە دەکا یان چاپی تورکیی نامیلکەیەکی خۆی سەبارەت بە کوردستانی ئێران کە بە یادداشت و سەرەقەڵەمەکانی نێوەوەی ڕا دیارە دوکتور قاسملوو زۆر لە چاپ و وەرگێڕانەکە رازی نیە). لەلایەکی دیکەوە، ئەگەرچی دوکتور قاسملوو لەڕووی تیئۆری و فەلسەفەی سیاسییەوە هۆگر و هەڵگری چەمکە هزرییەکان بەتایبەتی لە مەکتەبی مارکسیستیدا بوو، کەچی کتێبە فیکری و ئیدئۆلۆژیکەکان کەمترین جێگەیان لەو کتێبخانەیەدا بەنسیب بووە و بە پەنجەکانی دوو دەست دەژمێردرێن.

زۆربەی هەرە زۆری کتێبەکان پێوەندییان بە مەسایلی ژیئۆپۆلیتیک و سیاسەتی دەرەوە و ململانەی زلهێزەکان و کێشەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستەوە هەیە. کەموکوڕییەکانی سۆسیالیزمی مەوجوود و پێویستیی ریفۆرم، ئەحزابی چەپی دنیا و سۆسیال دێموکڕاسی، مێژووی جیهان بەتایبەتی ئینقلابەکان، بیۆگرافی و بیرەوەرییەکانی سیاسەتمەدارانی ناسراو، کێشە و پێوەندییەکانی جیهانی سێهەم، رۆژهەڵاتناسی و مێژووی ئێران، کوردۆلۆژی، مافی مرۆڤ، تێرۆریزم، خەباتی پارتیزانی و تاکتیکە نیزامییەکان بوارەکانی دیکەی کتێبەکانی نێو ئەم کتێبخانەیە پێک دێنن. بێگومان لەو کتێبخانەیەدا ژمارەیەکی زۆر کتێب و بەرهەمی ئەدەبیش (چ لەبواری رۆمان و شێعری بێگانە بەتایبەتی فەڕەنسی و چ لەپێوەندی لەگەڵ زمان و ئەدەبیاتی کوردی‌دا) وەبەرچاو دەکەون. هەروەها سەرنجڕاکێشە کە بزانین لە تەواوی ئەو کتێبخانەیەدا تەنیا یەک دانە کتێب لەپێوەندی لەگەڵ ئایین و ئایین‌ناسی‌دا هەیە کە ئەویش پێوەندیی بە تیئۆلۆژیی رزگاریی مرۆڤەوە هەیە.

هەمووی ئەمە بە مانای بێمەیلی و گرینگینەدانی چیدیکەی دوکتور قاسملوو بە پسپۆڕییە ئەکادیمییەکەی خۆی و بەگشتی بە بواری فیکر و تیئۆری نیە. بەڵکوو مانای ئەوەیە کە کتێبخانەکەی ساڵانی دوایی ژیانی دوکتور قاسملوو رەنگدانەوەی هەلومەرجی سیاسیی ئەوکات و پێویستییە مەعریفییەکانی ئەو لەو سەردەمەدا بووە. ئەو کتێبخانەیە کتێبخانەی عەمەلیی سیاسەتمەدارێکی عەمەلگەرایە کە لەو دوایین قۆناغەی ژیان و خەباتیدا کە قۆناغی هەرە پڕشنگدار و درەوشاوەی بوو، ئەوەندەی سەرنجی دەدایە پرسەکانی بواری سیاسەتی واقیعی و خەباتی بەکردەوە، ئەوەندە خۆی بە بابەتە سیرفەن فیکری و تیئۆرییەکانەوە خەریک نەدەکرد



**ئەو کتێبخانەیە کتێبخانەی عەمەلیی سیاسەتمەدارێکی عەمەلگەرایە کە لەو دوایین قۆناغەی ژیان و خەباتیدا کە قۆناغی هەرە پڕشنگدار و درەوشاوەی بوو، ئەوەندەی سەرنجی دەدایە پرسەکانی بواری سیاسەتی واقیعی و خەباتی بەکردەوە، ئەوەندە خۆی بە بابەتە سیرفەن فیکری و تیئۆرییەکانەوە خەریک نەدەکرد**

# وڵاتێک بە ناوی عێراقو ئەگەرەکانی داهاتووی ئەم وڵاتە



مەسعوود ڕەواندووست

ئەو وڵاتەی دوای شەڕی دووەمی جیهانیو شکستی ئیمپراتۆریی عوسمانی لە لایەن بریتانیاو فەرانسەوە دروستکراو نەخشە سیاسییەکەی دیاریکرا، بە پێکەوە لکاندنی زۆرەملیو ناڕازی سێ پێکهاتەی جیاوازی کوردو عەرەبی سوننەو عەرەبی شیعە هەتا ئەمڕۆ ڕووی ئارامیو تەناهیی بەخۆیەوە نەدیوە. هەمیشە یەکێک لەم پێکهاتانە خۆی بە خاوەنی عێراق زانیوەو ئەوانی دیکەی چەوساندۆتەوە. هەر ئەوە وایکردوە هیچکام لەم پێکهاتانە ئەم وڵاتە بە هی خۆیان نەزاننو مێژووی زیاتر لە ٩٠ ساڵەی ئەم وڵاتە پڕبووە لە شەڕو ململانێو کودیتاو ...

دوای ڕووخانی ڕێژیمی بەعس لە لایەن ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لە ساڵی ٢٠٠٣دا دەرفەتێک پێکهات کە هەموو پێکهاتەکانی عێراق بە شیعەو سوننەو کوردەوە بۆ یەکەم جار لە دروست کردنەوەی حکوومەتو دارشتنەوەی یاسای بنەڕەتیی وڵاتدا لێک کۆببنەوەو هەوڵ بدەن وڵاتێکی ئازاد دابمەزرێنن کە هی هەمووان بێ. گەلی کورد لە عێراق وەک بەشێک لە نەتەوەی کورد کە لە دوای ساڵی ٩٠ەوە لە باشووری کوردستان ئەزموونی ئیدارەو بەڕێوەبەریی بەشێک لە وڵاتی خۆی هەبوو، لە پرۆسەی بنیاتنانەوەی عێراقدا دەرویێکی کاراو بەرچاوی گێڕاو توانی لە یاسای عێراقدا سیستەمی فیدرالی بۆ ئیدارەی وڵات بچەسپێنێ. بەڵام دوای دەسبەکاربوونی دەوڵەتی تازە کە دەوڵەتێکی شیعەی زۆر نزیک لە ڕێژیمی ئێران بووو دوای دامەزراندنەوەی سپاو دامەزراوەکانی حکوومەت، دەوڵەتی نوێ بە سەرۆکایەتیی نووری مالکی هەمان ڕێچکەی دەوڵەتەکانی پێشووی عێراقی گرتەوەبەرو دەستیکرد بە پەراوێزخستنی لایەنەکانی دیکە. سیاسەتەکانی مالکی وایکرد لە ماوەی دە ساڵدا لە هەموو عێراق، جگە لە بەشی باشووری کوردستان کە لە لایەن کوردەکانەوە ئیدارە دەکرێ، جگە لە هەڵاواردنو وێرانیو گەندەڵی هیچ کارێکی جیدی بۆ ئاوەدانکردنەوەی عێراق نەکرێ.

وەلانانی سوننەکان لە دەسەڵاتو پەراوێزخستنیانو پێشێل کردنی یاساو پشتگوێ خستنی مادەی ١٤٠ی یاسای بنەڕەتیو زۆر برگەو مادەی دیکەی یاساو، ئیدارەو هەڵسوکەوتی تاکڕەوانەو بە پێی حەزو بەرژەوەندی مالکیو تاقمی دەوروبەری بووە هۆی دروست بوونی نارەزایەتییەکی زۆر لە نێو هەموو پێکهاتەکانی عێراق بە سوننەو کوردو تەنانەت بەشێک لە لایەنە شیعەکانیشەوە.

دوای سەرهەڵدانی گرژیو نائارامییەکان لە ناوچەو بە تایبەت لە سووریەداو پەیدا بوونی چەندین گرووپی ئیسلامیی جیهادی لە ناوچەکەو دەستتێوەردانی وڵاتانی دیکەو بە تایبەت ئێران وەک بەرەی شیعە بۆ پاراستنی ڕێژیمی بەعسی سووریەو پاڵپشتی لە گرووپە تیرۆریستەکان لە ناوچە بۆ لە مەترسی خستنی بەرژەوەندەکانی ڕۆژئاواو مانۆڕو مەیدانداریەکانی سپاسی قودسی ئێران لە ناوچە وەک هێزێکی بێ ڕکەبەر بۆ پاراستنی بەرژەوەندی بەرەی شیعەو هاوپەیمانەکانی خۆیو وەزاڵەهێنانی سوننەکانی عێراقو تەحریکی وڵاتانی سوننەی ناوچەو، هاوکات بەزاندنی سنوورەکانی سەرەڕۆییو تاکڕەویی دەسەڵاتی زاڵ بەسەر عێراقداو بە لوتکە گەیشتنی نارەزایەتییەکان لە سیاسەتەکانی حکوومەتی ناوەندی، بەرەی سوننەو پاشماوەکانی ڕێژیمی پێشووی لە ناوچە سوننەنشینەکان خستە بەرەیەکەوەو پێکەوە کەوتنە خۆڕێکخستنو دژایەتیو پاشەکشەکردن بە دەسەڵاتی مالکی.

کاتێک لە دواساتەکانی ڕۆژی ٩ی ژوئەن هێزە چەکدارەکانی داعش (دەوڵەتی ئیسلامیی عێراقو شام) لە ماوەیەکی کەمدا دەستیان بەسەر شاری گرنگی موسڵدا گرتو سپا ٦٠ هەزار کەسییەکەی عێراق لە چەند کاتژمێردا تەسلیم بوون، یەکەم تەقینەوەی گەورە لەو عەنبارە باڕووتەدا دەستی پێکرد کە بەهۆی تاکڕەویو سەرەڕۆییەکانی حکوومەتی ناوەندیی عێراق دروست ببوو.

هێرشەکانی هێزە چەکدارەکانی داعش کە پێکهاتبوون لە چەند گرووپی ئیسلامیی سوننەو پاشماوەکانی ڕێژیمی پێشوو، خێرا ناوچەیەکی زۆری لە خاکی عێراق گرتەوەو سەرەڕای ئەوەی بەغداو تارانو چەند وڵاتێکی دیکە ئەو هێزەیان بە ترۆریست ناوبرد بەڵام لە لایەن خەڵکی ناوچە سوننەنشینەکانەوە پێشوازییان لێکراو هاوکارییان کردن. ئەوە بووە هۆی ئەوەی ئەمریکاش کە بە سیاسەتە هەڵەکانی دەوڵەتی ئۆباما بەشێک لە بەرپرسیارێتیی ئەم دۆخەی دەکەوێتەی ئەستۆ، زۆر بە ئیحتیاتەوە لەگەڵ مەسەلەکە هەڵسوکەوت بکاو سەرەڕای داوای مالکی ئامادە نەبوو هێزی چەکدار بنێرێتە بەرەی شەڕ.

ئێستا دوای سێ حەوتوو لە هێرشەکەی داعشو ڕاپەڕینەکەی سوننەکان لەدژی دەسەڵاتی شیعەی بەغدا، هێزە چەکدارەکانی سوننە ناوچەیەکی بەرینی خاکی عێراقیان بە دەستەوەیەو خۆیان بۆ هێرش کردنە سەر بەغدا ئامادە دەکەن.

سپای عێراق بە کردەوە هەڵوەشاوەتەوەو، ئەو سپایەی بە دەیان ملیارد دۆلاری بۆ ڕاهێنانو پڕچەک کردنی خەرج کرا لەبەر سیاسەتی غەڵەتو فیرقەیی دەوڵەتی ناوەندیو گەندەڵیی لە ڕادەبەدەر توانای پاراستنی وڵاتی نیە. سوننەکان داوای پێکهێنانی هەرێمو دەسەڵاتی خۆیان دەکەینو هیواو متمانەیان بە دەسەڵاتی مالیکی نەماوە.

لە لایەکی دیکەوە دوابەدای تەسلیم بوونو هەڵاتنی سپای عێراق، هێزی پێشمەرگەی کوردستان ناوچە دابڕاوەکانی خاکی کوردستانی کۆنترۆڵ کردۆتەوەو ئێستا هەموو بەشەکانی خاکی کوردستان لەبەردەستی هێزی پێشمەرگەدایە.

کورد کە لە ماوەی زیاتر لە بیست ساڵی ڕابردوودا ئیدارەی باشووری کوردستانی کردوە توانیویەتی ئاوەدانیو سەقامگیرییەکی کەم وێنە لە ناوچەکەدا پێکبێنێ کە متمانەی زۆربەی وڵاتانی جیهانی وەدەستهێناوەو ئێستا دەرفەتەکە بە گونجاو دەزانێ کە هەنگاوی جیددیو خێراتر هەڵێنێتەوە بۆ وەدیهێنانی خەونی لەمێژینەی کوردانو دامەزراندنی وڵاتی سەربەخۆی کوردستان.

کورد لە یازدە ساڵی ڕابردوودا هەموو هەوڵی خۆیدا بۆ ئەوەی بتوانێ حکوومەتی ناوەندی ناچار بکا ڕێز لە یاسا بگرێو وڵاتێکی دیموکراتیکی گشتگیر دابمەزرێنێ. بەڵام سەرکێشیو سەرەڕۆییەکانی بەغدا وایکرد کە هیچ ڕێگەیەک بۆ کوردو لایەنەکانی دیکە نەمێنێتەوە.

ئێستا بریتانیاو بە تایبەت ئەمریکا کە هەڵوەشانەوەی عێراق بە شکستی یەکجارەکیی سیاسەتەکانیان لە ناوچەکەدا دەزانن بە پاساوی ئەوەی عێراقێکی یەکپارچە بەهێزترە، داوا لە هەموو لایەنەکان دەکەن کە حکوومەتێکی گشتگیر بە بەشداریی هەمووان پێک بێنن. بەڵام هەڵسوکەوتی تا ئێستای مالکیو سەرانی حیزبەکەی بە تایبەت شکستی یەکەم دانیشتنی پارلمانی عێراقو هەڵسوکەوتیان لەگەڵ نوێنەرانی کورد هیواکان بە گەیشتن بە ڕێککەوتنو یەکڕیزییەکی نیشتمانیی ڕاستەقینە کە بتوانێ عێراق لە پارچەپارچە بوون ڕزگار بکا، زۆر کەم دەکاتەوە.

لە لایەکی دیکەشەوە کورد سوورە لەسەر ئەوەی لە مافی ڕەوای خۆی بۆ دیاریکردنی چارەنووسو وەدەستهێنانی سەربەخۆیی خۆش نەبێو هەوڵەکانی سەرکردایەتیی کوردو پشتیوانیی زۆر لە وڵاتانی ناوچەو ئورووپا بۆ سەربەخۆیی کوردستان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە کاتی ئەوە هاتووە کورد مەسیری خۆی لە عێراق جیا بکاتەوەو ئەو وڵاتە بەجێبهێڵێ کە سەردەمانێک بە زۆرو بێ ڕەزایەتی خۆی پێیانەوە لکاندوە.

ئێستا بە وەبەرچاوگرتنی ئەوەی گوتراو بە لێکدانەوەی نفووزو دەسەڵاتی وڵاتانی دەرەکیو بە تایبەت ئێرانو بە وەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییەکانیان لە عێراقو سیاسەتو هەڵسوکەوتی ئیحتمالییان لەگەڵ دەوڵەتێکی کوردی لە باکووری عێراق، دوو ئەگەر لە هەمووان بەهێزترن: یەک ئەوەیکە بە داوای ئێرانو بەخۆداچوونەوەی بەرپرسانی شیعە لە عێراق، واز لە سەرەڕۆیی بێننو ڕێگە بدەن دەوڵەتێکی گشتگیر پێک بێو هەموو لایەک لە دەسەڵاتو سەروەتو سامانی وڵاتدا شەریک بن کە لەم حاڵەتەشدا ئیتر کوردو هاوسەنگیی هێز لە نێوان کوردو عەرەبدا وەک پێشوو نەماوەو کورد داواکاریی زیاتری دەبێ کە سیستمێکی کۆنفیدرالی دەتوانێ حاڵەتێکی بێ. دووەم ئەوەکە هەروەک تا ئێستا کردوویانە حکوومەتی ناوەند دەست لە سەرەڕۆیی هەڵنەگرێو مل بۆ داواکانی لایەنەکانی دیکە ڕانەکێشێ کە ئەوکات ئەگەری دابەشبوونی عێراق زۆر زیاتر دەبێ. دیارە لە پێوەندیی لەگەڵ کوردستاندا، لە هەردووکی ئەم حاڵەتانەدا ئەوەی بڕیاری کۆتایی دەدا خەڵکی کوردستانە کە دەبێ بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی بداو داهاتووی خۆیو وڵاتی عێراق بە دابەشبوون یان پێکەوەمانەوە دیاری بکا.



دریژەی: هەواڵ و ڕاپۆرت

## کۆبوونەوەی بەشێک لە ئەندامانی کومیتەی سوئێدی حیزبی دێموکڕات لەگەڵ دوکتور فرێدریک تیسۆ

ئەندامانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە سوئێد، پێشوازییان لە دوکتور فرێدریک تیسۆ دۆستی لەمێژینەو دڵسۆزی نەتەوەی کوردو حیزبی دێموکرات کرد.

دوکتور فرێدریک تیسۆ، دۆستی ماندوویی نەناسی نەتەوەی کوردو حیزبی دێموکراتی کوردستان کە سەردانی وڵاتی سوئێدی کردوە، لەلایەن بەشێک لە ئەندامانی حیزب لەو وڵاتەو لە کۆبوونەوەیەکدا پێشوازی لێ کراوەو دیداری لەگەڵ نوێ کراوەتەوە.

دوکتور تیسۆ خۆشحاڵیی خۆی بەو دیدارە دەربڕیو گوتی دڵخۆشم بەوەی پۆلێک لەو کادر و پێشمەرگانەی حیزبی دێموکڕات لەدەوری خۆم دەبینم کە سەردەمانێک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کارمان لەگەڵ یەکتر کردوەو ئێستا دەیان ساڵە لێک دوورین.

لەو دیدارەدا دوکتور فرێدریک تیسۆ لە کورتە قسەو باسێکدا هیوای خواست نەتەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان بتوانن مافەکانیان وەدەست بێننو لەم هەلومەرجەدا باشووری کوردستان بتوانێ بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی بۆ سەربەخۆیی بدا.



پاش قسەکانی دوکتور تیسۆ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە بە نوێنەرایەتیی ئەندامانی حیزب، بەخێر هاتنی دوکتور تیسۆی کردو سپاسی کرد بۆ هەموو زەحمەتو ماندوو بوونەکانی کە بۆ نەتەوەی کوردو حیزبی دێموکراتی کێشاوە.

## بەشداریی شاندێکی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لە کۆبونەوەی هێزە کوردستانییەکان لە دانمارک

لەسەر بانگهێشتی ڕەسمیی لقی دانمارکی پارتی دیمۆکراتی کوردستان هەیئەتێکی کومیتەی دانمارکی حیزبی دێموکرات بەشدارییان لە کۆبونەوەی بەرینی هێزە کوردستانییەکاندا کرد.

لەو کۆبوونەوەیەدا شوان بامەڕنی، نوێنەری پارتی دیمۆکراتی کوردستان بە ئاماژە بە بارودۆخی کوردستانو ئاڵوگۆڕە سیاسییە نوێیەکان، داوای پشتگیری هیزە کوردییەکانو گەیاندنی دەنگی کورد بۆ پارلمانو دامودەزگا بڕیاردەرەکانی دانمارکی کرد.

لە بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا نوێنەری هەر کام لە هێزە کوردستانییەکان بیروڕای خۆیان لەو پێوەندییەدا دەربڕی.

شایانی باسە ئەو حیزبانەی بەشداری کۆبوونەوەکە بوون بریتین لە: حیزبی دیمۆکراتی کوردستان، پارتی دیمۆکراتی کوردستان، یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، بزوتنەوەی گۆران ، پارتی سۆسیالیستی کوردستان ،



پارتی دیمۆکراتی کوردستان سووریە ، پارتی یەکیەتیی دیمۆکراتی کوردستانی سووریە، کۆمەڵەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، کۆمەڵەی زحمتکێشانی کوردستان ، حیزبی شیوعیی کوردستانی عێراقو پارتی دیمۆکراتی باکوور.

## بەشداریی هەیئەتی حیزبی دێموکڕات لە کۆبوونەوەی شوڕای ئەنترناسیوناڵ سۆسیالیستدا

بەبەشداریی هەیئەتی حیزبی دێموکڕات کۆبوونەوەی شورای ئەنترناسیوناڵ سۆسیالیست ڕۆژی دووشەممە، ٩ی پووشپەڕ لە شاری میکزیکۆسیتی پێتەختی میکزیک دەستی بە کارەکانی کرد.

بەرنامەی کاری شوڕای ئەنترناسیوناڵ سۆسیالیست لەسەر سێ تەوەری سەرەکی چڕببۆوە: باسێکی گشتی لەسەر ئابووریی جیهان، چۆنیەتی باشترکردنی ئابووری جیهان، چۆنیەتیی چالاکی لەپێناو ئاشتی جیهانی، چۆنیەتی کارکردن لەپێناو سەقامگیریو بەهێزکردنی دێموکراسی تەوەرەکانی ئەم کۆبوونەوەیەن.

هەروەها قەیرانی ئاوارەییو پەنابەریو ڕۆڵی ئەنترناسیوناڵ سۆسیالیست بۆ چارەسەری کەمکردنەوەی ئەم کێشەیەو ڕاپۆرتی بەشە جیاجیاکانی ئەنترناسیوناڵ، چەند باسێکی دیکەی نێو ئەم کۆبوونەوەیەبوون.

هەیئەتی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لە کامەران باڵنور، نوێنەری حیزب لە ئەمریکاو خەبات ئیبراهیم پوور، بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە واشنگتۆن پێکهاتووە، لەڕەوتی دانیشتنەکانی کۆبوونەوەکەو هەروەها لەپەراوێزی دانیشتنەکانی ئەنترناسیوناڵ سۆسیالیست چاویان بە بەشێکی بەرچاو لە هەیئەتی حیزبە سیاسییەکانی وڵاتانی ئەندامی بەشدار لەکۆبوونەوەکە کەوتوە؛ کە سەرجەم ٦٣ حیزبو ڕێکخراوی سیاسیی جیهان لەو کۆبوونەوەیەدا بەشداربوون.

## بەشداریی کومیتەی بریتانیای حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئاکسیۆنی پشتیوانی لە هەریمی کوردستان

کومیتەی بریتانیای حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئاکسیۆنی پشتیوانی لە هەرێمی کوردستانو قسەکانی مەسعود بارزانی کە لە وڵاتی بریتانیادا بەڕێوەچوو، بەشداری کرد.

بە بەشداریی کوردەکانی دانیشتووی بریتانیا ڕۆژی یەکشەممە، ٨ ی پووشپەڕ خۆپیشاندانێک بەمەبەستی پشتیوانی لە گوتاری مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ جووڵەی پێشمەرگەی کوردستانو هەروەها ئامادەیی دەربڕین بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەگەری هەر هێرشێکی دوژمن بۆسەر خاکی کوردستانو گەرانەوەیان بۆ کوردستان پێکهێنا.

لەو کۆبوونەوەیەدا بەشداران بە بەرزکردنەوەی دروشمی نەتەوەییو بە پڕکردنەوەی فۆرمی ئامادەیی گەڕانەوە بۆ کوردستانو پشتیوانی لە یەکڕیزی هێزو لایەنە کوردییەکان، پشتیوانیی خۆیان لە سیاسەتەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دووبارە کردەوە.

جێگەی ئاماژەیە، نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بریتانیا بەپیل ئەم بانگەوازەوە چووو پشتیوانیی خۆی بۆ هەر بڕیارێکی سەرۆکی هەرێمی کوردستانو حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پشتیوانی لە ڕەوشی سیاسیو ئەمنیەتیی هەرێمی کوردستان وەک دەسکەوتێکی نەتەوەیی دووپات کردەوە.

# عەلی قۆیتاسی چالاکی سیاسی: بە پێی بڕیاراتو پرەنسیپە پەسند کراوە نێودەوڵەتییەکان، مافی چارەی خۆنووسینی گەلی کورد، مافێکی رەوایەو هیچ ناتەبایەکی لەگەڵ یاسای نێودەوڵەتی نیە

**ئارەش لۆرستانی: ڕووداوەکانی ئەمڕۆی باشووری کوردستان چ گرنگییەکی بۆ گەلی کورد هەیە؟**

**عەلی قویتاسی:** ئەوەڵەن ئەو شەڕە، شەڕی کورد نیە. شەڕی تسفیە حیسابی سوننەکان لەگەڵ حکوومەتی نووری مالکی شیعەیە. کاتێک لە ساڵی ٢٠٠٥ حکوومەت پێک هات، لە لایەک سوننەکان پەراوێز خرانو بگرە بەشێکی بەرچاو لە سەرکردە دیارەکانی سوننەکان تۆمەتبار کران بە تیرۆرو بەشێکیان پەرتەوازە بوون. لە لایەکی دەیکەش مادە یاساییەکانی پێوەندی‌دار بە کورد نەخرانە بواری جێبەجێ کردنەوە.

هەروەک ئاگاداریشن لە ماوەی ٣ساڵ شەڕی نێوخۆیی سووریە، هێزێکی نوێ سەری هەڵدا کە زۆر توکمەو بە بەرنامە کاریان کرد بۆ بەهێز کردنی ڕۆڵو پێگەی سوننەکانی سووریەو عێراق لە بەرامبەر شیعەکان‌دا.

هەموو ئەو رووداو و گۆڕانکاریانە راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پێوەندی بە کوردستانەوە هەیە بە تایبەتی جوغرافیای ناوچە جێ ناکۆکەکان کە خاکی کوردستانی نەخرابووە سەر هەرێمی کوردستان. بە حوکمی ئەوەش ئێستا دەبینین سوپای عێراق لە بەرامبەر هێرشو پەلاماری داعش‌دا نەیان‌توانی خۆیان ڕابگرن، یان هەڵاتن یان خۆیان ڕادەستی پێشمەرگە کرد.

لەو پێوەندیەش‌دا سەرکردایەتی سیاسی کورد بەوپەڕی هەست کردن بە لێپرسراوی لە بەرامبەر گیانو ماڵی هاونیشتمانانی کورد، هێزی پێشمەرگەیان بەرەو ئاخرین سنووری ناوچەی کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم جووڵاند، کەواتە ئەو گۆڕانکارییانە بۆ کوردستان گرینگی تایبەت بەخۆی هەیە. بۆ وێنە مادەی ١٤٠ کە دوای نیزیکەی ١٠ساڵ حکوومەتی بەغدا لە جێبەجێ کردنی خۆی دەبوارد، کە ئێستا دەبینین دوای ئەم رووداوانە هێزی پێشمەرگە لەو ناوچانە جێگیرە.

**ئارەش لۆرستانی: پێگەو رۆڵی باشووری کوردستان چ کاریگەرییەکی لەسەر خەباتی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان هەیە؟**

**عەلی قویتاسی:** بێ گومان سەرکەوتنی جووڵانەوەی کورد لە هەرکام لە پارچەکانی کوردستان، راستەوخۆ کاریگەری پۆزەتیڤی هەیە لەسەر جوڵانەوەی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان.

هەروەک ئاگادارن کوردستان بە هۆی دابەشبوونی ناچاری بە سەر چەند وڵاتدا، لە رووی سیاسیو جوغرافیاوە ئاڵۆزییەکی پێوە دیارە، گۆرانکارییە سیاسی‌یەکانی ناوچەکەو مەعادلاتی سیاسی ناوچە، کاریگەری لەسەر چارەنووسی کوردستان هەیە، بۆ وێنە لە سەردەمی کۆماری کوردستان، بەشداری راستەوخۆی کوردەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان لە داموو دەزگا حکوومی‌یەکانی کۆماری کوردستان دەبیندرا. هەروەها گواستنەوەی هزرو بیری کۆمارو پێشەوای مەزن بۆ پارچەکانی دیکە ئێستا بە روونی دەبیندرێ. کەواتە، ئەمڕۆکە ئەگەر پارچەیەک لە نیشتمان ڕزگاریو ئازادی بە خۆیەوە ببینێ بێگومان کاریگەری پۆزەتیڤی لەسەر یەکیەتیی نەتەوەییو کۆدەنگی سیاسی لە هەموو پارچەکانی دیکەی کوردستان‌دا دەبێ.

**ئارەش لۆرستانی : بە بڕوای ئێوە رووداوەکانی ئەم دواییانە، دەتوانن چ کەریگەرییەکیان لەسەر پرۆسەی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردیو سەربەخۆیی لە باشوور هەبێ؟**

**عەلی قویتاسی:** دوای رووخانی حکوومەتی سەدام، کوردەکانی باشوور یارمەتی‌دەر بوون بۆ پێکهێنانی حکوومەتێکی پلۆراڵو نیشتمانی لە نێو عێراق‌دا و بە کردەوە نیشانیان‌دا، بەڵام هەڵوێستی سەرەرۆیانەو تاکڕەوانەی سەرۆک وەزیرانو حکوومەتی ناوندیو پابەند نەبوونیان بە یاسا بەرامبەر بە کوردو سوننە، بواری خۆش کرد بۆ لێک ترازانو هەڵوەشاندنەوەی سیستمی فیدرالی لە عێراق‌دا کە هەموو لایەنەکانی عێراق قەبوولیان کردبوو. جێبەجێ نەکردنی مادەی ١٤٠و پەراوێز خستنی سوننە وای لە دۆخەکە کرد سوننەکانی عێراق بۆ بەدەست هێنانی مافەکانیان پەنا بەرن بۆ پشتیوانی کردنی داعش. هەروەها کوردەکانیش بۆ پاراستنی ناوچەکانی پێوەندی‌دار بە مادەی ١٤٠هەنووکە وای کردوە کە خەریکە عێراق بە سەر٣ ناوچەدا دابەش بێ. هەروەها دوا بە دوای ئەوە کە حکوومەتی ناوندی بۆ گوشار خستنە سەر کوردستان، بەشە بودجەی هەرێم کە لە سەدا ١٧٪ە بڕی. گەلی کوردو سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بۆ بەرێوەبەری ئەرکەکانی حکوومەت‌داری خۆی بە پێی یاسا دەستی بە فرۆشتنی نەوت کرد.

بە سەرنج‌دان بە سەقامگیری سیاسیو ئەمنی هەرێمی کوردستان، وەک تەنیا دورگەیەکی ئارام لە عێراق‌داو، کۆی ئەم رووداوانەی ئێستای عێراقو دروستبوونی نائەمنی لە سنوورەکانی هەرێمی کوردستان، دەتوانن فەکتەرێک بن بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی لەم ناوچەیە. هەروەها راگەیاندنی دەوڵەتی کوردی لەم دۆخەی ئێستای عێراق‌دا، پێش بە تەشەنە کردنی شەڕ بۆ ناوچە کوردنشینەکان دەگرێو زامنی سەقامگیری سیاسیو ئەمنی زیاترە لە ناوچەکە.

لە لایەکی دیکەش بە پێی بڕیاراتو پرەنسیپە پەسەند کراوە نێودەوڵەتیو رێکخراوی نەتەوە یەککگرتووەکان، مافی چارەی خۆنوسینی گەلی کورد، مافێکی رەواو بەرحەقەو هیچ ناتەبایەکی لەگەڵ یاسای نێودەوڵەتی نیە. بۆ وێنە بڕیارنامەکەنی ژمارە٤٢٥ی ساڵی ١٩٥٠و بڕیاری ١٥١٤ی ساڵی ١٩٦٩و بڕیاری ژمارە ٣١٠٣ی کۆڕی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان شەرعیەتو حەقانیەت بە کۆتایی هێنان بە داگیرکاریو داپلۆسین دەهێنێو کۆی ئەو بڕیارنامانە مافی چارەی خۆنووسینی گەلانی بندەست بەبێ جیاوازی رەگەزی، ئایینی، زمانی پەسەند دەکات.

**ئارەش لۆرستانی:تواناییو دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان لە رووبەروو بوونەوە دەگەڵ ئەم پرسانە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

**عەلی قویتاسی:** بە بڕوای من حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە هەرسێک روی سیاسی، ئابووری، نیزامی توانایەکی باشی هەیە، کە ئەوە جێگەی خۆشحالیە.

لە رووی سیاسییەوە: ئەزموونی زیاتر لە ٢٠ساڵ حوکمڕانی هەیە کە بە لەبەرچاو گرتنی بارودۆخی ناوچەکە، قوناغی شەڕی نێوخۆو سیاسەتی نادۆستانەی وڵاتانی دراوسێ، گەمارۆی ئابووریو . . . هتد. حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەربڵند هاتەدەر، بە تاییبەتی کە هەمیشە هەڕەشەی تۆپبارانو بووردمانی سنوورەکانی لە لایەن ئێرانو تورکیە لە سەر بووە. هەروەها هەڕەشەی تیرۆرو تەقاندنەوەی لە لایەن گرووپە جیهادیو تەکفیریەکان لەسەربووە، دیسانیش حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێ سەقامگیری سیاسیو ئەمنی دەستەبەر بکات. هەروەها لە رووی سیاسی‌یەوە حکوومەتی هەرێمی کوردستان توانیویەتی پێوەندی باشی دیپلۆماتی



**بە سەرنج‌دان بە سەقامگیری سیاسیو ئەمنی هەرێمی کوردستان، وەک تەنیا دورگەیەکی ئارام لە عێراق‌داو، کۆی ئەم رووداوانەی ئێستای عێراقو دروستبوونی نائەمنی لە سنوورەکانی هەرێمی کوردستان، دەتوانن فاکتەرێک بن بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی لەم ناوچەیە.**

لەگەڵ ولاتانی جیهان بە تایبەت زلهێزەکان دروست بکات. هەر ئێستا دەبینین بەشێکی بەرچاو لە وڵاتانی جیهان بنکەو دەفتەری نوینەرایەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیان لێیە. هەروەها بە هۆی بارودۆخی باشی ئەمنی لە هەرێمی کوردستان، بەشێکی بەرچاو لە وڵاتانی جیهان نوینەراتیو کۆنسولخانەیان لە هەولێری پایەتەختی هەرێم هەیە.

لە رووی ئابووری‌یەوە: بە خۆشییەوە هەرێمی کوردستان خاوەن کانو کانزای باشی ژێرزەویو سەرزەوی‌یە، بە تاییبەت خاوەنی نەوت گازی سروشتی‌یە کە ئەوە دەتوانێ بەرگەیەکی بەرەندە بێ لە دانوستانی سیاسیو دیپلۆماتەکان. هەروەها سەدان بگرە زیاتر کۆمپانیاکانی بیانی هەر ئێستا لە هەرێمی کوردستان بوونیان هەیەو خەریکی کاری بازرگانیو تجارەتن، گەشەی ئابووریو ئاستی ژیانی خەڵک لە رووی رفاهی‌یەوە لە چاو ساڵانی زوو، زۆر بەرزەو بە هەزاران پرۆژەی خزمەتگوزاریو نیشتەجێ بوون لەم هەرێمە ئەنجام دراونو هەنووکەش ئەنجام دەدرێن. هەزاران کرێکاری بیانیو ئێرانی، تورکی، عەرەبی لە هەرێمی کوردستان بوونیان هەیە، کە هەمووی ئەوانە ئەوە دەسەلمێنێ کە هەرێمی کوردستان، هەرێمێکی دەوڵەمەندەو لە رووی ئابووری‌یەوە گەشەی زۆر باشی بەخۆیەوە دیتوە.

لە رووی نیزامی‌یەوە: بە خۆشییەوە، هەرێمی کوردستان بۆ بەرقەرار کردنی ئاسایشو ئەمنیەتی خۆی هێزی باشی هەیە بە تاییبەت لە رووی هێزی ئینسانیەوە، هێزی پێشمەرگە وەکوو گەورەترینو بەهێزترین هێزی گەلیی هەر ئێستاو لە ڕابردووش‌دا نیشانی داوە، پارێزەری گیانو ماڵو خاکی کوردستان بێ. هەروەها هەموو هەرێمی کوردستان هێزەکانی ئاسایش، دژە تیرۆرو . . .هتد هەیە کە هەموویان توانیویانە بی سەلمێنن کە توانای پارێزگاری کردن لە خاکی پیرۆزی نیشتمانیان هەیە.

لە هەمووی گرینگتر ئەوەیە، گەلی کورد بە هۆی دەیان ساڵ خەبات و بەربەرەکەنی رەواو شەڕ کە بەسەری دا سەپاوە و بۆ پاراستنی مەوجودیەتی خۆی ئەزمونێکی زۆر بەرزی لە بەرەنگاری و پوچەڵکردنەوەی هەمو پیلانێک هەیە کە ئەوەش دەیسەلمێنێ گەلی کورد لە باشووری کوردستان لە بەرامبەر پێشهاتە سیاسی و رووداوە چاوەروان‌کراو و نەکراویان دا توانایەکی باشی هەیە.

**ئارەش لۆرستانی : لە بواری مێژووی دەروونناسییەوە خەبات و بەرخۆدان لە باشووری کوردستان، لە چی دادەبینن؟**

**عەلی قویتاسی:** ئەگەر چاو لە رابردووی بزوتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کورد بکەین بە تایبەت لە ٢٠٠ ساڵی ڕابردووە کە ناسیۆناڵیزمی کوردی بەرە بەرە گەشەی کردوە، دەبینین زۆربەی شۆڕشو بزووتنەوە نەتەوەیەکانی گەلی کورد، لە ئەو بەشە لە کوردستان‌دا بووە کە لە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی عوسمانێکان دا بووە. بۆ وێنە شۆڕشی ئەحمەد شای بابان شۆڕشی میرمحەمەد رەواندز، شۆڕشی میر بەدرخان، شۆڕشی یەزدانشیر، شۆڕشە گەورەکەی شێخ عەبیدوڵڵای نەهری و بارزانییەکان هەموویان لە سەدەی ١٩ دا بون. هەروەها لە سەردەمی ٢٠.شورشی شێخ مەحموودو راگەیاندنی حکوومەتی کوردی . هەروەها شۆڕشی شێخ سەعیدی پیرانو کۆمەڵەی سەربەخۆی کوردو شۆڕشی گەورەی ئارارت و شۆڕشی مەلامستەفا بارزانی لە ئارادا بون لە رۆژهەڵاتی کوردستانیش شۆڕشی گەورەی سمکۆ کە بۆ پێکهێنانی کیانی سیاسیو سەربەخۆیی کوردستان بەرێوە چووە. هەروەها بە هۆی هەلومەرجی سیاسی جیهانو ناوچەکەو زیاتر گەشەکردنی بیری ناسیونالیستی کوردی، دامەزراندنی کۆمەڵەی ژێکاف و حیزبی دێموکراتی کوردستانو راگەیاندنی کۆماری کۆردستانو دەست پێ کردنی خەبات بۆ رزگاریو وەدەست هێنانی مافی چارەی خۆنووسین. جا لە هەر کام لە شکڵو شێوەکانی دابێ، بەردەوام بووە بەردەوامە.

شتێکمان نابێ لە بیر بچێ، رەوانشناسیو سایکۆلۆژی گەلی کورد ئەوەیە کە هەتا لەگەڵی خەشن‌ترو توندوتیژتر بەرخورد بکرێ، روحی بەربەرەکانیو سەرسەختی زیاترە، هەر چەند کە هەر کام لە حکوومەتەکانی زاڵ بە سەر کوردستان ئەنواعی سیاسەتیان بە نیسبەتی گەلی کورد پێڕەو کردوە.

وەک ژینوسایە، ئاسمیلاسیون.

.... بەراوەردێکی ئاشکرا: بۆ نموونە هەرچەند لە زەمانی هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامیو فتوای جیهاد بەدژی گەلی کورد، دیتمان روحی بە رەنگاریو خۆراگری لە کوردستان زیاتر بوو شۆرشی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان خویناویتر بوو. واتە بەرخوردی حکوومەتی ناوەند زۆر توند بوو. لە بەرامبەریش‌دا پەرچەکردایان بەربەرەکانیش توندتر بوو.

لە باشووری کوردستانیش بە تایبەتی لە دوای هاتنە سەرکاری حیزبی بەعس، دیتمان بە سیاسەتی پاکی و کردن و نیژادی و ئەنفال چۆن لەگەڵ گەلی کورد بەرخوردی کردو راوەستا لە بەرامبەریش‌داگەلی کورد، بەعەزمێکی بەرزو شۆڕشگێڕی لە بەرامبەر حکوومەتی عێراق‌دا وەستاون و بەربەرەکانیان کرد. کە ئەوە دەتوانین بەڵێین لە مەرکەز یان ناوەند چۆن سیاسەت لەگەڵ گەلی کورد کراوە، گەلی کوردیش بە پێی هەلومەرجی مەوجود پەرچەکداری خۆی هەبووە هەروەک باکووری کوردستانیش، دیتمان حکوومەتی تورک چۆن بە توندی کوردستانی سەرکوت کرد، ئاواش بە توندی وەڵامی دراوە و روحی بەربەرەکانی بەهێزتر بوو.

# وتووێژی ڕۆژنامەی کوردستان لەگەڵ مەولوود سوارە ئەندامی ڕێبەری حدکو

# بەرپرسی کۆمیتەی یادی ٢٥ساڵەی شەهیدانی ڤییەن



**دوکتور قاسملوو یەکێکە لەو ڕێبەرانەی کورد، کە بۆ گەیشتن بە ئامانجی نەتەوەکەی متمانە بەخۆیی ڕەچاو کرد. ئەو ڕێبەرە مەزنە، پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٨ وەک سکرتێری گشتی حیزب و سەرپەرشتی تیمی دانوستانکار، لە پێناو هێنانە دی ئاشتی و چارەسەریی ئاشتیخوازانەی پرسی کورد چووە ڤییەن پێتەختی ئوتریش. بە پێچەوانەی چاوەڕوانی گەلی کورد، دوکتور قاسملوو و عەبدوڵڵا قادری ئەندامی کۆمیتە ناوەندی حیزب و دوکتور قازل ڕەسووڵ بە دەستی تیرۆریست دیپلۆماتەکانی ئێران لە سەر مێزی دانوستان شەهید کران. لەم کورتە وتووێژەدا هەوڵمان داوە لە ٢٥ ساڵەی تیرۆری ئەم کەسایەتییە مەزنەدا، مەولود سوارە بەرپرسی «کۆمیتەی یادی ٢٥ ساڵەی شەهیدانی ڤییەن» بدوێنین.**

**ئارەش لورستانی: کاک مەولود سوارە! دەکرێ بفەرموون یەکەم جار لە لایەن کێوە پێشنیاری دروست بوونی ئەم کۆمیتەیە کرا ؟**

**مەولوود سوارە:** سڵاو و ڕێز، کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەمەبەستی یادکردنەوەی شەهیدانی ڤییەن، پێشنیاری کۆمیتەیەکی کردو بۆ ئەو مەبەستە ٥ کەس دیاری کران بۆ هاسانکاری و هەروەها بۆ بەرنامەڕێژی ئەم یادە.

**ئارەش لورستانی: تکایە ئەگەر دەکرێ لە سەر کات و شوێنی بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمە زیاترمان بۆ بدوێن؟**

**مەولوود سوارە:** لەپێوەندی لەگەڵ کاروباری کۆمیتەی یادی ٢٥ ساڵەی شەهیدانی ڤییەن، ئێمە ئەمساڵ بۆ یادی ٢٥ ساڵەی شەهیدانی ڤییەن لەو سێ شوێنە بەرنامە ڕێژیمان کردوە:

١– لە نۆرویژ ئۆسلۆ ڕێکەوتی ١٢ی جولای ٢٠١٤ کاتژمێری ٢ بۆ ٦ی ئێوارە هەر بەو بۆنەوە سمینارمان دەبێت، هەریەک لەبەڕێزان کاک مستەفا شەلماشی و کاک سمایل بازیار، دکتور گلمراد مرادی و کاک ئەحمەد ڕەفعەت بەشداری دەکەن.

٢– پێرلاشێز ڕێکەوتی ١٣ی جولای ٢٠١٤ کاتژمێری ١بۆ ٥ی پاشنیوەڕۆ کە کۆمیتەکانی فەرانسە، بریتانیا، ئالمان، سویس، ئوتریش و بلژیک بەشداری دەکەن و وتارو برنامەمان دەبێت، لەم بەرنامەیەدا بەرێز کاک خالید عەزیزی سکرتێری گشتی حیزب وتاری دەبێت، دوکتور فردریک تیسۆت دۆستی لەمێژینەی کورد، کاک عەزیز ماملی، دکتور حوسین لاجوردی، دوکتور حوسین قاسمی و دوکتور حەسەن کیانزاد وتاریان دەبێت.

٣– پارلمانی بریتانیا ڕێکەوتی ١٤ی جولای ٢٠١٤ کاتژمێری ٧ی ئێوارە لە ژووری کۆمیتەی ژمارە ٢ لە پارلمانی بریتانیا سمینارمان دەبێت و هەریەک لە بەرێزان جێرمی کۆربین ئەندامی پارلمانی بریتانیا و جێگری مافی مرۆڤ لە پارلمان،کیت فاز ئەندامی پارلمانی بریتانیا، دوکتۆر فردریک تیسۆت سەفیری پێشوی فەرانسە لە کوردستان، لویس ئەیالا سکرتێری ئەنترناسیونالی سۆسیالیست و کاک ئاسۆی حەسەن زادە وتاریان دەبێت




**ئارەش لورستانی: ئەگەر پێتان وایە زانیارییەکی زیاتر پێویستە بوترێ، بفەرموون:**

**مەولوود سوارە:** کۆمیتەکانی سوئێد، نۆرویژ، فینلەند و دانمارک بەشداری سمیناری ئوسلۆ دەکەن

جێگای ئاماژەیە کە ئێمە بەهاوکاری ناوەندی پەرەسەندنی کورد لەبریتانیا ئەم کۆبونەوەیەی پارلمانمان ڕێکخستوە.

پۆستری تایبەت بە وێنەی کە تائیستا بلاو نەبۆتەوە پۆستەری تایبەتمان ئامادە کردوە و هەروەها فەیس بووکی تایبەتمان بەنێوی دوکتور قاسملوو ئامادەکراوە کە زیاتر لە ٧هەزار کەسی تێدایە.

# کێشەی نێوخۆیی قۆڵەکانی کۆماری ئیسلامی



حەسەن حاتەمی

**یەکەمین ساڵوەگەری سەرکۆماری ڕووحانی**

لە یەکەمین ساڵوەگەڕی هەڵبژێرانی ڕووحانی، کە بە وتەی خامنەیی «حیماسەی سیاسی» خولقاند، ئیزن نەدرا، جێژنێکی کە بڕیار بوو لە ستادیۆمی شیروودی تاران بگیرێ، بەڕێوە بچێ. بەڕێوەبەرانی ئەو یادە ناچار بوون، لە ساڵۆنەنی چووکەو داخراو و کونترۆڵ کراوەکان دا، لە تاران‌و چەند شاری دیکە، کۆبنەوە. ئەو کردەوەیە نیشانی دا، کێشەکانی نێو دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بە هەڵبژێرانی سەرکۆمار ڕووحانی، قوڵتر بوون.

لە زانستگای تاران، لە کۆبوونەوەیەکی گەورەدا، کە ناوی «جێژنی ئومید و چاوڕوانی» لێنرابوو و ئاغای ڕووحانی‌و جێگرەکەی ئاغای ئیسحاق جەهانگیری و ژمارەیەکی زۆری بەرپرسانی دەوڵەت تێیدا بەشدار بوون، خوێندکارێکی دەورەی دوکتوڕا بە ناوی وەحید عابدینی- چالاکی ڕێکخراوەێکی ئیزن پێدراوی خوێندکاری-، کە زەمانی ئەحمەدی نیژاد، ئەستێرە نیشان و لە زانستگا دەرکرابوو، یەکەم کەس ئیزنی قسەی پێدرابوو. ئەو بوێرانە نزیک ١٠ خولەکی قسەی کرد و لەبەشێک لە قسەکانی‌دا، وێنەیەکەی لە چارەنووسی خوێندکاران و ئاڵوگۆڕەکان باس کرد.

وەحیدی وتی: نۆ ساڵ لەوەپێش لە جۆزەردانی ١٣٨٤ دا، لەکاتی تەواوبوونی خولی کارناسی (لیسانس) ی علوومی سیاسی لە زانستگای تاران بووم. ماوەیەکی کورت بوو لە کۆنکۆڕی کارناسی بەرز (فوق لیسانس)، لە ڕشتەی نێونەتەویی پلەی یەکەمم هێنابۆوە. ئەوکات لە زانستگاکان بەستێنێکی ئارام و عەقلانی بۆ تێکۆشانی خوێندکاری لەئارا دا، بوو. من لە یەکێک لە ڕێکخراوە یاسایەکانی زانستگاە دا، چالاک بووم. لەوکاتی دا، هەڵبژاردنی سەرکۆماری خولی نۆیەم بەڕێوە دەچوو. منیش وەک زۆربەی خەڵک بیرم دەرکردەوە کە ڕەوتی ئاڵوگۆڕەکانی کە لە دەورەی سەید محەممەد خاتەمی دەستی پێکردبوو، گەڕانەوەی نییە. هێندێک لە خوێندکارەکان لەسەر ئەو ڕایە بوون: هەرکەس ببێتە سەرکۆمار جیاوازییەک نییە. بڕیارەکان لە شوێنێکی دیکە دەدرێن و لە سەرووی ڕەنگی ڕەش، ڕەنگێکی دیکە نییە.

لەماوەیەکی کورت دا، من زووتر لە خەڵکانی دیکە بۆم دەرکەوت کە جیاوازی هەیە کێ سەرکۆمار بێ. و لەسەرەوەی ڕەشیش ڕەنگی دیکەش هەبوو. هێشتا دوو مانگ لە دەسپێکی کاری دەوڵەتی نۆیەم تێنەپەڕیبوو کە کاتی ناونووسی لە زانستگا، بۆم دەرکەوت ئەستێرەیەک لەپێش ناوەکەم دانراوە. ئەوە سەرتای داستانی ئەستێرەنیشانی من بوو. بە بەڵێنی گەلێکی زۆر توانیم خولی سەرووی لیسانسەکەم تەواو کەم. بەڵام سەرەڕای دەرچوونەکانی چەند جارەم، ئیزنی چوونی خولی دوکتوڕایان پێ نەدام و ئەستێرەکانم زیادیان کرد و بووم بە «سەرهەنگ». ئەوە هەمووی داستانەکە نەبوو. دەبوو «ئیمان مان هێنابا بە وەرزی سارد».

هێدی هێدی جیاوازییەکان پتر ئاشکرا بوون. گوشارەکان نە تەنیا دەرگاکانی زانستگا و بازاری کار، بەڵکوو با واتایەک ژیان کردنیشیان لە ئێمە مانان داخست!؟ ڕۆژە سەختەکان، بۆ من و هاونەسلەکانی من دەستی پێکردبوو. چەند جوان وتراوە «زستان تەواو دەبێ و ڕوورەشی بە ڕەژی دەمێنێ.»

ساڵانێک تێپەڕی‌و جیلی من وانەیەکی مەزن فێربوون. هەڵبژاردەی خراپتریش هەیە و لەسەرووی ڕەنگی ڕەش، ڕەنگێکی تریش هەیە. نەسلی من بە باشی فێربوو کە بە زیزبوون و نا ئومێدبوون، شتێک چێ نابێ و جاری وایە پێویستە زەوی یارییەکە بگۆڕی. دوای تێپەڕینی ئەو ساڵانە لە جۆزەردانی ٩٢ دا، نەسلی من بەفێربوونی ئەو وانەیە، نمرەی قبووڵی سەرکۆماری وەرگرت. و...

لە ماوەی قسەکانی عابدینی دا، ژمارەیەک لە خوێندکارەکانی کچ و کوڕ، بە چەپڵە لێدان و هوریا کێشان، دوو دروشمیان کوت: «خوێندکار دەمرێ، زەلیلی قبووڵ ناکا.» و «زیندانی سیاسی دەبێ ئازاد بکرێن.»

**بەرەنگاریی فەرهەنگی خامنەیی و ڕووحانی**

ئەکبەری گەنجی لە وتارێک دا، کە لە نشناڵ ئینترێست بە ئینگلیسی‌و لە ماڵپەڕی گۆیا نیوز بە زمانی فارسی بڵاوی کردۆتەوە دەنووسێ: خامنەیی‌و پاوانخوازەکان لە ئاڵوگۆڕەکانی سیاسی‌و فەرهەنگی ڕووحانی زۆر نارەحەتن. بۆیە گۆڕەپانی فەرهەنگ یان بە گرینگترین کێشە دژی دەوڵەتی ڕووحانی داناوە. ئەوان پێیان وایە کە : ڕووحانی ڕۆژئاواییە و بەدوای لابردنی ئیسلام و پیس کردنی فەرهەنگی پاکی کۆماری ئیسلامییەوەیە.

گەنجی پێیوایە کە: پێکهاتەی کۆماری ئیسلامی لەسەرەتاوە بە شەڕ لەسەر سەرچاوەکانی دەگمەنی دەسەڵات، ئەخلاق‌و پێگەی کۆمەڵاتی هەنگاوی ناوە. سەرکۆماری ڕووحانی لە خراپترین هەلومەرجی ئابووری‌و دەورانی ڕێبەری ئایەتوڵڵا خامنەیی دەستی پێکردوە. بۆیە ڕووحانی ناچار بوە لەبەر دابەزینی وەزعی ئابووری‌و گەمارۆکانی دژی ئێران، کە بە وتەی جەک لو- وەزیری خزێنەداری ئەمریکا-، کە لە ١١ ی پووشپەڕی ١٣٩٢ دا، گوتبووی: «گەمارۆکانی سەر ئێران سەخت ترین گەمارۆکانی مێژوو بوون»، خەرجییەکانی دەوڵەت زۆر کەم کاتەوەو بۆ پێشگرتن لە هەرزان خۆری (ڕانت خواری) بەربڵاوی سپا هەوڵ بدا.

گەنجی بۆ تەئیدی بۆچوونەکەی خۆی نۆ ڕەهەند فەرهەنگی یانی:» دامەزرانی قەرارگای فەرهەنگی، نیگەرانی فەرهەنگیی ڕێبەری، بەچاو دادانەوەی خاڵە لاوازەکانی فەرهەنگی، یەکسانی مافی ژنان و پیاوان، کتێب، علوومی ئینسانی، ئینترنێت و ماهوارە، هێمای گەشەی ئێرانی/ ئیسلامی یا گەشەی ڕۆژئاوایی؟ جەهەندەم کردنی دنیا لە خەڵک بۆ بەهەشتی بەقەرز» باس دەکا. بەم شێوەیە بە بەرەکانی ئیسلامییەت‌و جمهووریەت، تەنانەت لە شکڵی ئیزن پێدراوی خۆشیان دا، دوای ٣٥ ساڵ تەجرەبە، ناتوانن سازش یان هەبێ.

**پێنجەمین ساڵوەرگەڕی شەپۆلی (بزووتنەوەی سەوز)**

ئاغای دکتور عەلی ڕەزا نیکفەڕ- کۆمەڵناس-، پێنجەمین ساڵوەگەری بزووتنەوەی سەروزی لێکداوەتەوە و تێیدا ئیزن دان بە سەرکۆماری ڕووحانی بە ئاڵوگۆڕی چووکەی دوویەم‌و کۆپی ئاڵوگۆڕی یەکەمی چووکە – کە دەورانی سازەندگی- هاشمی ڕەفسەنجانی بوو، دەزانێ. ئەو دەنووسێ: ئیسلاحاتی گەورەی خاتەمی گەشەی مەدەنییەتی ئیسلامی لە گەشی گشتی دا، دەدیت و لە پانتایی هەڵبژاردنی بەرفروان دابوو، کە هەڵبژێرا. کرانەوەیەک هاتە ئاراوە کە پتر لە زەفییەتی نیزام بوو؛ بۆیە پێشیان گرت.

دوای کونترۆڵ‌و فەلەج کردنی ئاڵوگۆڕخوازی گەورەی خولی یەکەم، دەروازەی ئاڵوگۆڕخوازی بەرووی پشتیوانانی ئەسڵی شۆڕشی ئیسلامی کردەوە کە ئاکامەکەی ئەحمەدی نیژاد بوو. دیارە وێڕای لێ زیاد کردنی هێزە ئەمنییەتی‌و سپاییەکان لە کابینەو مەجلیسەکانی ٧، ٨ و ٩، یەکێک لە هێما گەورەکانی ئەو دەورەیە دەوڵەمەندتر بوون بە پێوانەی ماڵداری ئیسلامی بوو کە یارمەتی دانەکان (یارانە)، «وێنەیەکی دەسبەجێ» (عکس فوری) بوو کە کۆمەڵگای ئێران کردە، فرە پووڵەکی، چاونەزێری، بێ عاتیفەیی‌و تێکەڵاو لەگەڵ ڕیایی، گەندەڵی و دزی کەڵانی دەوڵەتی و شێوازی ژیانی بێ متمانەیی هەرچی پتر، کە هێچ کات لە ئێران دا، بەم شێوەیە نەبووە. و... ئەو دیمەنە تاڵانە کە بە درێژی باسی کردون، کردەوەی وەلی موتڵەقەی فەقیە و داروەدستەکەی پترین پشکیان بەردەکەوێ.

نیکفەڕ پێیوایە: بزووتنەوەی سەوزی کە لەسەر شەقامەکان نەماوەو سەرکوتی خوێناوی کراوە، بەڵام بۆتە زیلەمۆیەکی بن خۆڵەمێش کە شنەبایەک دەگەشێنێتەوە و ڕێژیم تووشی کێشەی گەورە دەکا.

جگە لەوانەش، لەقاودانی قسەکانی جەعفەری- فەرماندەی سپا و سەعیدی- نوێنەری ڕێبەر لە سپا-، لە ڕێگەی محەممەدی نووری زاد- ڕەخنە گری بوێر- سەبارەت بە کودێتای ڕێبەر و سپای پاسداران لە دەنگەکانی خەڵک و بە «فاسد» ناوبردنی نیزام و بەرەو لێک هەوشان چوونی، بە پێی بوونی ١٤ ملیۆن پەروەندی بەشی قەزایی لە ساڵ دا، و کێشەی زۆربەی مەجلیسی شوورای ئیسلامی لەگەڵ کردوەکانی بەشێک لە کابینەی ڕووحانی، گۆشەیەکی دیکەی ناکۆکییەکانی قۆڵەکانی نێوخۆیی کۆماری ئیسلامی ئێرانن.

بەرگری کردنی چەند لایەنەی خامنەیی و سپای قودس لە دەسەڵاتی سەرەڕۆی مالیکی، کە دوای نارەزایەتیی و بەرزبوونەوەی هێرشەکانی داعش، بەعسی یەکانی پێشوو و عەشیرە نارازییە سوننییەکان، بە لوتکە گەیشت، دەسەڵاتی بەغدای بەوپەڕی لاوازی گەیاند. قاسمی سولەیمانی و ژێنراڵە هاوشێوەکانی تووشی تەنگژەیەکی قورس بوون. هێزی نیزامییەکانی عێراقی کە مالیکی‌و دەستێوەردانی کۆماری ئیسلامی، بێ نێوەرۆک کردن، تووشی دارمان و خۆبەدەستەوەدان بوون. میلیاردها دۆلاریان بەفیڕۆ درا. ئامریکاییەکانیش هەڵەیان زۆر بوو. ئێستا عێراق بە چارەنوسێکی نادیارەوە تووشی شەڕ و کوشتار خوێن ڕێژێکی گەورە و چاوەڕوان نەکراو بووە. وێدەچی کاتی هەڵوەشانی هیلالی شیعە کە قۆڵی خامنەیی‌و سپای قودس تەڕاتێنیان تێدا دەکرد بەرەو دارمان بچێ.

بەرەو بنبەست یا «ئاچمەز» بوونی وتوێژەکانی سازان(تەسلیم) ی ئەتۆمی و گۆڕانی بەناچاری سیاسەتی دەرەوەیی ڕێژیم، هاتنەو کایەی ئەحمەدی نیژاد، بۆچوونەکانی ڕەفسەنجانی لەسەر ڕووداوەکان، ژنان و حیجاب- کە نیشان دانی گۆشەیەکی چووکی خەباتی ژنان و کچانی حیجاب نەویست بە ناوی «آزادیهای یواشکی» لە لایەن خانمی مەسیح عەلی نیژاد، لەمیدیا مەجازییەکان‌دا، ژنان و وەرزیش، بوونی ماهوارەکان، شادی و شلووغی شەقامەکان و چۆنیەتی هەڵسوکەوتی ڕێژیم لەگەڵیان، لێک نزیکبوونەوەی ئاڵوگۆڕخوازەکانی دەرەوەی دەسەڵات و خۆ سازمان دانیان بۆ گۆڕینی پێکهاتەی مەجلیسەکانی شووڕا و خیبرگانی ڕێبەری، سەرکۆنەی نهێنی حەسەنی ڕووحانی لە لایەن کۆمەڵێ مودەڕسینی قوم و... کێشەی ڕۆژانی ڕابردووی قوڵە جیاوازەکانی نێوخۆی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامین.

بە پێی ئاڵوگۆڕە چاوەڕوان نەکراوەکانی دنیا بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە تایبەتی، خامنەیی و بەیتەکەی ناچار دەکرێن لە فازی «نەرم نوێنی قارەمانانە»، پتر بێنەخوار. ئەگینا وەک یاری تۆپی پێی نێوان بۆسنی و ئێران سێ بە یەک، دەدۆڕێن.

ئومێد پتر بووە و بە تێکۆشانی گەلانی بەرایی ئێران و خەباتی یەکگرتووانەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەتوانرێ هەنگاوی خێراتر بەرەو ئازادی و دابین کرانی مافی ئینسانی، باوێژێ.

**سەرچاوەکان، ماڵپەڕەکانی، گویا نیوز، ئێران پرێس نیوز و ئەلعەرەبییە.**

# دیاردەی داعش‌و گوتاری دەوڵەتی ئیسلامی

## ٢-٢ کۆتایی



رەحمان پیرۆتی

.....لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٣و سەرەتای ساڵی ٢٠١٤ داعش هێرشی کردە سەر رومادی‌و فەللوجە، بەڵام دواتر لەگەڵ دژکردەوەی هێزەکانی ئەرتەشی عێراق رووبەڕوو بوو و کۆنترۆڵی لەسەر بەشێکی بەرچاوی ئەو ناوچانە لەدەست دا. بەڵام هێرشی ئەو دواییانەی بۆ سەر موسل‌و داگیرکردنی ناوچە سوننی‌نشینەکان‌و جوڵەیان بەرەو بەغدا نیشاندەری هاوپەیمانێتییەکی تاکتیکی نێوان زۆرینەی هێزە سوننییەکان، حیزبی بەعس‌و گرووپە ئیسلامییە بناژۆخوازەکانە. جگە لەوە بەشێک لە دەوڵەتانی ناوچە، لە سەرکەوتنی شیعەکان لە هەڵبژاردنەکانی پارلەمانی عێراق ناڕازین‌و حەول دەدەن تا بە بەکارهێنانی داعش‌و کردەوەی توندوتیژ، کاریگەری لەسەر کەشی سیاسی عێراق دانێن‌و مالیکی لاواز بکەن.

پێشڕەوی هێزەکانی داعش، بە چەندین هۆکاری بنەڕەتیە

هۆکاری یەکەم، ناکۆکی سیاسییەکان‌و پەراوێزخرانی بەشێکی هەرەزۆری هێزە خاوەن پێگەکانی عێراقە، کە هەر یەکە بەرادەی خۆی حەولی کەمکردنەوە دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندی‌و داکشاندنی هێژمۆنی هێزە شیعەمەزهەبەکان دەدەن.

هۆکاری دووەم ، پێکهاتەی هێزە ئەمنییەتی- نیزامییەکانی عێراق لەبەرامبەر تەرکیبی رێکخراوی داعش کە هەردووکیان لە هێزەکانی بەعس کەڵک وەردەگرن، بووەتە هۆی دروستبوونی درزو کەلێنی ئەمنییەتی.

هۆکاری سێیەم، ناهاوئاهەنگی دوژمنانی ئەو گروپەیە. بە واتایەکی تر، یاساکانی دژەتیرۆر لەپاڵ هەندێ هۆگری فێرقەیی لە پێکدادانە نیزامی‌یەکان لە ناوچە سوننییەکان، بووەتە هۆی دڵساردی خەڵکی سوننەمەزهەب لە دەوڵەتی ناوەندی‌و ئەوە بەستێنی لەبار بۆ یارگیری داعش دەرەخسێنێت. سیاسەتە ناکارامەکانی دەوڵەتی ناوەندی، بووەتە هۆی ئەوە کە سوننەمەزهەبەکان کە زۆرینەی ئەرتەش عێراق لەو ناوچانە پێکدەهێنن، خۆیان بۆ بەرگری‌کردن‌و شەڕکردن دژی داعش بەرپرسیار نەبینن؛ بەو هۆیە کە دەوڵەتی ناوەندی خراپتر لە دەوڵەتی ئیسلامی دەبینن. جگە لەوە، سەربازە شیعەکانی ناو ئەرتەشی عێراقیش ئامادە نین بۆ پاراستنی ئاسایشی‌و ئەمنییەتی ناوچە سوننەمەزهەبەکان گیان‌فیدایی بکەن. پاشەکشە و چۆڵکردنی یەک بەدوای یەکی بارەگا نیزامییەکان و لە ئاکامدا شار و شارۆچکەکان زیاتر بەو هۆکارە بووە.

هۆکاری چوارەم، روونی ئیدیۆلۆژی‌و رێبازی ئەوان بە بەراورد بە رێکخراوە سەلەفی-جیهادییەکانی دیکەی ناوچەیە. بانگەشەی داعش بۆ دامەزراندنی «دەوڵەتی ئیسلامی»و دروستکردنی چەترێک بۆ کۆکردنەوەی هەموو ئوممەتی ئیسلامی، بۆ خەڵکانێکی زۆر سەرنجڕاکێش‌و پیرۆزە.

هۆکاری پێنجەم، توانای ئەو گرووپە بۆ وەدەستخستنی بودجەی زەبەلاحە. ئەو گروپە جگە لە شێوازە باوەکانی وەدەستهێنانی داهات وەکوو وەرگرتنی باج‌و تاڵانکردن، بە هێرشکردنە سەر بانکە ناوەندییەکان تا رادەیەکی زۆر تێچووی ماڵی کردەوەکانی خۆی دابین کردووە.

کاریگەری هێزە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان

داعش لە پشتیوانی ماڵی، سەربازی‌و لۆجێستیکی قەتەرو عەرەبستانی سعودی بەهرەمەندە. عەرەبستانی سەعودی، عێراق بە سەرەکیترین سنوری نێوان بەرەی شیعەو سوننی دەزانێ. پاش رووخانی سەددام حوسێن، کاتێک کە لە دەرەنجامی هەڵبژاردنەکانی پارلەمان لە ساڵی ٢٠٠٥، دەسەڵاتی سیاسی کە بۆ ساڵانێکی زۆر بەدەست کەمینەی سوننی لە عێراق بوو، کەوتە دەست شیعەکان، بەرژەوەندی‌و هێژمۆنی خۆی لە ناوچەدا لە مەترسی دیت. پەراوێزخرانی هێزە سوننی‌مەزهەبەکان‌و ئەو راستییە کە چیتر ناتوانن بڕیاردەری پرسە بنەڕەتییەکانی عێراق بن، دژکردەوەی توندوتیژو لایەلایە بوونی بڕیاری سیاسی ئەوانی لێ‌کەوتەوە؛ کە سەرەتا بە هێرش‌کردنە سەر هێزەکانی رۆژئاوا وەدیار کەوت. ئەو دژکردەوە، ئەمریکا و هاوپەیمانانی وادار بە هاوکاری زیاتری هێزە شیعەمەزهەبەکان کرد کە لە پشتیوانی ئێران، وەکوو پێشەنگی بەرەی شیعەش، بەهرەمەند بوون.

ئەو هۆکارانەو ئامادەبوونی «ئەلقاعیدە» لە عێراق‌و باڵکشانی ئیدیۆلۆژی بناژۆخوازی ئیسلامی بەسەر ناوچەکەدا، ناکۆکییە فێرقەیی-مەزهەبییەکانی خەستتر کرد کە بە دروستبوونی چەندین گروپی جۆراوجۆر و یەک لەوان «دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق» رەنگی دایەوە.

ئێستا عەرەبستان پێشەنگایەتی بەرەیەک دەکا کە لەشوێن



گورزوەشاندن لە هێژمۆنی ئێرانەو تێ‌دەکۆشێ تا بازنەی ئێران، عێراق، سووریەو حیزبوللا تێکبشکێنێ؛ بەو پێیە لە هەر تەقەللایەک بۆ شکستپێهێنان بە هەر یەک لە ئەندامانی ئەو بازنە سڵ ناکاتەوە. جێی ئاماژەیە کە عەرەبستان بۆ ئەم مەبەستە، زۆر جار بەپێچەوانەی رێنوێنییەکانی ئەمریکا بۆ ناوچە، کاری کردووەو تەنانەت هەندێ جاریش تووشی تەزادی بەرژەوەندی بوون؛ لە راستی‌دا عەرەبستان چاوەڕوانی پشتیوانی هەمەلایەنەی حکوومەتی واشێنگتۆن لە ئۆپۆزیسیۆنی سووریە و لێدانی گورزی سەربازی لە بەشار ئەسەد بوو کە حکوومەتی ئۆباما کاری بۆ نەکرد.

قەتەر، لەلایەک خەریکی رکەبەری لەگەڵ عەرەبستان بۆ رێبەری‌کردنی بەشێک لە هێزەکانی بەرەی سوننییە و لەلایەکی‌تر نایهەوێ راستەوخۆ لەگەڵ ئێران دەرگیر بێ. سیاسەتی قەتەر، سیاسەتێکی هەلپەرەستانەیەو لە رێگەی دابینکردنی تێچووە ماڵییەکانی ئەو پێکدادانانە حەولی زیادکردنی کاریگەری‌و کارتێکەری خۆی دەدا. سیاسەتێک کە کەم و زۆر لە لایان تورکیەشەوە پێڕەوی دەکرێ.

بە سەرنجدان بە ریشەکانی ئیسلامی سەلەفی و بانگەشەی گەڕانەوە بۆ سەردەمی خەلافەتی ئیسلامی – بەپێچەوانەی شیعەکان کە زیاتر دەڕوانن داهاتوو و چاوەڕوانی هاتنی «مێهدی» دەکەن، تیۆری رێکخستن‌و پشتیوانی لێ‌کرانیان لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە زۆر بە جیددی وەرناگیرێ؛ بە تایبەت کە هەرێمی ئێددیعایی داعش بۆ دەوڵەتی ئیسلامی ناوچە شیعەنشینەکانی عێراق‌و باشووری لوبنانیش لەخۆدەگرێ.

لەراستی‌دا ئێران بە هەموو شێوەیەک پشتگیری لە دەوڵەتی عێراق بە سەرۆکایەتی هێزە شیعەمەزهەبەکان دەکا. لاوازبوون‌و رووخانی دەوڵەتی عێراق بە رێبەری شیعەکان، و ئەگەری دابەشبوونی ئەو وڵاتەو ئامادەبوونی گرووپی سوننی سەلەفی لە سنوورەکانی ئێران، تێکڕا جێی نیگەرانی ئێرانن، جگە لەوە هەندێ ئاماژە لە داعشەوە باس لەوە دەکەن کە پاش عێراق، ئێران دەکرێتە ئامانج. بەڵام دۆخی نێونەتەوەیی‌و مەترسی دژکردەوەی هەندێ لە رکەبەرە ناوچەییەکانی کۆماری ئیسلامی، ئیحتماڵەن لە هەلومەرجی ئێستادا دەبێتە کۆسپی سەر رێگەی بەشداری راستەوخۆ و بەرفراوانی نیزامی ئێران لە عێراق. جگە لەوە بەشێک لە رێبەرانی سیاسی، بارودۆخی عێراق بە تایبەتی لە سەردەمی سەرۆکایەتی نووری مالیکی، ئاکامی دەستێوەردان و سیاسەتە هەرێمییەکانی ئێران دەزانن‌و پێشوازی لە دەستێوەردانی زیاتری ئێران ناکەن. بە هەموو ئەوانەشەوە، چاوەڕێ دەکرێ کە یارمەتییەکانی ئێران بۆ عێراق، پشتگیری لۆجێستیکی زانیاری‌و سیاسی لە دەوڵەت‌و هەروەها پاڵپشتی تەسلیحاتی‌و رێنوێنی نیزامی بۆ چەکدارانی شیعەو ئەرتەشی عێراق لەخۆ بگرێت.

ئەمریکاش بە پارێزەوە رایگەیاندووە کە پاڵپشتی لە خەڵک‌و حکوومەتی عێراق دەکات. ئەو وڵاتە پاش ئۆپەراسیۆنی «ئازادکردنی عێراق» لە ساڵی ٢٠٠٣ و دەرگیربوونی چەند ساڵە لەگەڵ کێشە ئەمنییەتییەکانی عێراق، لە ساڵی ٢٠١١ بەشێکی زۆر لە هێزەکانی خۆی لەو وڵاتە کشاندەوە، بەڵام بە گرێدانی چەندین گرێبەستی نیزامی بۆ پاڵپشتی نیزامی‌و فرۆشتنی چەکوچۆڵ، هەروا دەرگیری پرسە ئەمنییەتییەکانی عێراق ماوە. باراک ئۆباما، سەرۆک کۆماری ئەمریکا، وێڕای جەختکردن لە پشتیوانی ئەمریکا بۆ عێراق ، داوای لە هەموو گرووپە نەتەوەیی‌و مەزهەبییەکان کردووە بۆ چارەسەری ئەو قەیرانە لە یەک بەرە دابن. واشنگتۆن لەوانەیە ئەگەر ناچار نەبێ، نەیەوێ راستەوخۆ خۆی تووشی ئەو سەرئێشە بکات.

بەشێک لە چاوەدێران رایانگەیاندووە کە بە سەرنجدان بە داشکانی هێزەکانی ئەرتەشی عێراق لە بەرامبەر کردەوەی گرووپی داعش، ئاڵترناتیڤی مەنتیقی پاشەکشەپێکردنی داعش، کەڵکوەرگرتن لە ئەزموون‌و توانایی هێزی پێشمەرگەی کوردستانە کە هەم تەجروبەی شەڕی پارتیزانی‌و سەنگەر بە سەنگەریان هەیەو هەم شارەزای ناوچەکەن. بەڵام بە سەرنجدان بە شێوە سیاسەتی حکوومەتی هەرێم‌و ئاستی پێوەندییەکانی لەگەڵ واشێنگتۆن، بەغداو تاران پێشبینی ناکرێ هێزی پێشمەرگەی کوردستان راستەوخۆ دەرگیری شەڕی داعش بێ مەگەر ئەوەی کە بکرێتە ئامانج. هێرشی داعش تا ئێستا سوودی بە چارەسەری مەسەلەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی حکوومەتی هەرێم گەیاندووە و ئەگەر بڕیار بە بەشداری هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە شەڕ بەدژی داعش دابێ، پێویستە لەبەرامبەر پوان و ئیمتیازی بەهێز وەکوو دانپێدانانی حکومەتی بەغدا بە پرسی هەناردەکردنی نەوت و چارەسەری ماددە لەبیرکراوەکانی یاسای بنەڕەتی عێراق و یەک لەوان ماددەی ١٤٠ بێ.

**ئاکامبەندی:**

لە راستی‌دا، مەسەلە ناوخۆیی‌و دەرەکییەکانی عێراق لە گشت رەهەندەکانی سیاسی، ئەمنییەتی‌و ئابووری ئەو تێکەڵاوێک لە بەرژەوەندی زۆرێک لە وڵاتانی ناوچە، بەتایبەتی دراوسێکان‌و بەشێک لە ئەکتەرانی نێودەوڵەتییە. لەلایەک حیزبەکان، گروپەکان و هێزە ناوخۆییەکان لە عێراق چ مەزهەبی، قەومی و نەتەوەیی لەگەڵ ئەکتەرانی دەرەکی پێوەندییان دروست کردووە و کارتێکەرییان لێ‌وەردەگرن. هەر بەو هۆکارەشە، کە لە بارودۆخی ئێستادا ناتوانرێ سیاسەتێکی گشتگیری تەواو سەربەخۆ و لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هەموو پێکهاتەکانی عێراق بگیردرێتەبەر.

ئەگەرچی پێکدادانەکانی نێوان داعش‌و هێزە دژبەرەکانی لەوپەڕی گەرماوگەرمی خۆیان دان، بەڵام پێشبینی ناکرێ کە چالاکییەکانی ئەو گروپە لە مانگەکانی داهاتوودا بە تەواوێتی کپ بکرێ، بەو هۆیە کە ئەو پرسە بەستراوەتە بە ناکۆکییە سیاسییەکانی عێراق‌و مەسەلە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان. هێرشی داعش، خاڵێکی وەرچەرخان بۆ دەرگیری بەرەی شیعە و سوننییە. بە هەر شێوە، ئەگەر هێرشەکانی داعش رانەوەستێندرێن‌و لە ناوچەکانی ژێر هێژمۆنی خۆیان‌دا دەر نەکرێن، دەوڵەتی عێراق تەواو دەکەوێتە مەترسییەوە. بوونی قەیرانی سووریە و عێراق، دەتوانێ ئەگەری پێکهێنانی حکومەتێکی یەکگرتوو لە ناوچەکانی رۆژهەڵاتی سووریە و ناوچەکانی رۆژئاوای عێراق، واتا هەمان یۆتۆپیای جیهادییەکان، بەهێز بکا.

# سەردەشت بە بێدەنگی!



خالید محەمەدزادە

ساڵی ١٣٦١ ساوجی لە شاری مەریوان، ١٨ی پووشپەڕی ١٣٦٢ جادەی پیرانشار،٢٧ی رەزبەر١٣٦٢ چەندین ناوچەی نێوان بانەو مەریوان، ساڵی ١٣٦٢ گوندەکانی باینجانی باوە شێوەرەشی سەردەشت، ساڵی١٣٦٥ چەند گوندێکی ناوچەی ئیلام، ٧ی پووشپەڕی ١٣٦٦ شاری سەردەشت،٢١ی بەفرانباری ١٣٦٦ چەند ناوچەیەکی سنووری سەردەشت، ٢٦ی رەشەمەی ١٣٦٦ شاری هەڵەبجە، ساڵی ١٣٦٦ گوندەکانی بلە سەن‌و گڵەرەش لە ناوچەکانی بانەو سەردەشت، ساڵی ١٣٦٧ گوندەکانی نژمار، نێی، قەلعی چی‌و دزلی لە شاری مەریوان. رۆژی دەیەمی نەورۆز گوندی کلالی پاوەو چەند رۆژ دواتر شاری نۆدشە، ٢٨ی گوڵانی ١٣٦٢ گوندی مەزن‌ئاوای سەردەشت، رۆژی ٢٤ی جۆزەردان چەند ناوچەیەکی بانە، مانگی خەرمانانی ١٣٦٥ ناوچەکانی گیلانغەرب‌و سەرپێلی زەهاو....



ئەو ناوچانەی سەرەوە تەنیا چەند ناوچەیەکی رۆژهەڵاتی کوردستانن کە لە ماوەی هەشت ساڵی شەڕی ئێران‌و عێراق بەر چەکی کیمیایی کەوتن‌و تەنانەت زۆر پێش ناوچەکانی باشووری کوردستان، یەکەم بۆمبارانی شیمیایی حکوومەتی عێراق لە رۆژهەڵاتی کوردستانەوە دەستی پێ‌کردو دواتر بە هاتنە ناوەوەی هێزەکانی ئێران بۆ باشوور بۆمبارانی شیمیایی باشوری کوردستانیشی گرتەوە.

دەیەی ٦٠ی هەتاوی هەر چوار پارێزگا کوردییەکەی رۆژهەڵات بە حوکمی هاوسنوربوونی لە گەل عێراق، گورەپانی ململانێی شەڕی هەشت ساڵە بوو، حکوومەتی ئێران زۆربەی هێزەکانی بۆ بەرەنگاربوونەوەو ناردنە دەرەوەی شۆرشی ئیسلامی‌و وەک خوی دەیگوت بۆ گرتنی قودس لە رێگای کەربەلاوە هینابووە بۆ کوردستان، جگە لەو شەڕەش هاوکات شەرێکی بەرفراوانتریش لە کوردستان لە گەل پێشمەرگە دەستپێ‌کردبوو کە لە راستی‌دا کوردستان ببووە مەیدانی دوو شەڕی هاوکات.

**بێدەنگی جیهانی!**

ئەوەی دەمەوێ لێرە ئاژماژەی پێ‌بکەم، بێدەنگبوونێک هاوکات لە گەڵ شیمایی بارانکردنی رۆژهەڵاتی کوردستان کە ئەم کارە لە سەردەشت بە لوتکەی خۆی دەگات‌و لە ئیلامەوە تا ورمێ گوندو شاروشارۆچکەکانی کوردستان بە جورەها چەک لێی دەدرا کە دواترینیان چەکی شیمایی بوو.

لەزەمەنی دوو قوتبی بوونی جیهان حکوومەتی سەدام توانیبووی پاڵپشتیەکی نێودەوڵەتی بۆ خۆی مسۆگەر بکات‌و هەر ئەم پاڵپشتیەش وایکرد کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەرامبەر بە شیمایی کردنی کوردستان کاردانەوەی نەبێت، ئەگەرچی ساڵی ١٣٦٥ ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بەرامبەر بە بەکاربردنی چەکی شیمایی بڕیارنامەیەکی بۆ مەحکومکردنی ئەو وڵاتانە کە ئەم چەکە بەکار دەبەن پەسند کرد، بەڵام بە هۆی ڤیتۆی ئەمریکا بڕیارەکە هەڵوەشایەوەو ئەمەش ئەوەندەی‌تر دەستی سەدامی ئاواڵە کرد بە بیانوی لێدانی هێزەکانی ئێران، کوردستان شیمایی رێژ بکات، هەر بۆیە کۆمەلگای نێودەوڵەتی‌و تەنانەت جیهانی ئیسلامیش نەک بەرامبەر بەم کارە بێدەنگ بوون، بەڵکوو بەرامبەر بە شیمایی کردنی دواتری هەڵەبجەش هەمان سیاسیەتیان پەیڕەو کرد.

**بێدەنگی کوردی!**

هاوکات لە گەل هەڵگیرسانی شەڕی ئێران‌و عێراق، شەڕێکی‌تر لە کوردستان

ل ٨

# سووتانی کچە قوتابییەکانی شیناوێ، داغێک بە دڵی هەموومانەوە

## چارەنووسی سووتاوتان بە «دیە»ی جاهیلییەت چارەسەر ناکرێ!



کوێستان فتووحی

دادەنیشم چاو لە وێنەکانتان دەکەم، بیر لە ئازاری برینە سارێژ نەبۆوەکانتان، لە گەورەبوونی پڕ لە ژانتان، لە ئاوات و ئارەزووە سووتاوەکانتان، لە دەموچاوی هەڵقرچاوتان، کە وەک کاغەزی گرمۆڵە بووە... مەگەر بە لە دایک بوونەوەیەکی دیکە وەک خۆی لێبێتەوە. بیر لە گرێ‌و گۆڵی دەستە توێغ بەردراوەکانتان، لەو داغەی هەتا مردن بە روخسارتانەوە دەمێنێ، دەکەمەوە. بیر لە یەکەم رۆژی چوونە قوتابخانەتان دەکەمەوە کە هەمووتان بە بۆنی نوێی قوتابخانە سەرمەستت ببوون‌و قاقای پێکەنینتان ئاوایی پڕ کردبوو! کەچی ئێستا بە هێنانی ناوی قوتابخانە مۆتەکەی ئاگر بەرۆکتان دەگرێ! ئێستا قوتابخانە بۆنی سووتانی لێدێ، کتێبەکان لە جیاتی بۆنی نوێ، بۆنی دووکەڵ‌و خۆڵ‌و نەوتیان لێدێ.

لە فەرهەنگی ئێرانی باستان‌دا، دەگوترێ ئاگر مرۆڤە پاکەکان ناسووتێنێ! کە وایە ئەم چیرۆکە راست نیە. ئاگر ... ئاگر ئاوێنەی روخسارتانی چرژاند، بۆیە ئێوە لە ئاوێنەش تووڕەن؟ نازانم کێ دەتوانێ لەگەڵ ئاوێنە ئاشتتان کاتەوە؟!

کچە وردیلەکانی شیناوێ! ئاگرتان تێپەڕاند، بەڵام زامی ئاگرەکەی ئێوەی سووتاند کەی کۆتایی دێ؟! ئێوە چ نەخشێکتان لەم چارەنووسەدا هەبوو، چتان دەویست جگە لە گرمایەک کە لەشی شلک‌و سڕبووتان گەرم‌کاتەوە، تا بەڵکوو بتوانن لە سەر مێزە رەقەکەی پۆلەکەتان رەسمی داهاتوو و بۆ ژیان بکێشنەوە!

بەڵام..... ئاگر بۆ هەمیشە رەسمی کوڵمی هەڵقرچاوتانی لە دیواری بیری هەموان کێشایەوە، بۆ ئەوەی لەیادمان نەچێ ئاگر تەنیا چێژمان پێنابەخشێ، بەڵکوو دەتوانێ چارەنووسیشمان بسووتێنێ! ئەوانەی ئێوەیان بەم چارەنووسە تاڵە گەیاند، بڵێی بزانن شەرمەزاری چیە!



دەبێ دڵت وەک بەرد رەق بێ کە بتوانی چاو لە سیمای شێواوی ئەم کیژە ژاکاوانە بکەی‌و گریانت نەیە.

***

نزیک دوو ساڵ لەمەوبەر لە ١٥ی سەرماوەزی ١٣٩١ قوتابخانەی شیناوێی پیرانشار بەهۆی ئاگر تێبەربوونی کوورەی نەفتی سووتاکە لەوێدا ٢٩ قوتابی تووشی سووتان بوون. سەیران یەگانەو سارینا رەسووڵزادە دوو کچی قوتابی بوون کە لەم کارەساتە دڵتەزێنەدا گیانیان لەدەست دا. ئامینە، نادیەو ئەسما، ٣ کچی دیکە بوون کە جەستەیان ٤٥، ٥٠ لەسەدی جەستەیان سووتاوەو سیمای جوان‌و ناسکی منداڵانەیان هەڵقرچاوە.

ئامینە حەزی لە چوون بۆ قوتابخانە، شادی، جلی رەنگاورەنگ، چوونەدەر لەماڵ بوو، کەچی ئەوە بۆ دوو ساڵ دەچێ بۆ هیچ کوێ ناڕوا، حەزی لە یاری‌و شایی‌و شادی نیە، چونکە «ئاگری قوتابخانە» داغێکی بە هەموو جوانییەکانیەوە ناوەو لەسەر تەختی نەخۆشخانەو ژوورەکانی نەشتەرگەری‌دا چاوەڕوانە رۆژێک بێ‌و ئەم داغە سارێژ بێ!

نادیای ١١ ساڵان دەڵێ، کە دەچمە بەر ئاوێنە دەڵێم خوایە من جاران جوان بووم بۆ ئێستا وام لێهاتوە!

ئەسمای هاورێشی هەروەک ئامینە حەزی لێ‌نیە خۆی نیشان بدا، دەڵێی هەر حەزی لە تەنیایی بووە! ئەو بە دڵتەنگییەوە دەڵێ ناتوانم چیتر مەشقەکانم وەک جاران بنووسمەوە، «ئاخر هەمیشە دەستەکانم باندپێچین بۆ ئەوەی چڵک نەکەن»

***

کچە قوتابییەکانی شیناوێ پێویستان بەوە نیە هەموو رۆژێ ئەو چیرۆکە تاڵەی رۆژی رووداوەکەیان پێ بگێڕنەوە، ئەوان پێویستیان بە چارەیە، چارەی برین‌و ئازارێک کە بەرپرسان‌و دەسەڵاتدارانی وڵاتەکەیان هۆکارەکەی بوون.

کاتی رووداوەکە تیتری هەموو رۆژنامەو ماڵپەرەکان ئەوە بوو «قوتابخانەی شیناوێی پیرانشار بووە نێچیری ئاگر و ....» رۆژێک دواتر دڵتەزێنترین هەواڵ ئەوە بوو سەیران یەگانە بەهۆی سووتاوی زۆر گیانی لەدەست دا... چەند رۆژ دواتر هەواڵی مەرگی سارینا رەسولزادەو دواتر غەم‌و فرمێسکی بنەماڵەکانیان بۆ زامی لەدەستدانی کیژۆڵەکانیان‌و دیسان بێدەنگی.....

بەرپرسانی وڵات لەسەر ئەم کارەساتە ئەو کاتە بەم جۆرە وەدەنگ هاتن: «لە هەموو جێیەکی دنیادا ئەم رووداوانە روو دەدەن، رووداوێکە رووی داوەو هیواداریین زۆری مانۆر پێوە لێ‌نەدرێ».

سووتانی قوتابخانەکەی شیناوێ یەکێک لە دڵتەزێنترین‌و گەورەترین کارەساتەکانی ساڵی ٩١ بوو. بەڵام بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی لە جیاتی هەموو هەوڵێکیان بۆ چارەسەرو سارێژبوونەوەی برینی منداڵە سووتاوەکانی ئەم کارەساتە، لە راگەیەنەکانیان‌دا هەوڵیان‌دا رووداوەکە بچووک نیشان بدەن، تاکوو بێ‌لیاقەتی خۆیان بشارنەوە.

ئێستا ماویەکی کەم لە رووداوی سووتانی قوتابخانەکەی شیناوێ تێپەڕ نەببوو، فەرمانداری پیرانشار لە وتوێژێک‌دا داوای لە هەواڵنێرەکان کردبوو «بەسە واز لە شیناوێ بێنن! ئەم رووداوانە لە ناوچەکانی دیکەی وڵاتیش دەکرێ روو بدەن، بۆ راگەیەنەکان تەنیا بەوەی شیناوێ هەستیارن؟ بەسە تاکەی دەست لە یخەمان ناکەنەوە!»

بەڕاستی ئەوانەی ئەم کارەساتەیان بە رووداوێکی ئاسایی چاو لێ‌کردو ئاسایی بەلای‌دا تێپەڕین، دەبێ چ ناوێکیان لێ بنرێ؟ ئینسان دەبێ گومان لە عەقڵیان بکا! ئەوەی بەسەر ئەم کچە قوتابیانە هات نە پێوەندیی بە قەزاو قەدەرەوە هەیە، نە بە «شانس‌و بەخت» کە تائێستا بەرپرسان بەم جۆرە قسە بێ‌بنەمایانە ویستوویانە برینی دڵی دایک باوکی کچەکانی شیناوێ سارێژ بکەنەوە!

کارەساتی شیناوێ وردەوردە لە نێو راگەیەنەکانی کۆماری ئیسلامی‌و لێدوانی



بەرپرسانی ئەو رێژیمە لەبیر چۆتەوە، لەحاڵێک‌دا کچەقوتابییە زیان لێکەوتووەکان یەکجار زۆریان ماوە دەردەکەیان چارەسەر بکرێ. بە هۆی بێمەیلی‌و پێ‌ڕانەگەیشتنی پێویست بەو منداڵە زیان لێ‌کەوتووانە، نەک لە بیرو زەینی خەڵکی شیناوێ‌و بنەماڵەکانیان نەچۆتەوە، بەڵکوو داغێکی دیکە بەدڵیانەوە نراوە.

خاڵێکی جێی سرنج ئەوەیە کە ئێستا دوای تێپەڕینی دووساڵ لە کارەساتی



سووتانی قوتابخانەی شیناوێ، بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی لەجیاتی دابینکردنی هەموو تێچوویەکی پزیشکی بەخۆڕایی بۆ چارەسەری ئەم کچە قوتابیانەو قەرەبووی خەسارەکانی بنەماڵەکانیان، قسە لە پێدانی «دیە» بە بنەماڵەی ئەم کچانە دەکەن.

کۆنەپەرستانی حاکم لە پێدانی خەسارەتی تەواو بە بنەماڵەی ئەم قوتابییە زیان دیتوانەی قوتابخانەی شیناوێ بەهۆی ئەوەی کچن خۆ دەبوێرن. باوکی یەکێک لەو کچانە لە وتوێژێک لەگەڵ راگەیەنەکان‌دا دەڵێ دەبوو ٣٤٥ میلیۆن تمەن «دیە» بەناوی خەسارەت بۆ کچەکەم کە جەستەی سووتاوەو زیانی پێگەیشتوە، بدرێ، بەڵام بە ئێمەیان گوتوە چونکە ئەو منداڵانە کچن «دیە»ی ئەوان ١٣٦ میلیۆن تمەنە!

لە قانوونی ئیسلامی‌دا لە جیاتی دابینکردنی کەرەسەکانی خۆشگوزەرانی‌و بیمەی ژیان بۆ هەموو ئەندامانی کۆمەڵ «دیە» ئەم نرخە قیزەونەی دەورانی جاهیلییەت، (دانانی نرخی ماددی بۆ گیانی ئینسان) کە بە هۆی کوژرانی مرۆڤ یان کەمئەندامبوونی کەسێک، دەدرێ بە بنەماڵەی زیان لێ‌کەوتووەکە. هەر بەپێی ئەم قانوونە بێزهەستێنە کە بناغەکەی لەسەر هەڵاواردن دارێژراوە، «دیە»ی ژن نیوەی «دیە»ی پیاوە.

دەبێ پێدانی «دیە» بۆ بنەماڵەی کچەکانی شیناوێ چ مانایەکی هەبێ؟! ئایا بەڕاستی ئەوە برینی قووڵی ئەوان چارەسەر دەکا؟! ئایا کچەکان روخساریان وەک پێشووی لێ‌دێتەوە؟

قانوونی «دیە» قانوونێکی کۆنەپەرستانەی ئیسلامیی دژی ئینسان‌و بەتایبەتی دژی ژنە، نرخی گیانی ژن نیوەی نرخی گیانی پیاوە. ئەمە زامێکە کچەکانی شیناوێ رەنگە ئێستا هەست بە ئازارەکەی نەکەن!

ئەوان ئێستا دڵیان پڕە لە داخی بێ‌مەیلییەکانی بەرپرسان‌و دەسەڵاتدارانی پێوەندیدار. ئەم منداڵانە بەردەوام پێویستیان بە پێڕاگەیشتنی دەرمانی‌و نەشتەرگەری هەیە، رەنگە نەشتەرگەری هێندێکیان بە چەندین ساڵ درێژە بکێشێ، بەڵام دەسەڵاتداران وەڵامدەری نیازەکانی ئەوان نین. بە هۆی ئەم وەڵامدەر نەبوونە، بنەماڵەی ئەو کچانە بەچەندین جار ناڕەزایەتییان لە دژی وەزارەتی پەروەردەو تەندروستی رێژیم دەربڕیوە، بەڵام دەنگیان بە هیچ کوێ نەگەیشتوە.

سووتانی ئەم منداڵانە کە هیواو هومێدی دوارۆژی بنەماڵەو کۆمەڵی خۆیانن، یەکێکی دیکە لەو ریزە جینایەتانەی ئەو نیزامە کۆنەپەرستەیە، کە هیچ رێزێک بۆ داهاتووی ئەو کۆمەڵگەیە دانانێ. وەزارەتی فێرکردن‌و پەروەردەی ئەو نیزامە دابینکردنی کەرەسەکانی خۆشگوزەرانی‌و راگەیشتن بە کێشەی پاراستن‌و لەشساغی قوتابیان بە ئەرکی خۆی نازانێ، ئەگینا پاش روودان‌و کارەساتی شیناوێ دەبوو بە ئەخلاق‌و پرنسیپێکی دیکەوە بیرێکی بەپەلەی لە چاوەدێری‌و شێوازی ستانداری شوێنە پەروەردەییەکان بکردایەتەوە، تاکوو خەڵکی ئێران چی دیکە شاهیدی کارەساتی دڵتەزێنی لەم چەشنە نەبێتەوە. دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئامادە نین بە پووڵی زۆری نەفت کەمترین تێچوو بۆ سیستمی گەرمای



قوتابخانەی دێهاتە هەژارەکانی ئێران تەرخان بکەن، چۆن خەرجی تەواوی ئەم کچە قوتابیانە دەگرێتە ئەستۆی خۆی بەتایبەتی کە ئەوانە کوردیشن؟!

کۆماری ئیسلامی تەنیا کارێک لە شوێنەپەروەردەییەکان کە بە جیددی باشی بەڕێوە دەبا، بیرشتنەوەیەو پەرەپێدانی خورافەو ئیسلامیی کردنی کتێبە دەرسییەکان‌و پاکسازی کردنی مامۆستایان‌و خوێندکارانێکن کە لە دژی ناعەدالەتییەکان ناڕەزایەتی دەردەبڕن.

---

درێژەی:

## سەردەشت بە بێدەنگی!

درێژەی هەبوو، شەڕی کۆماری ئیسلامی‌و پێشمەرگەو شەڕی حکوومەت بۆ پاککردنەوەی کوردستان لە هەموو ناڕازی بوونێک کە هاوکات بوو لە گەڵ دەرکردنی فتوای جیهادی خومەینی بۆ سەر کوردستان، ئەمەش وای‌کرد حیزبە کوردییەکان بۆ پاراستنی خویان عێراق وەک پشتی جبهە بە کار بێنن‌و ئەمەش تاڕادەیەک وای کرد کە بەرامبەر بە جینایەتەکانی سەدام لە کوردستان بێدەنگی هەڵبژێرن.

لە ئارشیوی سیاسیی حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بێدەنگیەکی دیار بەرامبەر بە بۆمبارانکردنی شیمیایی سەردەشت‌و شارو شارۆچکەکانی‌تر لە دەیەی ٦٠ دەبینرێت، شیمیای‌کردنی کوردستان نابێتە جێگەی ناڕەزایی‌و هەڵویستگرتن‌و مەحکوومکردنی‌و ناشبێتە هۆی ئەوەی کە ئەم جینایەتە نێودەوڵەتی بکریت، هۆکارەکەی هەر چییەک بێت پرسی شیمیایی کردنی رۆژهەڵاتی کوردستان بەو جۆرەی کە شیمیایی کردنی باشووری کوردستان دەبێت بە رۆژەڤی حیزبەکانی ئەو بەشەی کوردستان، لە رۆژهەڵات نابێتە پرسی هێزە سیاسییەکانی کوردستان‌و کۆمەڵگای کوردی لە ئێران‌و رەنگە ئێستاش زور کەس ئاگاداری شیمیایی کردنی کوردستان نەبێت.

**بێدەنگی دوای بێدەنگی!**

بێدەنگی درێژمەوداترو کوشندەتر کە تا ئێستاش درێژەی هەیە ئەو لاڵبوونە گەورەیە کە بەرامبەر بە ساڵیادی شیمیایکردنی شارەکەو کەیسی سەردەشت‌و زیانلێکەوتوانی دەبینرێت. دادگایگردنی سەدام دوای رووخانی حکوومەتەکەی دەرفەتێکی باش بوو بۆ ئەوەی کەیسی شیمیایکردنی سەردەشت‌و شوێنەکانی دیکەی رۆژهەڵاتی کوردستان بخرێتە روو بەڵام جگە لە هەوڵ‌و تەقەلای چەند کەسێک‌و رێکخراوی چاک کە دواتر لە گەڵ دژایەتی ئێران بەرەو روو بوونەوە هەوڵێک نەدرا کە پرسی شیمیایی کردنی رۆژهەڵاتی کوردستان لە دادگای تاوانەکانی عێراق وەک کەیسیک مامەڵەی لە گەڵ بکرێت، ئەوەش خراپ نیە بگوترێ کە یەکەم بەیاننامەی ناڕەزایی بەرامبەر بە شیمایی کردنی شاری سەردەشت لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ لەلایەن حیزبە کوردیەکانەوە بڵاو دەکرێتەوە کە ئەویش هەموویان نا.

**کوتایی:**

فەرامۆشکردنی ئەم پرسە دوای ٢٧ ساڵ بە جۆریک پشت گوێخستنی زیاتر لە ٨ هەزار بەرکەوتەی شیمایە تەنیا لە شاری سەردەشت جگە لە شوێنەکانی‌تر کە تا ئێستاش بە ئازارەکانیانەوە دەتلێنەوە، لە گەڵ ئەوەش بێ‌موبالاتی گەورەیە کە ئێمە کارەساتەکانمان فەرامۆش بکەین کە بەشێک لە کارەساتی نیشتمانیی ئێمەن. رەنگە ئەم قسەیەش وەراست گەڕێ کە دەڵێت خەڵکێک کارەساتەکانی فەرامۆش بکات مەحکوومە بە بەرهەمهێنانەوەی.

# کوردو دابەشکردنی ناوچەیی ئێران



ڕێبوار مەعرووفزادە

بە پێی بەرنامەی غولامرەزا ڕەحمانی فەزل، وەزیری نێوخۆی ئێران، پارێزگاکانی ئێران بەسەر ٥ ناوچەدا دابەش کراون. بە وتەی ڕەحمانی فەزل ئامانج لەو بەرنامەیە وەپێش خستنی گەشەسەندنی ناوچەیی بەسەر گەشەسەندنی هەر پارێزگایەکە. وەزیری نێوخۆ پێی‌وایە ئەو دابەشکردنە ناوچەیی کە بە پێی نیزیکی جۆغرافیایی، پێوەری ئابووری، ئەمنییەتی، کولتووری و .. ئەنجام دراوە ڕێگەخۆش دەکا بۆ ئەوەی کە چەند پارێزگا پێکەوە لە سەر کۆمەڵێک بەرنامە بۆ گەشەسەندنی ناوچەیی ڕێک بکەون و هاوکاری یەکتر بکەن. بەشێک لە نوێنەرانی پارلمانی ئێران پێش ڕاگەیاندن‌و دوای ڕاگەیاندنی ئەو بەرنامە نارەزایەتی خۆیان دەربڕیوە و باسیان لەوە کردوە کە ئەو بەرنامەیە ئێران بەرەو هەڵوەشانەوە دەباو هەڕەشەی ئەمنییەتی بۆ تەواوەتی سنووری ئێران دروست دەکا. حیزبە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش ئەو دابەشکردنە جوغرافییایە بە هەوڵدان بۆ لێکترازانی پێوەندی نەتەوەیی کوردەکان لە یەکتر لەقەڵەم دەدەن. ئەو حیزبانە پێیانوایە دیاریکردنی ناچەی ٣ ، کە لە پارێزگاکانی کوردستان، ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، ئەردەبیل، زەنجان، گیلان و ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات پێکهاتووە و هەروەها دیاریکردنی ناوچەی ٤ ، کە لە پارێزگاکانی کرماشان، ئیلام، لورستان، هەمەدان، مەرکەزی و خوزستان پێکهاتووە، هەوڵ دانە بۆ لاوازکردنی ناسیۆنالیزمی کوردی لە ڕێگەی لیکترازانی جوغرافیایی لە نێو خەڵکی کورددا. هەوڵ دان بۆ شیکردنەوەی لایەنە ئەرینی‌و نەرینییەکانی گەڵاڵەی دابەشکردنی ناوچەیی یارمەتی ئەوە دەدا نەک هەر بە شێوەی باو و کلاسیک ڕەتی بکەینەوەو دژایەتی بکەین بەڵکوو بیر لەوە بکەینەوە کە ئەگەر ئەو گەڵاڵەیە جێبەجێ بکرێ، کورد دەبێ چۆن ڕۆڵ بگێڕی بۆ ئەوەی کوردایەتی بەهێزتر بێ.

### جوغرافیا وەک فاکتەری لێکنزیک کردنەوە

جۆغرافیای هاوبەش دەتوانێ وەک فاکتەرێک لە نزیککردنەوە هەستی نەتەوە ڕۆڵ بگێڕێ، بەڵام فاکتەری جوغرافیا فاکتەرێکی تەواوکەر نییە. کاتێک لە لایەن حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاوا ڕەخنە لە گەڵاڵەی دابەشکردنی جوغرافیایی ئێران بگیرێ کە ئەو گەڵاڵە «سنە و موکریان وەک ناوندی کوردایەتی لە کرماشان و ئیلام وەک بەشێکی دیکەی کوردەکان دادەبڕێنێ، ئەوا بە واتای ئەوەیە پێوەندییەکی پتەو و دیاریکراوی نەتەوەیی لە نێوان ئەو پارێزگایانەدا هەیە. هەر بۆیە کۆماری ئیسلامی دەیهەوێ لە ڕێگەی ئەو تەرحە، لە ڕێگەی لێکترازانی پێوەندی ئیداری و بۆرۆکراتیک پێوەندی نێوان ئەو پارێزگایانەش کەمرەنگ بکاتەوە. بەڵام دروست وایە لەو سیاسیانە بپرسی کە ئەو چوار پارێزگایە واتە پارێزگای کرماشان، کوردستان، ئازەربایجانی ڕۆژئاوا و ئیلام لە سێ دەیەی ڕابردوو لە کام ڕووداو و بە چ شێوەیەک ئەو پێوەندی نەتەوەییەی نێوان یەکتریان نیشان داوە. داخستنی دووکان و بازار بە مەبەستی مەحکووم کردنی تیرۆری دوکتور قاسملوو و مانگرتنی نارەزایەتی خەڵکی کوردستان بە هۆی لەسێدارەدرانی فەرزاد کەمانگەر و هاوڕێیانی گەورەترین و بەرچاوترین نمونەی کوردایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون. بەڵام لە هیچ کام لەو ڕووداوانە کرماشان و ئیلام و تەنانەت بەشی کرمانجی شارەکانی ورمێ، سەلماس و .. بەشداری نەکردوە. لێرەدا پێویستە دوو چەمک لە یەک جیا بکەینەوە. ئەویش چەمکی پۆتانسیەلی ناسیۆنالیستی لەگەڵ توانای ناسیۆنالیستی یەک نەتەوەیە. بۆ نموونە پۆتانسیەلی نەتەوایەتی لە باکووری کوردستان بە پێی ڕادەی دانیشتوانی کورد لە کۆی گشتی دانیشتوانی تورکیە ئەوەیە کە نزیک ١١٠ کورسی بەدەست بێنێ بەڵام تاکوو ئێستا توانای ناسیۆنالیستی کورد لە باکوور کەمتر لە ٤٠ کوردسی بووە. ئەوەی کە لە باری زمانی




و کولتووری خەڵکی پارێزگاکانی کرماشان و ئیلام کوردن بە واتای ئەوە کە پۆتانسیەکی چالاکی نەتەوەیی لەوێ هەیە. هەبوونی ئەو پۆتانسیلە بە جێگەی خۆی بەڵام توانای ناسیۆنالیزمی کوردی لە جۆغرافیایەک بە پانتایی چوار پارێزگای کرماشان، کوردستان، ئازەربایجانی ڕۆژئاوا و ئیلام لە ژێر پرسیار دایە.

### دابەشکردنی ناوچەیی و لاوازکردنی بیرۆکەی پاراستنی یەکپارچەیی خاک

بە پێی گەڵاڵەی وەزارەتی نێوخۆ هەر کام لەو ناوچانە ناوەندێکی دەبێ. ناوەندی ناوچەی ٣ تەورێزە و ناوەندی ناوچەی ٤ کرماشانە. لەو ناوەندانە دەبیرخایەک بوونی دەبێ بۆ ئەوەی لە بواری ئیداری و برۆکراتیکەوە پارێزگاکانی یەک ناوچە پێکەوە گرێ بدا. لە گەڵاڵەی دابەشکردنی ناوچەیی ئێران دەکرا لە پێوەر و شێوازی دیکە کەڵک وەرگیرابا بەڵام ئەوەی کە ئێران دابەشبکرێ لە پێناو گەشەسەندنی ئابووری و ئیداری و ... بابەتێکی ئەرێنییە.

ئاخۆ دەکرێ بەناوەندبوونی کرماشان لە ناوچەی ٤ ببێتە هۆی گەشەسەندن و گرنگی دانی زیاتر بە کرماشان؟ ئاخۆ بەهێزبوونی کوردەکان لە بواری ئیداری و ئابووری پێویستییەکی سەرەکییە بۆ بەهێزکردنی کوردایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان؟ کوردەکان لەو دابەشکردنە شتێکیان لە دەست نەداوە بەڵام دەتوانن شتێک بە دەست بێنن. ئەگەر ناوەندی کوردایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە ئێستا موکریان-سنەیە لە توانایی ئابووری‌و ئیداری زیاتر بەهرەمەند با، توانای ئەوەی دەبوو کە پەیامێکی سیاسی باشتریش بدا. بۆ نموونە مانگرتنێک کە لە شاری کرماشان بەڕێوە بچێ هەڵگری پەیامێکی سیاسی بەهێزترە هەتا مانگرتنێک کە لە شاری مەهاباد بەڕێوە بچێ..

لە لایەکی دیکەوە ڕەنگە ئەوە نەرێنی بێ کە بەشێک لە کوردەکانی پارێزگاکانی کوردستان و ئازەرەبایجانی ڕۆژئاوا لە ڕێگەی ئەو گەڵاڵەیەوە دەبنە پاشکۆی تەورێز و تورکەکان. بەڵام ڕاستییەکیش هەیە دەبێ ببیندرێ ئەگەر ئەو پاریزگا کوردنشینانە وەک وڵاتێک یان هەرێمێکیش سنووری خۆیان هەبێ، لە بواری ئابوورییەوە هەر پاشکۆی تەورێزن. لە سەردەمی ئێستادا مسۆگەرکردنی پێشکەوتنی سیاسی بە بێ مسۆگەرکردنی پێشکەوتنی ئابووری شتێکی ئەستەمە. هەر بۆیە کوردەکانی ڕۆژهەڵات پێویستە ئاوا بڕواننە ئەو گەڵالەیە کە ئەگەر بچووکترین دەرفەتی ئیداری-ئابووری لەو گەڵاڵەیەدا بێ، کەڵکی لێوەربگرن.

### ئەزموونە نێوخۆیی‌و جیهانییەکانی جیابوونەوەی جۆغرافیایی

سەرکەوتنی دابەشکردنی ناوچەیی ئێران یارمەتی ئەوە دەدا کە دابەشکردن و تەنانەت جیابوونەوەی جۆغرافیایی وەک شتێکی لۆژیکی و نەک پیرۆز لەقەڵەم بدرێ. هەروەها لە ئاستی جیهانیشدا کۆمەڵێک ئەزموونی جیهانی هەیە کە ڕەنگدانەوەیان لە نێو بیروڕای گشتی ئێران دەتوانێ یارمەتی هێنانە ئارای ڕوانینێکی لۆژیکی بە نیسبەت جۆغرافیاو خاکی وڵاتی ئێران بدا. ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە سکاتلەند بۆ جیابوونەوە لە بریتانیا کە لە ١٨ سپتامبەری ٢٠١٤، یەکێک لەو نموونانەیە کە بیرۆکەی پاراستنی خاک بەهەر نرخێک دەخاتە ژێرپرسیار. جیابوونەوەی نورویژ لە سوئێد لە ساڵی ١٩٠٥، جیابوونەوە لە نێوان چک و سلواکی لە ساڵی ١٩٩٣ نمونەگەلێکی دیکەن کە بەشێوەیەکی ئاشتیخوازانە خەڵکانێک لەیەکتر جیابوونەوە. نموونەگەلێکی دیکەش هەن وەک هەڵوەشاندەوەی یۆگۆسلاقی، کە لەودا وڵاتانی کرواسی، بوسنی هەرزە گۆوین، کۆزۆڤۆ و سربستان لە دوای شەڕێکی خوێناوی لە یەک جیا بوونەوە. دیارە نموونەی هەرە نزیکیش کە لە تەنیشت ئێرانە، پرسی بەهێزبوون و تەنانەت سەربەخۆیی هەرێمی کوردستانە. هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی گەشەی ئابووری وەک هەرێمێکی کوردی هەم ئەو پەیامە بە کوردەکانی ڕۆژهەڵات دەدەن کە کوردەکان خۆیان دەتوانن ناوچەی خۆیان بەڕێوە بەرن و سەرکەوتووتریش بن. لە لایەکی دیکەوە سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان و هەلوەشاندنەوەی عێراق، فرەچەشنی نەتەوەیی لە ئێرانیش بەرجەستە دەکاتەوە.

چالاکانی کورد پێویستە بەو ڕوانگەوە هەڵسەنگاندن بۆ گەڵاڵەی دابەشکردنی ناوچەیی ئێران بکەن کە چۆن دەکرێ ئەو گەڵالەیە بۆ بەهێزکردنی توانای ئابووری-ئیداری کوردەکان و لاوازکردنی بیرۆکەی بە پیرۆز کردنی خاکی ئێران بکەن. کوردەکان

سەرچاوەکان :
«بررسی عدالت انتقادی در یوگسلاوی سابق، دیدبان افغانستان»
«تقسیم استانهای ایران به پنچ منطقه، رادیو دویچە ولو»

# مۆندیال (جامی جیهانی)، چون دەستی پێکرد؟



ڕەحیم ئەحمەدی

توێژینەوە لە سەر مۆندیال کارێکی زۆر ئەستەمە، دیاردەیەک کە فەرهەنگ، ئابووری، سیاسەت، کاری بەکۆمەڵ‌و سەدان چەمکی دیکە لەخۆدەگرێ. ئەم پێشبڕکێ وەرزشییە هێندە سەرنجڕاکێش‌و گرینگە کە تەواوی وڵاتانی جیهان بەشداری کردن تێی‌دا بە شانازی دەزانن. گرینگترین پێشبڕکێی فووتباڵ هەر چوار ساڵ جارێک‌و لە یەکێک لە وڵاتانی جیهان بەڕێوەدەچێ‌و لە ماوەی بەڕێوەچوونی‌دا تەواوی جیهان بە خۆیەوە سەرقاڵ دەکات.

لە دەیەی ٢٠ی زایینی‌دا، لە ماڵی ئاشەوانێک لە شارێکی بچووک لە ناوچەی «تولە ئوت سون»دا منداڵێک لەدایک بوو کە دواتر ناوی نرا «ژۆڵ ڕیمە». لەو سەردەمەدا فووتباڵ لە فەرانسە زۆر باو بوو، ژۆڵ ڕیمە لەگەڵ هاوتەمەنەکانی خۆی یاری دەکرد.

یەکەمین ئەزموونی ژۆڵ ڕیمە بەڕێوەبردنی خولێکی یاری ناوچەیی بوو. ناوبراو سەرۆکی یانەکانی فەرانسەی بۆ پێکهێنانی یەکیەتیی فووتباڵ بانگهێشت کردو یەکەمین یەکیەتیی فووتباڵی لە فەڕانسە وەڕێ خستو بۆ بەرەوپێشبردنی پرۆگرامەکانی لە بەڕێوەبەرێکی شارەزا بە ناوی «هەنری دۆلۆنای» کەڵکی وەرگرت‌و تا کۆتایی تەمەنیان هاوڕێ‌و هاوکاری یەک بوون.

ژۆل ڕیمە لە دەیەی ٣٠ی زایینی دا بوو بە سەرۆکی فیدراسیۆنی فووتباڵی فەرانسە. ناوبراو بە سەردان بۆ وڵاتانی دیکەی جیهان، وردەوردە بیرۆکەی بەڕێوەبردنی خولێکی جیهانی فووتباڵی ئامادەکردو بۆ ئەو مەبەستە ڕای وڵاتانی دیکەی بۆ لای خۆی ڕاکێشاو تەنیا وڵاتی ئینگلیز لەو پێوەندییەدا هاوکاری نەکرد. ساڵی ١٩٢٨ کۆنگرەی فووتباڵ لە شاری «ئامستردام»ی هولەند پێک هات‌و پێشنیاری وەری خستنی جامی جیهانی فووتباڵ خرایە بەر دەنگدان‌و بە پێچەوانەی دژایەتییەکانی ژۆل ڕیمە کە لەو باوەڕەدا بوو هێشتا کاتی بەڕێوەبردنی ئەم یاری‌یانە نەگەیشتووە، بەڵام لە ژێر گوشاری هەنری دۆلۆنای کە لەو باوەڕەدا بوو ئەو بیرۆکەیە سەرکەوتوو دەبێ‌و لە کۆی ٢٨ دەنگ ٢٣ دەنگی هێنایەوەو بڕیار درا هەر چوار ساڵ جارێک یارییەکان لە وڵاتێکی ئوروپایی یان ئەمریکایی‌دا بەڕێوە بچێ‌و ئوروگوئە وەک یەکەم وڵات بۆ میوانداری ساڵی ١٩٣٠ دیاری کرا.



بیرۆکەی بەڕێوەبردنی مۆندیال بە هۆی ژۆڵ ڕیمەی فەرانسەوی‌و هەوڵ‌و کوششەکانی ناوبراو لەو پێوەندی‌یەدا، ناوبراوی وەکوو باوکی مۆندیال ناساندوە. ژۆڵ ڕیمە ماوەی ٣٤ ساڵ سەرۆکی فیفا بووە. ڕێکخراوی فیفا ساڵی ١٩٠٤ دامەزراو بنکەی سەرەکی ئەو ڕێکخراوە لە وڵاتی سوئیسە. لە ساڵەکانی سەرەتایی مۆندیالدا وڵاتی ئۆرووگۆئە یەکێک لە بەهێزترین وڵاتانی جیهان لە بواری فووتباڵ بووە.

ژۆڵ ڕیمە لەو سەردەمەدا بەو ڕاستییە گەیشتبوو هەر بۆیە پشتیوانی لە میوانداری ئۆرووگۆئەی کرد. لە یەکەمین خولی یارییەکان لە شاری «مۆنتەویدئۆ» ئۆرووگۆئە، ئارژانتین، یوگسلاڤی‌و ئەمریکا پلەی یەکەم تا چوارەمیان بەدەست هێنا.

لە ئێستادا فوبباڵ زیاتر لە یەک بواری وەرزشی سەیر دەکرێت . چونکە ئەو وەرزشە وەکو دیاردەیەکی سەرنجڕاکێش و پڕ قریوەی کۆمەڵایەتی کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لە سەرکاری بە کۆمەڵ، ئابووری، سیاسەت، جووڵەوبزاوت، پێوەندی نێوان گەلان‌و وڵاتان، پێکەوە ژیانی ئاشتیانە. خولی بیستەمی جامی جیهانی لە وڵاتی بەرازیل لە حالی بەریۆەچووندایە ئەو جامە بە جامی جیهانی خەڵک نێودێر کراوە ، کە بە گشتی زیاتر لە ١٢میلیارد دولاری تیدا خەرج کراوە . بەرازیلەکان جیا لە میوانداری کردنی جامی جیهانی ٢٠١٤ئەرکی میوانداری کردنی یارییەکانی ئولەمپیکی ٢٠١٦ی ریودۆژانیروشیان لە ئەستۆ دەبێت هەر بۆیە ٦مانگ بەر لە دەستپێکی جامی جیهانی خەڵکی بەرازیل بۆ دەربرینی نارەزایەتی هاتنە سەرشە قام‌و ویستی خەڵک ئەوە بوو کە ئێمە خوازیاری گرینگی دان بە بوارەکانی پەروەردە، تەندروستی، بۆژاندنەوە ئابووری‌و ژینگەین. هەرچەند شارەزایانی ئابووری دەڵێن وڵاتی بەرازیل لە ماوەی ئەو یەک مانگە بە هۆی میوانداری کردنی جامی جیهانی زیاتر لە ٢١میلیارد دولار داهاتیان دەبیت . ناکرێ باس لە فوتبال و جامی جیهانی بکەین بەڵام ڕۆل و پێگەی بەرازیل لە بەر چاو نەگرین. بەرازیل تاقە وڵاتی ئەندامی فیفایە کە لە هەر٢٠ خولی جامی جیهانی دابەشداربووە، هەروەها

ل ١٠

# دێموکراسی لە نێوان ئازادیو دیکتاتۆریدا



وریا ڕەحمانی

ئایا دەکرێ کاتێک کە مرۆڤ خۆی بەرهەمی ژیانە، بە سووکی بگرێ؟! ئەو هەوڵە بێ وچانەی مرۆڤ بۆ خودسانسۆڕیو شاردنەوەی چەمکە بنەماییە وجوودییەکانی وەک بوونەوەرێکی گیانداری خاوەن بیر لە چییەوە سەرچاوە دەگرێ؟! ئەو جۆری هەڵوێستو وێنا کردنەی مرۆڤ لە خۆی لە قووڵاییەکانی دەروونییەوە هەڵدەقوڵێ یان ریشەی لە دەرەوەی چەمکی پێکهێنان و خواست و ئیرادەیدا هەیە؟

لێرەدا بە هیچ شێوەیەک مەبەستم وێنای کۆمەڵگایەکی بێ سەرەوبەرەی ئاڵۆزی نابەرپرسیارانە نییە کە تێیدا بەناوی ئازادیی مرۆڤ کەرامەتو بایەخی ئینسانی بکەوێتە ژێر هەڕەشە و مەترسییەوە. کەچی ڕێک بە پێچەوانە ئەم نووسینە بەربەرەکانییەکی ڕاشکاوانەیە لەگەڵ ئەو شێوازی بیرکردنەوەو ئاراستانەی بەناوی کەرامەتو بایەخی ئینسانییەوە بە پێشکەشکردنی کۆمەڵێک دەستە بۆچوونو هاوکێشەی دیاریکراوی هاوشێوەی لە دەرەوەی بەرژەوەندیو دەسەڵاتی مرۆڤەوە، وەک مرۆڤ، بەردەوام لە هەوڵی کۆیلاندنو بەلاڕێ بردنی ئاراستەکانی ژیانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دان. کاتێک «شاملوو» لە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەوە برینە ژیلەمۆییەکانی دەروونی دەکولێنێتەوە و وردبینانە خەسارناسیی کۆمەڵگاکەی دەکات، دەڵێ «هەرگیز هیچکەس بەمشێوە بێڕەحمانەیە بە دژایەتی لەگەڵ خۆی هەڵنەستا، کە من لەگەڵ ژیانمدا کردم».

بەداخەوە وێدەچێ زۆر بە کەمی دەرکی شیاوی ئەم حەقیقەتەمان کردبێ کە نوێنگەی ڕاستەقینەی بوونایەتیمان، ژیانمانەو پەیبردن بە هاوپێوەندیی لێک نەبڕاوەی ئەم دوو چەمکە سەرەکییەی فەلسەفەی وجوودیمان وێنایەکی مسۆگەرتر بە مرۆڤ بوونمان دەبەخشێ.

«فرێدریش نیچە» لە گوتارێکی ڕۆشنگەرانەدا بەناوی «انسان مصلوب»، بە بەرپرسایەتییەوە نیگەرانیی خۆی سەبارەت بە دۆڕاندنی بایەخە پیرۆزەکانی ژیان لە بەرامبەر هێمای خاچێکی بێ گیان دا لەلایەن مرۆڤەوە دەردەبڕێو ڕەخنەی توند لەو کەسانە دەگرێ کە بە پێگەو بوونی خۆیان نازانن. لە کەڵکەڵەی بیر و فەلسەفەی نیچەدا مرۆڤ ڕێزێکی تایبەتی هەیە و وەک پێوەری سەرەکیو پیرۆزی ژیان بەواتای بوون دەژمێردرێ.

کەچی مرۆڤ (یان باشتر ئەوەیە بڵێین بەشێک لە مرۆڤ کە خوازیاری بە دەسەڵات گەیشتن بوو) لە هەڵوێستی ئیرادەی هێزەوە کەوتە هەوڵی ئاراستەدار کردنی ئەندێشە جیاوازەکانی نێو کۆمەڵگا لە چوارچێوەیەکی سنوورمەندی دیاریکراوی تایبەتدا. هەموو ئەو پێکهاتانەی کە پێیان دەڵێن مەکتەبو ئیدیۆلۆژی (زەوینی یان ئاسمانی) بە درێژایی مێژوو بە یاریکردن بە کۆمەڵێک فاکتۆری هەستیاری وەک نائاگاهیو ترسو بێزاریو خولیای دنیایەکی جوانتر، بەداخەوە هەرگیز بەڵێنو ئامانجەکانی خۆیانیان بەجێ نەگەیاندووەو بەپێچەوانەوە بەردەوام چەوسانەوە و بێزاری و سەرگەردانیان بۆ مرۆڤ بە خەڵات هێناوە. لە دەروونی چوارچێوەیی ئەم ئەندێشە کرداریيانەدا مرۆڤ وەک بەدیهێترین چەمکی ژیان و ژیان وەک پێودانگی سەرەکیی بوون، تا ئاستی کەرەستە بوونو بەستێنێکی کەرەستەیی لە بایەخی وجوودییان کەم کراوەتەوەو گرینگایەتیی پیرۆزتر بەو ڕەهەندانە دراوە کە لە ئەساسی خۆیاندا بەبۆنەی ئەم دوو توخمەوە پێناسە دەکرێن. کاتێک کە سەیری حەقیقەتی پێکهاتەیی ئیدیۆلۆژیو مەکتەبە عەقیدەتییەکان دەکەین بە ڕوونی بۆمان دەردەکەوێ کە زۆر زیاتر لەوەی لە خزمەتی بەرژەوەندی و چارەسەری گرفت و نیگەرانییەکانی مرۆڤدا بن، لە ڕاستای چەوساندنەوە و بێ بایەخیی زێدەتریدا بوون.

«کێ دەبێ حکوومەت بکات؟» وەک چۆن «پۆپێر»یش دەڵێ ڕەنگە ئەوە خود هەڵەترین پرسیارێک بووبێ کە بە درێژایی مێژووی سیاسیی جیهان مرۆڤ لە خۆی کردبێو هەر جارەی کەس یان لایەنێکیش لە ڕوانگەی خۆیەوە و بە گوێرەی ئاستی تێگەیشتن و لێکدانەوەی تایبەتی خۆی وڵامێکی داوەتەوە.


لە ڕاستیدا ئیدیۆلۆژییەکان لە دڵی ئەم پرسیارەوە سەریان هەڵداوە و ڕەنگدانەوەی ڕاشکاوانەی وڵامی ئەم پرسیارەن و ئەم پرسیارەش خود سەرەکیترین چەمکی پێکهێنەری ڕەوتی کلاسیکی مێژووی سیاسیی جیهانە. ئەم پرسیارە بۆ یەکەمجار بە شێوازێکی داڕێژراو لەلایەن ئەفلاتوونەوە هاتە نێو ئەدەبیاتی سیاسیی جیهانەوە، بەڵام دیارە چ پێش ئەو و چ دواتریش سەرەکترین کەڵکەڵەی ئاراستە دیکتاتۆری و ئیدیۆلۆژیەکانی مێژوو بووە.

یۆنانییەکان ناوگەلێکی جۆراوجۆریان بۆ پێناسەکردنی شێوازە جیاوازەکانی دەسەڵاتی بەڕێوەبەرایەتیی حکوومەت دەسنیشان کرد. ڕەنگە هۆیەکەشی ئەوە بووبێ کە دەیانەویست بە گونجاوترین مۆدێلی حکوومەتی بگەن و بیناسن. ئەم گریمانەیە لەلایەن ئەفلاتوونەوە داڕێژرا و لە پێنج خشتەی جیاوازدا لێکدرایەوە،

١- پاشایەتی: حکوومەتی کەسێکی باش (تاک) ٢- دیکتاتۆری: حکوومەتی کەسێکی خراپ (تاک) ٣- دەسەڵاتی ئەشراف: حکوومەتی چەند کەسی باش (کەمینە) ٤- ئالیگاریشی: حکوومەتی چەند کەسی خراپ (کەمینە)٥- دێموکراسی: حکوومەتی خەڵکی (زۆرینە)

دیارە کە ئەفلاتوون، خۆی، چوار شێوازەکەی یەکەم ڕەت دەکاتەوە و خشتەکانی «١ و ٣»یش بە نائەخلاقی دەزانێ و دەڵێ کە ئەم دوانەش لە ئاکامدا بە چەواشە دەکێشرێن و لە دەروونی خۆیاندا پتانسیلی بە خراپ بوونیان تێدایە. بەڵام لە حاڵەتی دوایین‌دا تەنیا مۆدێلێکی حکوومەتی دەناسێنێ و بە باشیشی دەزانێ. تەنانەت ئەساسی فەلسەفەکەی خۆی و کتێبە بەناوبانگەکەی (کۆمار)یش لەسەر ئەو بنەمایە دادەڕێژێ.

«کێ دەبێ حکوومەت بکات؟» لە ڕاستیدا ئەم پرسیارە (بە شێوەیەکی ناخۆدئاگا) هێشتاش گرینگترین چەمکی پێکهێنەری ئیدیۆلۆژیو باسە سیاسییەکانی ڕۆژە و هەرکەس و هەر لایەنێکیش بە پێی ویست و ئاراستە هزرییەکانی خۆیەوە بەرەو ئاقارێکی بردوە.




پێغەمبەران، مارکسو لێنین، هیتلێر و مۆسۆلینی و هەروەها زۆریەک لە سیاسەتمەدارانی هاوچەرخیش زۆربەی کات لە ناخودئاگای خۆیاندا بە شێوەیەکی ماندوونەناسانە بیریان لەوە کردۆتەوە و کاریان بۆ کردوە. هەرکاتێکیش کە دەستوور و یاسایەکی گشتییان داناوە، زیاتر لە هەموو شتێک وڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بووە کە «کێ دەبێ حکوومەت بکات؟» وڵامی خودی ئەفلاتوون بۆ ئەم پرسیارە ئەوە بوو: « خەڵک (زۆرینە)ی باش»، کە ڕاشکاوانە وڵامێکی ئەخلاقیی ناتەواو بوو. پێغەمبەران لایەنگری دەسەڵاتی ئایین و حکوومەتی ڕێبەرانی ئایینی بوون. مارکسو لێنین پێیان وابوو کە پێویستە بۆ دەربازبوون لە هێزی سەرمایەدارانو نەمانی چەوسانەوەی مرۆڤ دەبێ کرێکارانو زەحمەتکێشان لە دەسەڵات دابن. سەبارت بە هیتلێریش کە ڕاشکاوانە لە ڕوانگەی هێزەوە سەیری دەسەڵاتی دەکرد ئاشکرایە وڵامەکەی تەنیا «من» بوو. وێدەچێ کە ئەویش وەک زۆربەی پێشینیانی خۆی پێی وابووبێ

پرسیاری حکوومەت. لە ناخی خۆیدا، پرسارێکی بنەماییە.

پڕ دیارە کە چۆن لە شێوازە ئیدیۆلۆژیکەکانی حکوومەتدا کە هەمیشەش دیکاتۆریی لێدەکەوێتەوە جێگای دال و مەدلول لە نێوئاخنی سیستمی سیاسیی کۆمەڵگادا دەگۆڕدرێ و بەجێی ئەوەی لە ڕوانگەی چۆنێتی بەڕێوەبردنی وڵاتەوە سەیری دەسەڵات بکرێ، لە ڕەهەندی دەسەڵاتەوە حکوومەتو نیزامی بەڕێوەبەرێتیی سیاسیی و... لێکدەردرێتەوە و پێناسە دەکرێ. ئیدیۆلۆژیی حکوومەتی زۆرینە لە مۆدێرنترین و لە هەمان کاتیش‌دا خەتەرناکترین شێوازەکانی تیۆریی سیاسیی جیهانە کە بە هەڵە دێموکراسیی پێدەگوترێ. چون سەرەڕای ئەوەی کە وەکوو شێوازە دیکتاتۆرییەکانی دیکە لە ڕوانگەی ئیرادەی هێزی (جەماوەری زۆرینە) وە دەدوێ، لەگەڵ ئەوەش‌دا مەشرووعییەتێکی بەرینی جەماوەریی پێناسەکراوی داڕێژراو لە پشت خۆیەوە دەبینێ و کەڵکی لێ وەردەگرێ.

حکوومەتی زۆرینە لە باشترین حاڵەتی خۆیدا پێشێلکردن یان لانیکەم بە کەمگرتنی مافی کەمینەیە. کە بە داخەوە لەگەڵ بەدەسەڵات گەیشتنو لە پێگەی هێزەوە ئیتر توانایی لابردن و بەربەرەکانی کردن لەگەڵی لە دەست کۆمەڵدا نامێنێ.

(بە گشتی دیکتاتۆری هەلومەرجێک پێکدێنێ کە ئێمە بەرپرسیاری نینو ئینجا تەنانەت گۆڕانیشی لە دەسەڵاتی ئێمەدا نییە).

کە وایە بەرپرسیاریەتییەکی ئەخلاقیمان هەیە کە هەرچی لە توانامان دایە بە کاری بێنین بۆوەی لە پێکهاتنی بارودۆخێکی ئاودا پێشگیری بکەین. زۆربەی حکوومەتە دیکتاتۆرییەکان یان ئەوانەی لە دواییدا بە دیکتاتۆرێتی دەگەن، لە سەرەتاوەو لە کاتی ئۆپۆزسیۆنیدا بە کەڵک وەرگرتن لە شێوازە دێموکراتیکەکانو لەڕێی هەڵبژاردنەوە بە دەسەڵات گەیشتوون.

کە وایە (دێموکراسییەکان حکوومەتە خۆشەویستەکانی هەمووان نین، بەڵکوو بە واتایاکی تر ئەو مەودایەن کە خاوەنی ئامرازی خۆپاراستن لە بەرامبەر دیکتاتۆرییەکان دان). لە ڕاستیدا دێموکراسی بەستێنی دژکردەوەییو بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئۆتۆریتەی پاوانخواز و هێژێمۆنیی دیکتاتۆرییە و ڕێ لە کۆکردنەوە و پاوانی هێزو دەسەڵات لە شوێنێکدا دەگرێ و سنووری یاساییو دەسەڵاتی دەوڵەت دیاری دەکات.

لە پێکهاتەی ئەدەبیاتی سیاسیی لیبڕاڵ و دێموکراتخوازیی مۆدێرنی جیهانیدا پرسیارە لە مێژینەکەی «کێ دەبێ حکوومەت بکات؟» ئیتر ئەو کاریگەری و گرینگایەتییەی نامێنێ و «پۆپێر» گوتەنی پێویستە پرسیاری تەواو جیاواز و مرۆڤانەتری «ئایا شێوازێکی حکوومەتی هەیە کە ڕێمان پێ بدا بەگوێرەی پێویست بتوانین خۆمان لە دەست حکوومەتێکی ئەهریمەنی یان تەنانەت نەشیاو ڕزگار بکەین؟» جێگەی بگرێتەوە. لێرەدا بنەمای چەمکی پرسیار و وڵامی حکوومەت ئیتر لە چوارچێوەی کەس یان لایەنێکی تایبەتی دیاریکراودا نامێنێتەوە و سەرنجی شایان بە ڕەهەندەکانی چەندوچۆنیی بەڕێوەبەرایەتیی حکوومەت دەدرێ. ئەوەی گرینگە ئەوەیە کە (دێموکراسی دەبێ ئەگەر و ڕێی دەرباز بوونی بێ توندوتیژیمان لە دەستی دەوڵەتێک کە ڕێزی ئەرک و بەرپرسایەتیەکانی خۆی ناگرێ، بۆ دەستەبەر بکا).

لە ڕاستیدا کێشەکە لەوەدا نیە کێ حکوومەت بکات، بەڵکوو پێویستە چەندوچۆنیی دەسەڵاتو سنوورەکانی دەوڵەت دیاری بکرێت، ئەوەی کە دەوڵەت دەبێ چۆن بێ. خاڵی سەرەکی ئەوەیە کە دەوڵەت نابێ زیاتر لە ئاست و گوێرەی پێویست حکوومەت بکا و دەسەڵاتی هەبێ. یان بەواتایەکی دیکە وڵاتێک دەبێ چۆن بەڕێوە بچێ. ئیتر گرنگ نییە کێ یان جۆرێکی تایبەت (تاقمێک کە خۆیان بە خەڵک دەزانن) حکوومەت بکەن. پێویست ناکا لێیان بترسین یان ناچار بین کە بترسین. کە وایە (دێموکراسییەکان، ئەو مەجالو مەودایانەی بەڕێوەبەریی وڵاتو کۆمەڵگەکانن کە بۆ بەرگری کردن لە مافو ئازادییە ئینسانییەکان، لە هەر شێوازێکی حکوومەتی درووست بوون). لە دێموکراسیی پۆست مۆدێرنو ئەکتیڤی لیبڕاڵ و مرۆڤخوازانەی سەردەمدا ئاراستەی پەیژەی دەسەڵات لە خوارەوە بۆ سەرێیەو دەسەڵات شەرعییەتی خۆی لە گشت قۆناغەکاندا بە کردەوە لە کۆمەڵگاوە وەردەگرێ.

**سەرچاوەکان:**
**١- انسان مصلوب، فردریش ویلهلم نیچە**
**٢-جامعەی باز و دشمنان آن، کارل پوپر.**

**درێژەی:**

## مۆندیال (جامی جیهانی)، چون دەستی پێکرد؟

وڵاتی ناوبراو بە بردنەوەی ٥ جامی جیهانی تاقە وڵاتە کە توانیویەتی وەها ریکوردێک تومار بکات. خولی بیستەم لە رووی کەشوهەواوە بۆ وڵاتانی ئاسیایی، ئەفریقاییو تەنانەت ئوروپاپیش باش نەبوو، بە جۆریک هەڵبژاردە گەورەکانی جیهان وەکو ئیسپانیا، ئیتالیا، ئینگلیز هەر لە قۆناغی کۆمەڵەی گرووپەکاندا دەرکران . ئێستا رکابەریەکی تۆند لەنێوان ٤ هەڵبژاردەی ئالمان، بەرازیل ، ئارژانتینوهۆلەند لە ئارادایە بۆ بردنەوی ناز ناوەکە. ئالمانیەکان دواجار لە جامی جیهانی ٢٠٠٢ی کوریای باشوور و ژاپۆندا گەیشتە فینال بەڵام ئالمان ئەو کات تەنیا دوو ئەستێرەی هەبوو «میشائیل بالاک» لە هێلی ناوەندو «ئولیوێر کان» لە نێو دەروازەدا یارییان دەکرد. سەر ئەنجام ئالمانیەکان لەو فینالەدا بە بەرازیلەکان دۆران هەر بۆیە ڕۆژنامەنورسانی وەرزشی وڵاتی ئالمان گۆشاریان خستە سەر بەڕێوەبەرانی خولی بۆندێس لیگای ئەو وڵاتە و ئەو بریارە جوانە پەروەردەییەیان چەسپاند کە هەر یانەیەکی ئاڵمانی کە لە بۆندێس لیگا بەشدار بێت دەبێ خاوەن قۆتابخانەیەکی ٤٠٠ کەسی تایبەت بە فۆتبالی منداڵان فوتبال بێت و بە بێ جیاوازی ڕاهێنانی سەردەمیانە بە منداڵانی کچ و کوری خۆلیای ئەو وەرزشە جەماوەریە بکەن . ئالمانی ئێستا کە خاوەن هێز و پێگەیە لە دەرئەنجامی ئەو بیرکردنەوەیە جوانەدا دروست بووە ، لە بەشی پێشودا باسمان لە پێگەی بەرازیلەکان کرد لە بارەی ئەوانەوە تەنیا ئەوەندە دەڵێم کە بەرازیل نیشتمانی ڕاستەقینەی فوتباڵی جیهانە . ئارژانتین لەو خولەدا بەگران بەهاترین هەڵبژاردە لە روی بوونی یاریزانی پیشەگەرەوە ناسراوە، بەڵام تاقۆناغی هەشتەم ئەستێرەکانی ئەو وڵاتە جیا لە «میسی» بە ئاستێکی زۆر باش دەر نەکەوتوون، بەڵام میسی ئەو



ئەستێرە بلیمەتەیە کە هەموو یانە و هەڵبژاردەیەکی وەرزشی جیهان حەز دەکەن ئەو یاریزانە یارییان بۆ بکات. هەڵبژاردەی هولەند لەو خۆلە دا وەکو هەمیشە هێرشبەرانە یاری دەکات بە تایبەتی کاتێک توانیان بە ٥ گۆل ئیسپانیای پاڵەوانی جامی جیهانی ٢٠١٠ شکست بدەن زەنگی خەتەریان بۆ هەموو هەڵبژاردە گەورەکان لێدا . بەڵام یاری فوتبال یارییەکی چاوەروان نەکراوە و لە دوا خولەکەکانیش دا ئەگەری گۆرینی ئاکامی یارییەکان بوونی هەیە .

کوردستان
ژمارە: ٦٣٥
١٦ی پووشپەڕی ١٣٩٣
٧ی جوولای ٢٠١٤

# بۆ شەهیدێک..

پێکەنیت بۆ بە سەردی سەردەمی سێدارەکان
پێکەنە، باران! مە لوولین وەک گەڵاریزانەکان
وا لە خەندەت دیارە ئاوێنەیەک لە گریانی ئەسیر
چۆن پەرەسیلکەی ئەوینت حەزی ئەکرد لە ئاسمان!

هەر دوو چاو کەم بوو کە بیژی: چۆنە دیداری بەهار؟
بۆیە کانی» رێ و ڕچەت» پڕ بوو، لە چاوکەی ئاوەکان
هێندە هەستی داری کوردی خۆشەویستیت ڕیشە بوو
خاک بە شوێنتا هاتە غووربەت بیتەوە بۆ لای خۆمان!

ئەی سکرتێری هەتاویی حیزبی لاسووری شەفەق
شەو ئەڵێ: سەروێنەکەت ماوە لە مۆزەی هەورەکان
تۆ دیمۆکراسی پەپوولەت! کردە مەرج بۆ هەڵفرین..
بۆیە مەرگت» کورتە باسێکە « لە زانکۆی کۆترەکان!!

هەروەکوو ئەوەڵ دەس ئاخر گفتگۆیان داسپارد
گفتگۆ کەی بۆ؟کە داوێک بوو لە دانەی درۆەکان!
تۆ بە ناوی ئاوی ئاوێنە دەست برد بۆ قەڵەم
ڕووبەڕووت چەن کەس لە فتواو بیری ئاغای کوچکەکان!!

تۆکە کەروێشکەی وەنەوشە جاڕی جمهوری گوڵی!!
ناونیشانت ئاگرێکەو، دەورو پشتمان گورگەکان
..
بێ( کراوت)یش.. ئەمانزانی کە لێزانی بەرێز....
دوکتۆرای «جامانە« پووشیت خستە ڕیزی ئیسمەکان
ئەی سکرتێری هەتاوی حیزبی لاسووری شەفەق
شەو ئەڵێ: سەروێنەکەت ماوە لە مۆزەی هەورەکان.

شێعر: ع/ ل


# کاریکاتۆ؛ ڕواڵەتێک ساکارو دەروونێک پڕقسە



عەلی ڕەزا ڕەحیمی

نیگارکێشی لە کۆنترین هونەری مرۆڤەکانە لە بە درێژایی مێژوو تا کوو ئێستا لە گەڵ کاروان ورەوتی ئینسانەکان هاتووە. هەر لە سەردەمانی ئەشکەوت نشینیەوە کە بە خەڵووزو ڕەنگە سروشتییەکان بەسەر بەردو دیواری ئەشکەوت نەقاشییان کێشاوە کە بۆ لێکۆڵینەوەی مێژوویی‌و تەنانەت زانستی لە باری هەلومەرجی ژیانی ئەو سەردەمە بەڵگەیەکی باش‌ودیکۆمنتییە. وەک دەزانن هەر لە سەرەتاوە تا ئێستاش نیازی مرۆڤ بۆ دەربرینی هەست‌و ئیحساسی بەرانبەر بە ڕووداوەکانی دەورووبەری خۆی‌وهەلومەرجێک کە تێدا دەژێت دەبێتە هۆی ئافراندنە هونەرییەکان. بنچینەی هونەری کاریکاتۆریش هەمان نیگارکێشی(نەققاشییە) بەڵام بە هێندێک جیاوازییەوە بۆ خۆی بۆتە هونەرێکی سەربەخۆ. ئەگەرچی بە شێوەی کلاسیک ئەم هونەرە مێژووی دوورتری هەیە، بەڵام بە شێوەی پروفیشناڵ هەڵقوڵاوی بەستێنی دوای دەورانی ڕێنسانسە،کە لەسەر دەستی کەسانێک وەکوو «ئەنۆرە دومیە« هاتەوە ئاراوە. کاریکاتۆر کە بە کێشانی ڕۆخساری گوراو و(دفرمە) ی کەسێکو بە مەبەستی گاڵتەو هەفەک دەستی پێکرد هەر زۆر گورانکاری بەسەرداهات‌و شێوەی جۆربەجۆری لێکەوتەوە.

«کاریکاتۆر» کە لە وشەی ئیتالیایی(کاریکارا)کە بەمانای زیدەرۆیی »اغراق»ە هاتووە. ئەگەرچی مێژووی دەسپێکی بەم چەشنە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی ١٦ و ١٧ بەڵام بە ڕۆاڵەتێکی‌تر کە هەڵگری پەیامی نارەزایەتی‌وهەڵویستی سیاسی‌و ڕەنگدانەوەیەک بێت لە دۆخی کۆمەڵایەتی بە شیوهی تەنز! دەتوانین بڵێین دوای




تێکۆشانی کەسانێک وەکوو »ویلیام هۆگراس»ی ئینگلیسی(١٦٩٧/ ٧٦٤١)، ئەم هونەرە لە دەورانی ناسراو بە سەردەمی شەڕی سارد لە بەربەرەکانی لە گەڵ تەنزی پڕلە تانەوتەشەری سەرمایەداری دەرکەوت، ئەگەرچی سەرەتا بۆ پڕکردنەوەی بەشێکی ڕۆژنامە یان وەکوو وێنەیەک بۆ پێکەنین وگاڵتە بڵاو دەکرایەوە، بەڵام بەرە بەرە بە هۆی کاریگەرییەکانی بەسەر بیروزەین و هەستی خوێنەر، وەکوو هونەرێکی تەوساوییو دەروەست زیاتر پەرەی سەند. ئەمرۆکە ئەم هونەرە بەنرخ و تەنزاوییە کە زۆر بووە بە دەنگێکی کێشراو و جوان بەرانبەر بە کێشەوگرفتە سیاسییەکان‌و ئێعترازێکی هونەرمەندانە بەرانبەر بە هەلومەرج‌و ڕووداوەکانی نێو کۆمەڵگە جێگەو پێگەی تایبەت بە خۆی هەیە.

کاریکاتۆر بە شێوەی جیدی لە بڵاوکراوەکان‌و ڕۆژنامەکاندا بوو بە بەشێکی سەربەخۆ لە نێو بڵاوەکراوەکان‌دا.چۆنکە ڕەنگە لە یەکەم نیگادا ڕواڵەتێکی پێکەنیناوی هەبێ‌و بزە بخاتە سەر لێو بەڵام گۆشەنیگای ترەوە واتە ئەگەر بە تێرامان‌و بیرکردنەوە لێی بڕوانین ئەوکات دەزانیین کە کاریکاتۆر قسەی زۆری بۆ گوتن هەیەو تەنانەت دەبێ شرۆڤەی لەسەر بکرێت.

یەکەمجار کە کاریکاتۆریستێکی فەرانسەویی لەسەدەی ١٨ کاریکاتۆری «لۆیی فلیپ»پادشای فەرانسەی بڵاوکردەوە کە لەسەر کیسەیەک پارە دانیشتووەو خەریکی خواردنی پارەیە! دەنگی نارەزایەتی دەسەڵاتی لێکەوتەوەو ڕۆژنامەکە داخراووکاریکاتۆریستەکەش ڕوانەی زیندان کرا.ئەمە هەم دەرخەری گرینگی کاریکاتۆرەو هەمیش نیشانەی دەروەست بوون‌وبوێری هونەرمەندانی کاریکاتۆریستە. وەک ئاماژەی پێکرا لەسەرەتاوە هونەری کاریکاتۆر بە مەبەستی جەفەنگ‌وپێکەنین خۆی نواند. بەڵام هونەرمەندانی ئەم بوارە بە ئاراستەکردنی پەیام‌وهەڵۆیستی خۆیان لەسەر ڕووداوە سیاسی‌وکۆمەڵایەتییەکان لە قەوارەی وێنەیەکی تەنزوجەفەنگ بوون بە بەشێکی دەروەست‌وکاریگەر لە نێو کۆمەڵگەی چالاکان‌و ڕووناکبیران. کاریکاتۆرێک ڕەخنەیەکە لە کەموکوورییەکان‌وگرفتە سیاسییەکان. کاریکاتۆریست پەیامی خۆی بە وشە نانووسێت بەڵکوو لە وێنەیەکی بە ڕواڵەت ساکارو تەوساویی، بەڵام بە دەروونێک پڕلە گلەیی‌وگازندە پەیامی خۆی دەگەینێت بەردەنگەکانی. ئەمرۆکە لە دنیادا ڕۆژنامەیەک نابیندرێ کە بەشێکی تایبەت تەرخان نەکات بۆ هونەری کاریکاتۆر. ئەمە کاریگەریی کاریکاتۆر دەگەینێت کە شان بەشانی ڕۆژنامەنووسی‌و میدیاکاری وەکوو هونەرێک کە ڕەنگدانەوەی هەلومەرجی ژیانە، بۆیە جیگەوپێگەی خۆی هەیە. ئەگەرچی بە هۆی سانسۆرو دەسەڵاتی نادیمۆکراتیکی کۆماری ئیسلامی زۆرێک لە کاریکاتۆریستانی ئێرانی بەتایبەت هونەرمەندانی کورد یان خراونەتە پەراوێزەوە یان ئیزنی چالاکییان پێ نادرێ‌و بەرهەمەکانیان سانسۆری لەسەرە، بەڵام جێگەی خۆیەتی کە لەم چینە هونەرمەندە دەروەستە یادێک بکەین وماندوو نەبوونیان پێ بڵێین. هیوادارم هونەرمەندانی کاریکاتۆریست بە لە پێش چاو گرتنی (تعهدی) پیشەیی درێژە بە چالاکی وهونەری خۆیان بدەن.



KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO: 635 7 July 2014



ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 13 MHz 11137
polarization: horezental-SR: 27500 - FEc : 3/4



ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
+9647508578190
Tashkilat.kdp92@gmail.com


## کۆچی دوایی هونەرمەند عەلائەدین بابەشەهابی

هونەرمەندی کورد سەید عەلائەدین بابەشەهابی پاش ساڵانێکی زۆر خزمەت بە هونەرو موسیقی ڕەسەنی کوردیی، لە تەمەنی ٧٥ ساڵیدا ماڵئاوایی لە ژیان کرد.

بابەشەهابی لە ساڵی ١٣١٨ی هەتاویی لە شاری سنە لەدایک بوو، ناوبراو نەوەی هونەرمەندی کۆچ کردووی کورد، مامۆستا سەیدعەلی ئەسغەر کوردستانی بوو.

سەید عەلائەدین لە تەمەنی ٧ ساڵییەوە هاوکات لەگەڵ چوون بۆ قوتابخانە لەگەڵ موسیقی ئاشنا بوو.

لە ساڵی ١٣٣٥ بە خوێندنەوەی سروودی «ئەی وەتەن» لە ڕادیۆ سنە بە شێوەی ڕەسمی دەستی بە کاری گۆرانیبێژی کردو لە ساڵی ١٣٤٦ چووە تاران و بە کار کردن لە ئۆرکێستێرەکانی کوردی، رامتین، لەشکری، باربۆد، نەکیساو ئۆرکێستێرەکانی فەرهەنگ و هونەرو پاش تێپەڕ کردنی کورتەخولێک لەلایەن مامۆستا فەرهاد فەخرەدینیو خولی ئاواز لەلای مامۆستای نەمر کەریمی، زیاتر ڕێگەی فێربوونی هونەری گرتە بەر. ئەنجامی ئەم هەوڵانەش بەڕێوەبردنی نزیکەی ٦٠ بەرهەمی هونەریی لەم ئۆرکێستێرانەدا بوە.

بەرهەم گەلێک کە بە شێوەی CDو کاسێت بەناوی «ئەی هاوڕازی دڵ» لە لەندەن، کاسێت و CD «شنەی بەربەیان» لە سوئێدو کاسێت و CD «بادەی گویا»و «پاییزە« لە تاران بڵاو کرایەوە. ئەم هونەرمەندە مەزنە لە ماوەی ژیانی پڕبەرهەمی خۆیداچەند کۆنسێرتێکیشی لە وڵاتانی سوئێد، بریتانیا، ئاڵمان، بێلژیک، ئۆتریش و عێراق و لە زۆربەی ناوچەکانی جیهاندا بەڕێوە برد.



بەناوبانگترینی ئەم بەرهەمانە: جێ ژوانی جاران، سرووەی ئاوات، جیلوەی دیدار، ئاوێنەی دڵبەریی، ئەی وەتەن، نم نم بارانە، گوڵ بانە و مەگری و چەندین بەرهەمی دیکەیە.

ئەم هونەرمەندە کوردە ساڵانی تەمەنی خۆی بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی پێشکەوتنی مۆسیقای کوردی تەرخان کردو گەلێک بەرهەمی بەنرخی لەدوای خۆی بەجێ هێشت.

لە ئەنجامدا ڕۆژی پێنجشەممە ٥ی پووشپەڕی ٩٣ لە تەمەنی ٧٥ ساڵیدا لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری تاران بۆ دواجار ماڵئاوایی لە جیهانی هونەرو لایەنگرانی دەنگەخۆش و بلاوێنەکەی خۆی کرد.

## کۆڕی یادی ساڵوەگەڕی کۆچی دوایی مامۆستا حەسەن زیرەک

ڕێکەوتی ٥ / ٣ / ١٣٩٣ی هەتاوی لە لایەن (کۆڕی فێرکاری و فەرهەنگیی ئەدەب) لە شاری بۆکان بە سەرپەرەستی مامۆستا مستەفا ئیلخانی زادە یادی گەورە هونەرمەندی کورد کرایەوە.




لەو کۆڕەدا کە بە بەشداری شاعیران و نووسەران و هونەرمەندانی شارەکانی بۆکان، مەهاباد، ڕەبەت و بانە پێک هات.

لەو کۆڕیادەدا ئەو کەسانە شێعرو بابەتەکانی خۆیان پێشکەش کرد کە بریتی بوون لە:

حسێن شێربەگی بە وتار و باسی کەسایەتی زیرەک لە کوردەواری دا، سەید تاهیری حوسێنی بە وتار و باسی گۆرانی و مۆسیقای و پێگەی زیرەک لە ناو ئاواز و گۆرانی دا، حەمیدە شەکەرانی (خوشکەزای زیرەک)، د. ئازاد بە دوو شێعر بۆ یاد و ڕێزی زیرەک .محەمەدی بەحری بە شێعر، مونیرە فەیزە بە وتار و باسی گۆرانی و چالاکی و ڕۆڵی ژنان لە ئاواز و گۆرانی دا، ئەنوەری عەزیزیان و کچەکانی؛ کوردستان و نیشتمان و ئاڵا بە پێشکەش کردنی چەند مقام و گۆرانی زیرەک، خالیدی عینایەتی بە وتار و پێشکەش کردنی شمشال بە یادی زیرەک، سەلاح نیساری بە وتارو باسی کەسایەتی و گۆرانییەکانی زیرەک ، ئامینەی چاک ، کەوسەر ئیسماعیل پوور (ژاکاو) ، سارا ئازەری ، عەبباس ئەیوبی و سمایل سوڵتانی بە شێعر.

## بەنداوی «داریان» کانیاوی «کانیی بڵ» لەناو دەبا

هەڵبەستنی بەنداوی «داریان» شوینەواری سروشتیو یەکجار بە نرخی «کانیی بڵ» لە هەورامان خەریکە بە تەواوی لە نێو دەباو تا ئێستاش هەوڵێکی ئەوتۆ بۆ ڕزگارکردنی ئەو شوێنەوارە نەدراوە.

«کانیی بڵ» دەکەوێتە نێوان پارێزگای سنەو کرماشان و، لەلایەن ڕێکخراوی میراتی کلتوورییەوە وەک « شوێنەواری سروشتیی نیشتمانی» ناسراوەو پڕ ئاوترین کانیی ناوچەی هەورامانە کە لە دڵی شاخەوە هەڵدەقوڵێو زۆر تایبەتمەندیی گەشتیاری، سروشتیو ئابووری هەیە؛ بەهۆی لێدانی بەنداوی داریان ژێر ئاو دەکەوێو هەموو قازانجو تایبەتمەندییە ئابووری، ژینگەپارێزیو گەشتیارییەکانی لە دەست دەدا.

پڕۆژەی لێدانی بەنداوی داریان لە ساڵی ٨٨ ەوە بێ هیچ لێکدانەوەیەکی زانستیو ژینگەپارێزی لە چۆمی سیروان لە ناوچەی هەورامانی پارێزگای سنە دەستی پێکردوەو جیا لە نێوبردنی «کانیی بڵ»، نیزیک ١٠٠٠ هێکتار دارستانو لێرەواری پڕ پیتو بەرەکەت، داموودەزگاکانی ئاوی کانزاییو زۆر گوندی وەک گوندی مێژووی هەجیج، رووار، نوینو سلین لەنێو دەچنو دەکەونە ژێر ئاوەوە.

## بەرهەمی نوێ

« پروسەء اسلامی سیاسی و تشکل های اساسی آن در ایران»، کتێبێکە لە نووسینی کاک حەسەن حاتەمییە.

بەرگی یەکەمی کتێبێکە کە بەشێوەی دەنگ بڵاوکراوەتەوە. نێوەڕۆکی کتێبەکە لەسەر چوار کەسایەتیی ئیسلامی مەشرووعە خوازە بە ناوەکانی «شێخ فضل الله نوری، آیت الله سید حسن مدرس، نواب صفوی و آیت الله خمینی» و چەند ڕێکخراوی مەزهەبی لە ساڵی ١٣٢٠ هەتا ساڵی ١٣٦٢ ی هەتاویە.




به‌ر له‌ ماڵاوایی

## بۆ قاسملوو!



کەریم فەرخەپوور

لە سەدەی پێشکەوتن دا،لە مەملەکەتی یاسا و قانوون دا، لە پیتەختی دیموکڕاسی لە لانکی پێشکەوتن و عەداڵەت دا، لە سەدەی بیست لە هەناوی ئوروپادا، لە سەر مینبەری کلیسا لە بەر دەمی پاپا دا، ئاشتیخوازێک، مافخوراوێک، دەربەدەرێک، کوردێک، پێشمەرگەیەک، سەرکردەیەک، پێشەوایەک، زانایەک ، کاریزمایەک لە خاچ درا. قاسملووی کورد تێرۆر کرا، نیشتیمانێک ڕەشپۆش کرا، ئاسمان خرۆشا گەردوونی گریاند، گۆڕ لەرزی زەوی هەژاند بەڵام ئەهلی کتێب و یاسا هەتا ئێستاس کپ و بێدەنگ هەر لە خەو دان.

لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستەوە، لە تەکیەی تاریک پەرستانی جەمارانەوە، لە قەڵای جیهاد و جینایەت و ئەنفالەوە، ڕەوەیێ دڵ ڕەش و قین لە دڵ بە دەمامک و شمشیرەوە بۆ زەماوەندی مەرگی فریشتەیەک هاتنە ناوەندی خۆرئاوا، لە ڤییەنی شۆخ و شەنگ دا، لە باوەشی بووکی ڕازاوەی ئوروپا دا، مەرگیان بە بالای قاسملوو بڕی، لە بیابانی غوربەتا، لە شەوەزەنگی سیاسەت و بێدادی دا، لە ناو گڕی باڕووت و گوللەدا روحیان سووتاند.



قاسملوو و هاوڕێکانی شەڵاڵی خوین، خوێنڕێژانیش بە پەنجە مۆری خوێناویەوە، بە دەهۆڵ و زوڕنای مەرگەوە، بە بەر دەرگای کۆشکی خاوەن شکۆدا، لە نێو ئاپۆرای بازرگاناندا، بە کەژاوەی ڕازاوەی سیاسەتی بەرژەوەندی و درۆ، لە ژێر چارشێوی مەغوول و هیتلەر دا، لە ژێرسێبەری ئینجیل و خاچەکەی عیسا دا، بەرەوە بارەگای جەهل و جەهالەت، بەرەو کۆشکی ئەهریمەن و هۆلاکۆ بەدرەقە کران، داد و دیموکڕاسیش متتەقیان لێوە نەهات.

لە مێژ ساڵە لە کوردستانی داگیرکراودا خاکی کورد و مافی کورد و نەوتی کورد کلیلی دەروازە داخراوەکانی نێوان زۆرداران و دەوڵەتانن، بەڵام بۆ یەکەم جارە لە مێژوودا لە سەر مینبەری کلیسا، لە سەر تابووت و تەرمی کورد، قورئان و ئینجیل، مزگەوت و کلیسا بە یەک دەگەن، قەشە و ئاخوند شمشیر و خاچ لە یەک دەگەن، دەرگای دادگە گاڵە دەدرێن، هەق و یاسا لە نیو دەبرێن، بێ تاوان تاونبار و تاوانبار خەڵات دەکرێن.

ئەی سیاسەتوانانی کۆشک و کلیسا، سەدان ساڵە بە بێتاوان لە ناو دەبرێین، ساڵەهایە خوێنمان دەڕژێ و دەکوژرێین، زەمەنێکە هەقمان دەخورێ و هاوار دەکەین، هەتا کەی کپ و بێدەنگن، هەتاکەی ئاشقی زێڕ و نەوت و گەنجن؟ تا کەی تەماشاچی مەرگی ژن و پیاو و پیر و گەنجن؟

تاکوو ئێوە وا بێدەنگ بن، تا کڕنۆش نەبەن بۆ سەر گۆڕی شەهیدی من، تا لە کریسمەس دا ڕۆشەن نەکەن مۆمێ لە سەر مەزاری ڕێبەری من، تا تاجە گوڵینە دانەنێن لە سەر گۆڕی سەربازی ون، تا شەرمەزار نەکەن دژمنی زۆرداری من، تا پێرلاشێز ئارام نەگرێ لە ئاە و حەسرەتی میوانی دوور وڵاتی غەریبی من، تا لە سەر ئێڤێڵ لێ نەدرێ جاڕی مافی خوراوی شەهیدی من، هەموو ڕۆژێ، هەموو ساتێ، هەموو ساڵێ، لە بەر دەرگای پارلەمان و کلیساتان، لە بەر پەنجەرەی هەموو ماڵێ، لە گشت شەقام لە گوند و شار، هاوار دەکەم دەهەژێنم کۆشک و تەلار، ریسوا دەکەم هاوڕێی زۆردار. هەموو جارێ لە گەڵ زەنگی کلیساتان هاوار دەکەم تا ویژدانە نووستوەکان لە خەو ڕابن، هاوار دەکەم تا گوێچکە ئاخنراوەکان، دەرگا داخراوەکان، کەیسە بەستراوەکان دەکرێنەوە، هاوار دەکەم تا ئەو ڕۆژەی داد و دادوەرتان شەرم دەیگرێ، هاوار دەکەم تا ئەو ڕۆژەی روحی پیرۆزی قاسملوو ئارام دەگرێ.

پاشکۆی
# کوردستان

١٦ی پووشپەڕی ١٣٩٣
٧ی جوولای ٢٠١٤
ژمارە: ٦٣٥

## بەڕێوەچوونی سمینارێک بۆ باس لەسەر ڕوانگەو بۆچوونەکانی دوکتور قاسملوو

کۆمیسیۆنی پەروەردەو لێکۆلینەوەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بۆ باس لە سەر ئەندێشەو ڕوانگەکانی شەهید دوکتور قاسملوو، سمینارێکی بۆ کاک قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕات‌و دوکتور ئاسوی حەسەن‌زادە، ئەندامی کومیتەی ناوەندی پێک هێنا.

لەو سمینارەدا کە ڕۆژی شەممە، ١٤ی پووشپەڕو بە بەشداریی نیزیک بە ١٠٠ کەس لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕات‌و لە دوو پەنێلی جیاوازو، لە ژێر ناوی « خوێندنەوەیەکی ئەمڕۆیی بۆ بیرو باوەڕەکانی دوکتور قاسملوو»دا بەڕێوە چوو، باس لە بیرو بۆچوونە سیاسییەکانی دوکتور قاسملوو لە ٢٥ ساڵەی شەهیدبوونی‌دا کراو ئاوڕ لە ئەندێشەو هۆگرییەکانی دوکتور قاسملوو درایەوە.

لە پەنێلی یەکەمی ئەو سمینارەدا کاک قادر وریا بە هێنانەوەی کۆمەڵێک فاکتی مێژوویی‌و خوێندنەوەی ڕووداوە سیاسییەکانی دوای هەڵگیرسانی شەڕ لە کوردستان‌و تاوانبارکردنی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان‌و دوکتور قاسملوو لە لایەک بە شەڕەنگێزی‌و لەلایەک بە سازشکاری! لەگەڵ کۆماری ئیسلامی؛ باسی لە بنچینە فیکرییەکانی دوکتور قاسملوو بۆ داکۆکیی ڕەوا، وتووێژو دانوستان کردو لە مەیدانی کردەوەدا تیشکی خستە سەر واقع‌بینیی سیاسیی شەهید قاسملوو.



کاک قادر وریا لە پێوەندی لەگەڵ تیۆریی زانستی‌و تەتبیق‌دانی لەگەڵ واقعییەت‌و ئەمری واقع لەلایەن شەهید دوکتور قاسملوو کۆمەڵێک فاکت‌و ڕووداوی مێژوویی بە نموونە هێنایەوە.

باسکردن لە بنەما فیکرییەکانی دوکتور قاسملوو لەسەر پێویستیی هاوکاریی هێزەکانی بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان لەگەڵ یەکترو دەستێوەرنەدان لە کاروباری یەکتر، پێوەندیی هێزە سیاسییەکانی کورد بە وڵاتانی داگیرکەری ناوچەو چۆنیەتیی ڕێکخستنی ئەو پێوەندییە لە ڕوانگەی دوکتور قاسملوو لە سەر بنەمای «هاوکاری‌و پێوەندی بەڵێ‌و خیانەت نا»؛ تەوەرێکی دیکەی باسەکەی کاک قادر وریا بوو کە لەو پێوەندییەش‌دا کۆرگێڕ چەند فاکتی مێژوویی بۆ باسەکەی هێنایەوە.

ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان تەوەرێکی دیکەی باسەکەی بۆ وەڵامدانەوە بەو پرسیارە تەرخان کرد کە دوکتور قاسملوو لەگەڵ هەموو باوەڕی بە بوونی کورد وەک نەتەوەو کوردستان وەک نیشتمانی کوردان بۆ داوای خودموختاریی بۆ کوردستانی ئێران دەکردو بۆ جیاوازییەکانی دوو چەمکی سازش‌و سازشکاری لە ڕوانگەی دوکتور قاسملووەوە شی کردەوە.

باوەڕی دوکتور قاسملوو بە دێموکڕاسی‌و کارکردن بۆ جیخستنی فەرهەنگی دێموکڕاسی، پلۆرالیزم‌و فرەحیزبی‌و دژایەتیی دوکتور قاسملوو لەگەڵ هێژمونی‌خوازی تەوەرێکی دیکەی باسەکەی کاک قادر وریا بوو کە لەو بەشەش‌دا بە ئاماژە بە چەند فاکت‌و ڕووداوێکی مێژوویی لە کوردستان‌و ئێران کۆرگێر باسی لە ئەندێشەو بۆچوونەکانی دوکتور قاسملووی لەو پێوەندییەدا کرد.



ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب دوایین بەش لە باسەکەی بۆ خوێندنەوەی دوکتور قاسملوو بۆ چەند چەمکی وەک تێرۆریزم، ڕەخنەی دوکتور قاسملوو لە تێگەیشتنی ڕۆژئاوا بۆ تێرۆریزم لەو کاتەداو هەروەها بۆچوونی قاسملووی نەمر بۆ مافی تاکو نەتەوەی خاوەن ماف لە سەر بنەماکانی نەهێشتنی ستەمی نەتەوایەتی، ستەمی چینایەتی‌و خەبات بۆ ئازادی‌و لابردنی ستەمی سیاسیی کرد.


لە پانێلی دووهەمی ئەو سمینارەدا دوکتور ئاسۆی حەسەن‌زادە باسەکەی لە ژێرناوی « بیری لێنین‌و باخەکانی سەمەرقەند؛ گەشتێک بەنێو کتێبخانەکەی دوکتور قاسملوودا» پێشکێش کرد. دوکتور ئاسۆ لە سەرەتای باسەکەی‌دا تیشکی خستە سەر ئەوەی کە ناسین و تێگەیشتن لە ناخ‌و کەسایەتیی‌و بیروباوەڕی مرۆڤە گەورەکان تەنیا بە پشتبەستن بە گێڕانەوە ڕەسمییەکانی ژیانیان و قسە و کردەوەی ئاشکرایان نایەتەدی. بەڵکوو دنیا و دیکۆری نێو ژیانی تایبەتیی ئەوان و هەڵسوکەوتیان لەو بەستێنەشدا سەرچاوەیەکی زۆر بەنرخی ئەم دەرک و بەدواداچوونەیە.

ئەندامی کومیتەی ناوەندی پاشان هاتە سەر ئەوەی کە ڕەهەندێکی گرینگی ئەم دیوە کەمتر دیارەی ژیانی کەسایەتییەکان – بەتایبەتی هی ڕێبەرانی سیاسی- بواری خوێندنەوە و موتاڵایە کە بە سەرنجپێدان و لێوردبوونەوەی دەکرێ بە بوارەکانی سەرنج و هۆگریی کەسایەتییەکە ئاشنا بین‌و تا ڕادەیەک بۆمان دەربکەوێ کە لەژێر کاریگەریی کامە بەرهەمە فیکری‌و ئەدەبی‌و کامە تێز و لێکۆڵینەوانەدا دەزگای هزر و ڕوانین‌و شێوازی ئاخاوتن‌و دەربڕینی کەسایەتییەکە بیچم‌و نێوەرۆکی وەرگرتووە.

دوکتور ئاسۆی حەسەن‌زادە لە درێژەی باسەکەی‌دا کتێبخانەکەی دوکتور قاسملووی بە نموونەی ئەو یادگارییانە هێنایەوە کە دەکرێ لەو دنیایەو لە دەروازەیەوە باشتر قاسملووی نەمرو ئەندێشەو هۆگرییەکانی بناسین‌و لەو پێوەندییەدا گوتی گەشتێک بەنێو کتێبخانەکەی دوکتور قاسملوودا وێستگە یەک لەدوای یەکەکانی ژیان و خەباتی ئەومان بیر دەخاتەوە و زۆر شتی تازەمان لەبارەی کەسایەتی و بیروباوەڕی ئەو پیاوە سیاسییە کە کتێب خوێنەوەیەکی بەبڕشتیش بوو فێر دەکا.


ئەندامی کومیتەی ناوەندی لەو بەشەی باسەکەی‌دا تیشکی خستە سەر ئەوەی کە سەبارەت بە کتێبەکانی دوکتور قاسملوو و ئامرازی دەستنیشانکردنی ڕادەی گرینگیان هێندێک نیشانە هەن کە دەتوانن یارمەتیدەر بن. بەشێک لە بەرهەمەکان ڕێچکە و شوێنەواریان بە ڕوونی لە قسەکانی دوکتور قاسملوودا وەبەرچاو دەکەوێ، لە نووسینەکانیدا بۆخۆی ڕاستەوخۆ وەک سەرچاو کەڵکی لێ وەرگرتوون، یا لە کۆڕی دۆستان و هاوڕێیانی‌دا زۆر جار ئاماژەی پێ دەکردن. پێوەندیی نێوان کتێبەکان و دوکتور قاسملوو و کاریگەرییان لەسەر بیر و خەیاڵی، بێگومان لەو حاڵەتانەش‌دا ئاسانتر دەدۆزرێتەوە کە لەلایەن نووسەرەکانەوە پێشکەشی کراون یان قەددیان شکاوە و جار جارە و لێرە و لەوێ سەرەقەڵەمێکی دوکتور قاسملوویان تێدا بەجێ ماوە.

کۆرگێر پاشان گەشتێکی بە نێو کتێبخانەکەی دوکتور قاسملوو لە بواری زمان‌و نێوەرۆک لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا کردو خوێندنەوەی خۆی بۆ هەر کام لەو بوارانەدا هێنایەگۆڕێ.



## زنجیرەیەک چالاکی لە دەرەوەی وڵات لە یادی ٢٥ ساڵەی تیرۆری د. قاسملووی ڕێبەردا






# شرۆڤەیەک بۆ بنەماکانی خەباتی دوکتور قاسملوو



ئارەش لورستانی

دوکتور قاسملوو ڕێبەرێکە لە سەردەمی هاوچەرخ دا ژیاوەو زۆر لە هاوخەباتەکانی هەنووکەش لە ژیان‌دا ماون. بەڵام بۆ نەوەی ئەمڕۆو کەسانێک کە چالاکانی سیاسیی ئیستاو داهاتووی کۆمەڵگەو نەتەوەکەیانن، ڕێبەرێک کە نێوی لە مێژووی خەباتی مرۆڤایەتی بە زیندوویی ماوەتەوە، چۆن ناسراوەو چۆن لێی تێ دەگەن؟

لەم وتارەدا هەوڵ دراوە بە کورتی بەڵام بە شێوەیەکی سەرەکیو بە لۆژیکی کۆمەڵگەخوازو مافتەوەر، گرینگترین پایەو بنەماکانی خەباتی ئەم ڕێبەرە مەزنە شی بکرێتەوە. لە پێناو زیاتر نزیککردنەوەو ڕوونکردنەوەی ئاسۆی فکریی خوێنەر، سەرەتا١٠ بنەمای گرنگ دەخەینە ڕوو، کە ئەمڕۆکەش کارایی و بایەخی زۆریان لە کاروانی خەباتدا تێدا بەدی دەکریو، دواتر هەر کامیان بە شێوەیەکی کورت شرۆڤە دەکەین:

١. بەردەوامیی خەباتی نەتەوەییو شوناس‌تەوەری کورد لە سەر بنەمای ئامانجەکانی کۆماری کوردستانو ڕاپەرینی ساڵەکانی ١٣٤٦و ١٣٤٧ بەڵام بە شێوازێکی نوێ،

٢. پرۆفیشنالیزە کردن و پەرەپێدانی بزووتنەوە لە ڕێگەی «سیاست کاربردی»یەوە،

٣. دانانی ئۆتۆریتەی تایبەت بە پێی بارودۆخی ڕاستەقینەی خەبات،

٤. بەربڵاوی و بەرفراوان بوونی پانتایی خەبات لە کوردستانی ئێران بە شێوەیەکی بێ وێنە،

٥. کەڵکوەرگرتن لە دەروونناسیی سیاسی و کۆمەڵایەتی و هەروەها کلتووری سیاسیی گونجاو لەگەڵ پێکهاتەی کۆمەڵگە،

٦. پراگماتیزمی دەرئەنجام‌خواز،

٧. بەشداریی ژن بە شێوەیەکی بەربڵاو و جیددی لە خەباتدا ،

٨. تێپەڕین لە سۆسیالیزمی کلاسیک و خستنە ڕوی سوسیالیزمی دێموکراتیک بە شێوەی پراکتیکی،

٩. دامەزرانی پێوەندیی بەربڵاو لەگەڵ حیزبە ئێرانی و کوردستانییەکان،

١٠. هێنانەگۆڕو جێخستنی پرسی نەتەوەی کورد لە ئاستی نێونەتەویی‌دا،

**شیکردنەوەی کورتی ئەم خاڵانە:**

١. دوکتور قاسملوو لە سەردەمێک‌دا بوو بە سکرتێری گشتیی حیزب، کە حیزبە سەرانسەرییە ئێرانییەکان خاوەن هێزو نفووزێکی زۆر بوون. شۆڕشی ٥٧یش لەو فاکتەرانەیە کە دەیانتوانی خەباتی نەتەوەیی کورد بخەنە ژێر بارودۆخی خۆیانەوە. سێهەمین فاکتەر شەڕی ٨ ساڵەی ئێرانو عێراقە، کە ئەوەش کاریگەریی تایبەتی خۆی لەسەر بیروڕای گشتی هەبوو. فەرمانی هێرش بۆ سەر کوردستانو سەرکوتی نەتەوەی کوردیش دەیتوانی لە حاڵەتی ناکارامەیی پارت و لایەنە کوردستانییەکان پاشهاتی زۆر خراپی بەدواوە بێ. لە لایەکی دیکەوە کۆماری کوردستانو شۆڕشی ساڵەکانی ١٣٤٦و ١٣٤٧ کە ڕاستەوخۆ بە بەشێک لە شانازیەکانی حیزبی دیموکرات دێنە ئەژمارو بێجگە لەوانەش، مێژووی دووروودرێژی خەباتی مافخوازانەی نەتەوەی کورد لە تەواوی بەشەکانی کوردستان، هەستیاریی بەردەوامی خەباتی نەتەوەییان زەقتر دەکرد. و... لەگەڵ هەموو ئەو فاکتەرە زۆر هەستیارانە، دوکتورقاسملوو بەردەوام بوو لە خەباتی نەتەوەییو شوناس‌تەوەری کورد لە سەر بنەمای ئامانجەکانی کۆماری کوردستانو ئەمڕۆکە دوای ٢٥ ساڵ دەبینین کە دروستترین ڕیگەی خەبات، هەروا هەوڵدان بۆ دیاریکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووس‌و بەرگری لە شوناس‌و بەرژەوەندییەکانی نەتەوەی کوردە.

٢. لە سەردەمی کۆمەڵەی ژ.ک، تا سەردەمی ڕێبەریی دوکتور قاسملوو لە حیزبی دمکرات‌دا بەردەوام خەبات بە شێوەیەکی پچڕپچڕو (ناتخصصی) بەڕێوە دەچووو لۆژێکی بزووتنەوە زیاتر لە سەر بنەمای ئەو پرەنسیپانە نەبوو کە بەشێوەی زانستی گشتێنرابوون، بەڵام بە هۆی ئەزموون‌و شارەزایی بەرزی دوکتور قاسملوو لە تواناییەکانی بزووتنەوە، لە ئەگەری پرۆفشناڵیزە و تەکنۆکراتیزە بوونیو، هەروەها تێگەیشتنی دروستی دوکتور قاسملوو لە لایەنە سیاسییە ئێرانی، کوردستانییەکان‌و پرۆسەی خەبات‌و لۆژێکی سیاسیی نێونەتەوەیی، بزووتنەوی نەتەوەی کورد لە کورستانی ئێران بەڕێبەرایەتیی دوکتور قاسملوو لە ماوەیەکی زۆر کورت دا پرۆفشنالیزەو لە ڕێگەی سیاسەت کارامەوە پەرەی گرت.

٣. یەکێک لە گەورەترین کێشەکانی تێپەڕ بوون لە خەباتی پچڕپچڕ بۆ خەباتی بەردەوام، هەمیشە هەبوونی خەباتی ئۆتۆریتە بە واتای توانایی پیادەکردنی دەسەڵات بە شێوەی هەرەمی لە چوارچێوەی کۆمەڵەیەکی سیاسییە. ئەو ئۆتۆریتە تایبەتە کە دوکتور قاسملوو بۆ بەرەو پێش‌بردنی بزووتنەوە لە حیزب‌دا بەکاری هێنا، ئۆتۆریتەیەک بوو بە ناوەرۆکی سانترالیزمی دێموکراتیکەوە کە دوو لایەنی بە پێوەندییە نێوخۆییەکانی حیزب دەبەخشی کە بە پێی بارودۆخی ڕاستەقینەی خەبات ئامادەو گەڵاڵە کرابوو. هەر ئەم ئۆتۆریتەیە بوو بە



هۆی ئەوە کە لە ماوەی دوو دەیە خەباتی چەکدارانە ئاماری کوژراو و بریندار و وێرانکارییەکان بۆ حیزبی دێموکرات بگاتە لانی کەمی خۆی.

٤. سروشتییە کاتێک ئەو سێ فاکتەرەی هاتنە بەرباس، وەگەڕ کەوتن، پانتایی نفووز و بەربڵاوی بزووتنەوە لە کوردستانی ئێران بۆ یەکەم جار بە شێوازێکی بێ‌وێنە بە تەواوی کوردستانی ئێرانی گرتەوە. ئەم نفووزەش هێزی مرۆیی، مادیو مەعنەویی زۆری بۆ بزووتنەوەی کوردو بە تایبەت حیزبی دێموکرات لە گۆڕەپانی خەبات دا کۆ کردەوە.

٥. ناسینی دەروونناسیی سیاسیو کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەیەک گرینگترین فاکتەری بردنەسەری بەشداریی سیاسی یان وەرێخستنی نافەرمانییە سیاسیو مەدەنییەکانە. زاراوەکانی دەروونناسیی سیاسیو کۆمەڵایەتیی بنەما پتەوەکانی شکل‌گرتنی کلتووری سیاسیی گونجاو لەگەڵ پێکهاتەکانی کۆمەڵگە پێکدێن‌و ئەم کلتورە سیاسییە دەتوانێ هێزێک بێ لە بەرژەوەندی بزووتنەوە یان دژی ڕەوتی جوولانەوەکە. دوکتور قاسملوو توانی دەروونناسیی سیاسیو کۆمەڵایەتیی نەتەوەی کوردو نەتەوەکانی ئێران بناسێو کلتووری سیاسیی گونجاو لەگەڵ شوناسی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی کورد جێگیر بکا.

باشترین بەڵگەش کەشوهەوای چالاکو پیشەی سیاسیو مەدەنیی کوردستان بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی ئێرانە، کە هەمیشە کوردستانی لە سەرەوەی هەڵسەنگاندنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دادەناو دادەنێ. بەڵگەی دیکەی جێگەی سەرنج پێدان، ڕادەی هۆگریو هەستیاریی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران بە دوکتورقاسملووو حیزبی دێموکرات‌و کارو کردەوەکانییەتی.

٦_ پڕاگماتیزم ( کردەوەخوازی) کە دەکرێ لەگەڵ پێوانەی ئەنجامگیریی ئەرێنی هەڵبسەنگێندرێ، یەکێکە لە دەسکەوتەکانی سەردەمی دوکتور قاسملوو کە لەو کاتەوە تا ئەمڕۆ بە شێوەیەکی بەردەوام لە کۆمەڵگەی کوردستان‌و حیزبی دێموکرات‌دا بەباشی بەرچاو دەکەوێ، پڕاگماتیزمیش حیزب‌و بزووتنەوەی لە حاڵەتی ئارمانیو درووشم‌خوازی هێنایەدەرو بە شێوەی هێزێکی کارامە لە پێناو ئامانج‌و بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگە خستە کارەوە. پڕاگماتیزمی سەردەمی دوکتور قاسملوو تەنانەت تا ئەمڕۆ زۆر جار بۆتە پێوانەی خوێندنەوەو هەڵسەنگاندنی بزووتنەوەو چالاکییە حیزبییەکان.

٧_ یەکێک لە گرینگترین پێوانەکانی بزووتنەوەی سیاسی یان مەدەنیی هاوچەرخ، بەشداریی ژنان بە شێوەی بەربڵاوو جیددییە لە چەقی خەبات‌دا. لە سەردەمی دوکتور قاسملوودا ژنان بە شێوەی سیستماتیک‌و پیشەیی هاتنە ڕیزی خەباتەوە، بە شێوەیەک ئەمڕۆ دەبینین ژن تەنانەت لە پێگەی بڕیاردان‌و بەڕێوەبەرێتیی ئۆرگان‌و پێکهاتەی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات‌دا بایەخی تایبەتی خۆی هەبووەو ئەم کارە بۆتە هۆی دڵگەرمیو ڕاکێشانی نیوەی کاریگەرو زۆر هەستیاری کۆمەڵ لە بەشداریی سیاسیو مەدەنیو هەمیشە لە حاڵی گەشەو پێشوەچوون دایە.

٨_ تێپەڕین لە سوسیالیزمی کلاسیک‌و خستنەڕووی سوسیالیزمی دێموکراتیک بەشێوەی زانستی لە حیزبی دێموکرات‌دا کە لەلایەن دوکتور قاسملووە خرایە ڕوو، لەسەردەمێک‌دا بوو ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هزری چەپی کلاسیک‌و ڕاستی میانە تا توندڕۆ، باری چالاکیو سەنتەری کۆمەڵگەی تووشی گەنگەشە ئەبستراکتەکان دەکردو لەڕاستیش‌دا تووشبوون بەو ئەندێشە تێۆریکانە، لە کاتێک‌دا کە کۆمەڵگە پێویستی بە هەنگاوو بڕیاری جیددیو دەرەنجامی کردەیی هەبوو، دەیتوانی خەباتی نەتەوەیی کورد خەوشدار بکا یان بە لاڕێی‌دا بەرێ. بەڵام دوکتور قاسملوو توانی بە خستنەڕووی گەڵاڵەی سوسیالیزمی دێموکراتیک کە ئازادییەکان‌و مافە کۆمەڵایەتیو تاکەکەسییەکان هاوسەنگ ڕابگرێ، سلامەتی بزووتنەوەو ڕەوتی بەرەوپێشی حیزبی دێموکرات بپارێزێ.


٩_ دەتوانین بڵێین پێوەندییو تێگەیاندن‌و ڕێکخستنی هێزە خەباتگێڕە کوردو ئێرانییەکان لە سەردەمی دوکتور قاسملوودا شێوازو ناوەڕۆکێکی نوێی بە خۆوە گرت، بە شێوەیەک کە نە نەتەوەی کورد لە ئامانجەکانی خۆی پاشگەز بۆوەو نە لایەنە سیاسییە ئێرانییەکان لەلایەن خەباتگێڕانی کورد هەستیان بە مەترسی دەکرد تەنانەت کاتێک کە کۆماری ئیسلامی دەستی بە پاکتاوو وەدەرنانی هێزە سیاسییەکان لە تاران‌و شارەکانی دیکەی ئێران کرد، کوردستان بوو بە پەناگەیەک بۆ ئەو کەسانەی لە بەرامبەر حکوومەت‌دا ئامادەی ڕێککەوتنی کوێرانە نەبوون. بێجگە لەوە حیزبی دێموکرات بە ڕێبەرایەتیی دوکتور قاسملوو لەگەڵ کوردەکانی هەموو پارچەکانی کوردستان بەتایبەت کوردە خەباتکارەکانی کوردستانی عێراق پێوەندییەکی دۆستانەی زۆر نزیکی هەبووو زۆر جار لە بوارە جۆراوجۆرەکان‌دا یارمەتیی ئەو حیزب‌و هێزانەی دەدا.

١٠_ ئامادەبوونی دیپلۆمات‌و هەواڵنێرە ڕۆژئاواییەکان‌و تەنانەت کادرە دەرمانییەکانی وڵاتانی بیانی لە بنکەکانی حیزبی دێموکرات، هەروەها ئەندامبوون لە ئەنتێرناسیۆنال سوسیالیست بۆ یەکەم جار لەلایەن دوکتور قاسملۆوە، هەنگاوێکی درەوشاوە بوو کە ڕوخساری ڕاستەقینەی کوردی بە بیروڕای گشتیی دنیا نیشان‌داو پەردەی لەسەر جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لادا.

بەو هیوایەی ئەم وتارە توانیبێتی گۆشەیەک لە بەهاو بایەخی دوکتور قاسملووی بە خوێنەری بەڕێز بەتایبەت وەچەی ئەمڕۆ نیشان دابێ، ڕێبەرێک کە تا زیندوو بوو خەباتی بۆ مرۆڤایەتیو مافە مرۆییەکان کردو تەنانەت شەهیدبوونیشی بوو بەهۆی ڕیسوابوونی هەمیشەیی دوژمنانی ئازادیو دادپەروەری.

و. سیروان موساپوور

# ٢٢ی پووشپەڕ، ڕۆژی مەحکوومکردنی تیرۆریزمی دەوڵەتی



قادر وریا

لە ١٣ی ژوئیەی٩٨٩ (٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨) دا، د.عەبدولڕەحمان قاسملوو،سکرتیری گشتیی حیزبی دیموکرات، لە ڤییەن کەوتە بەردەسرێژی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی. تیرۆری ١٣ی ژوئیەی ١٩٨٩ی ڤییەن، یەکەمین و تەنانەت دوایەمین تیرۆری دەوڵەتی نەبوون کە کۆماری ئیسلامی ئەنجامی دابوون. بەڵام لە نێو ڕۆژ و بۆنە تاڵەکانی مێژووی ئەم سێ دەیەی دوایی دا، ڕۆژی "٢٢ی پووشپەڕ" و بیرەوەریی «تیرۆری د. قاسملوو» بوون بە ڕۆژی نارەزایەتی دەربڕینی گشتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لەم ڕۆژە و لە بیرەوەریی تیرۆری د.قاسملوودا نەک هەر ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دیموکرات، بەڵکوو خەڵکی غەیرە حیزبی بەڵام خەباتگێر و بە هەڵوێستیش، هەروەها لایەنگرانی ڕێکخراوە سیاسییەکانی دیکە و کۆمەڵانی خەڵکی ئاساییش، هەڵوێست دەگرن، یەکگرتووانە بێزاریی خۆیان لە ڕێژیمی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی دەردەبڕن، یادی د.قاسملوو و خزمەتەکانی بەرز ڕادەگرن و وەفاداریی خۆیان بە ڕێگاکەی ئەو، کە ڕێگای ڕزگاریی گەلی کورد و نەمانی ستەم و چەوسانەوەی جۆراوجۆرە، دووپات دەکەنەوە.

بۆ دۆزینەوەی هۆی قبووڵکرانی ٢٢ی پووشپەڕ وەک ڕۆژی مەحکوومکردنی تیرۆریزمی دەولەتیی کۆماری ئیسلامی،دەبێ لە سەر دوو بابەت ڕاوەستین.یەکەمیان چییەتیی پیلانێک کە بۆ تیرۆری د.قاسملوو ڕێک خرابوو، دووهەمیش گەورەیی کەسایەتی و بۆچوونەکانی د.قاسملوو. وێڕای ئەم دوو بابەتەش،دەبێ فاکتەری سەرهەڵدان و دروستبوونی ڕوانینی نەتەوەیی و سەرووی حیزبیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بیر نەکەین کە لەوەرێخستنی هەڵوێستی نەتەوەیی و گشتگیر، لە نێو گەلەکەمان دا جێگای خۆی هەیە.

ڕاستییەکەی ئەوەیە شەهیدکرانی د.قاسملوو و هاوڕێ عەبدوڵڵا قادری ئازەر لە سەر مێزی وتوویژ ئەم تیرۆرەی تا ڕادەیەکی زۆر لە تیرۆرە سیاسییەکانی دیکەی کۆماری ئیسلامی، جیا کردۆتەوە. ڕاستە ئەوانی دیکەش، هەر کردەوەیەکی تیرۆریستیی و مەحکووم بوون و بە هۆی ئەوانەوە زەبر لە هێزی خەباتکار و کەسایەتیی تێکۆشەر و بەتوانا دراوە، بەڵام کەڵکوەرگرتنی کۆماری ئیسلامی لە تاکتیکی وتوویژ و قۆستنەوەی نیازپاکیی د.قاسملوو بۆ نیازێکی چەپەڵ، قوبحی ئەو تاوانەی لە هەموو سنوورێک تێپەڕاند. لێرەدا مەسەلەکە هەر ئەوە نییە کە تیرۆرەکە، تیرۆرێکی دەوڵەتییە، هەر ئەوەش نییە کە لە بەرزترین ئاستی دەوڵەت و نیزامی کۆماری ئیسلامی دا نەخشەی تیرۆری د.قاسملوو داڕێژراوە و بەڕێوەچووە، بەڵکوو پێشێلکردنی عورف و ئەخلاقی سیاسی بە زەقترین شێوەش، لە پشت تاوانەکە دەبینرێ و سەرجەمی ئەوانە بە یەکەوە بوون بە هۆی بریندارکردنی ویژدانی گشتیی و غورووری نەتەوەیی خەڵکی کوردستان.

کەسایەتیی بەرزی د.قاسملوو و دیموکراتیک و ئینسانی بوونی بیروبۆچوونەکان و باوەڕی بە دیالۆگ و چارەسەری ئاشتیخوازانەی پرسی کورد، و شەهیدبوونی لەم پێناوەدا، بیرەوەریی تیرۆری ئەو ڕێبەرە و تووڕەیی لە پیلان و تاوان بۆ لە نێوبردنی ئەوی لە حافیزەی نەتەوەکەی دا، بە نەمری هێشتۆتەوە. ڕاستە د.قاسملوو لە کاتی شەهیدکرانی دا سکرتێری گشتیی حیزبێکی سیاسیی خەباتگێربوو، بەڵام لەو کاتەدا کە بەرامبەر بە ناردراوانی ڕێژیمی تاران لەسەر مێزی بەناو وتوویژ دانیشتبوو، نوێنەرایەتیی پرسی ڕەوای نەتەوەیەکی دەکرد، ئەو تیرۆریستانەش کە کۆماری ئیسلامی لە بەرگی دیپلومات و بە ڕواڵەت بۆ وتوویژ لەگەڵ د.قاسملوو ناردبوونی، بە سێرەگرتن لە دڵ و مێشکی ئەو کەسایەتییە، بە خەیاڵی خۆیان، دەیانەویست مێشک و چاوی خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەیەک بپژێنن. هەر بۆیە خەڵکی کوردستان، تیرۆری ڤییەن بە شتێکی گەورەتر لە کوشتنی چەند کەسی خەباتکار، بە سووکایەتی بە نەتەوەیەک دەزانن و ئامادە نین لەم سووکایەتییە خۆش بن.

خاڵێکی گرنگی دیکە کە قاسملوو و پوشپەڕیان کردوە بە ڕەمزێکی نەتەوەیی و خەباتگێرانە، وەک گوترا ئەو تێگەیشتنە نەتەوەیی و خەباتگێرانە بەرزەیە کە بە خۆشییەوە لە نێو نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا، سەری هەڵداوە. هەتا دێ ئەم تێگەیشتنە لە نێو خەڵکی کوردستاندا بەهێزتر دەبێ کە خەبات و بەربەرەکانێ دژی ڕێژیمێکی زۆردار و دڕندەی وەک کۆماری ئیسلامی پێویستیی بە یەکیەتی و هاوپێوەندیی نەتەوەیی و یەکهەڵوێستی هەیە. ئەم ڕاستییەش، دەخوازێ کە بە سەر سنوور و چوارچێوە حیزبی و ڕێکخراوەیی‌یەکاندا، زاڵ بن و د.قاسملوو و ٢٢ی پووشپەڕ نەک وەک ملک یا پرسی حیزبی دیموکرات، بەڵکوو وەک پرسی خۆیان چاو لێ بکەن. هەر بۆیە حیزبی دیموکراتیش، نارەزایەتیدەربڕینی ٢٢ی پووشپەڕی هەموو ساڵێک، نەک وەک چالاکیی حیزبی بەڵکوو وەک ململانیی نەتەوەیەک لەگەڵ ڕێژیمێکی زۆردارو دژە کورد، چاو لێ دەکا. ململانێ‌یەک کە دەبێ سەرئەنجام کورد تێیدا سەربکەوێ.

# کاوە ئاهەنگەری ئەندامی ڕێبەریی حدک: ڕوانینی ستراتیژیکو ڕووناکبیرانە لە پرسی نەتەوەییدا بەهێزترین لایەنی کەسایەتیی د. قاسملوو بوو



**کوردستان: ئەگەر لە ڕوانگەی کەسێکی سیاسییەوە کە ئەمڕۆکە لە کوردستان و ئێران بە کاری سیاسییەوە سەرقاڵە، بڕوانینە کردوەی دوکتور قاسملوو، بەڕێزتان کام تایبەتمەندیی سیاسی و هزری دوکتورتان پێ بەرزترە کە تا ئەمڕۆکەش بەرچاوە؟**

**کاوە ئاهەنگەری:** شەهید دوکتور قاسملوو کەسایەتییەکی کەم وێنە و گەورە بوو، زۆر لایەن و بواری ژیانی ئەم ڕێبەرە مەزنە دەتوانین بخەینە بەر باس. بەڵام بۆ وڵامی پرسیاری بەڕێزتان دەڵێم کە ڕوانینی ستراتیژیکو ڕووناکبیرانەی لە پرسی نەتەوەیی بە لایەنێکی بەهێز و کەم وێنەی شەهید دکتور قاسملووی دەزانم.

**ئارەش لۆرستانی: بە بڕوای ئێوە دوکتور قاسملوو چ میتۆد و شێوازێکی بۆ هاوسەنگ ڕاگرتنی کاری سیاسیی نێوان کوردستان و ئێران بەکار دەهێنا؟ ئایا ئەو میتۆدانە هێشتاش وڵامدەرن؟**

**کاوە ئاهەنگەری:** دروشمی دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان، یەکێک لە میتۆدە سیاسییەکانی دکتور قاسملوو بۆ چارەسەری پرسی کورد لە ئێراندا بوو. ئەم دروشمە زۆر باس هەڵدەگرێ. لە لایەکەوە پێ لەسەر دێموکراسی و دێموکراتیزە کردنی ئێران وەک بەستەر و هەوێنێک بۆ وەدی هێنان یان وەدی هاتنی خەونێکی دیکە کە هەمان کیانێکی سیاسیو خودموختار بو کورد لە ئێراندا بوو، دادەگرێ. ئەم میتۆدە نە تەنیا بۆ کورد لە ئێران بەڵکوو ئەمڕۆکە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە سوودە ، بە زمانێکی دیکە دەکرێ بە یارمەتی وەرگرتن لە دێموکراسی وەک بەستەرو بنەما بۆ چارەسەری کێشەکانی نێو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەڵکی لێ وەربگیردرێت. ڕووبەڕوو بوونەوەی دێموکراتیک لە گەڵ کێشەکان و ڕێگەچارەی دێموکراتیکی پرسە هەڵپەسێردراوەکان، بنەمای بیری تیژو ستراتژیکی دوکتور قاسملوو بوون. لە لایەکی دیکەوە بە کەم بوونەوەی ئەژماری دیکتاتۆرەکان و کرانەوەی زیاتری هەلومەرجی سیاسی لە وڵاتانی لە حاڵی گەشە، دەبینین کە ڕۆژ بە ڕۆژ دێموکراسی لە سەرکەوتن و پەرەگرتندایە و ڕێژیمە دیکتاتۆڕەکان لە هەر چەشن و جۆرێک لە حاڵی کەم بوونەوەدان. ئەوەش بە ئێمە دەڵێ کە دێموکراسی و دێموکراسیخوازی ڕۆژ بە ڕۆژ لایەنگری زیاتر دەبیو گەلانی جیهان زیاتر بەرەو پیلی دەچن. دێموکراسی مەرامی بەرز و بنەڕەتی دکتور قاسملوو بوو.

**ئارەش لۆرستانی: پرسی کورد بوون و ئێرانیبوون کە زۆر کەوتووەتە بەرباس و گەنگەشە، لای دوکتور قاسملوو چ پێناسەیەکی هەیە و ئایا بەردەوامیی ئەم تاکتیکە بەرەو ئاشتی و دیمۆکراسیمان دەبات؟**

**کاوە ئاهەنگەری:** من پێموایە کە ئەم هەڵسەنگاندنە لە جێی خۆیدا نیە. واتە پێم وانیە کە دوکتور قاسملوو کورد بوون و ئێرانیبوونی بە یەک پێوابێ یان لە هەمبەر یەکتری دانابێ. ئەم دووانە لە یەک جنس نین تا بتوانین پێکەوە هەڵیان سەنگێنین. کوردمان هەیە ئێرانی نیە بەڵام کوردە، ئێرانییش هەیە کە کورد نیە بەڵام ئێرانیە. ناتوانین لە نێوان دوو شت کە لە تایبەتمەندیو پێناسەدا یەک نین، هەڵسەنگاندێک بێنینە ئاراوە. کە چاو لە نەتەوەی کورد لەو چەند وڵاتەدا دەکەی بە ڕوونی دیارە کە کورد بوون حەتمەن بە مانای ئێرانیبوون نیەو ئێرانی بوونیش هەمیشە بە مانای کورد بوون نیە. کورد لە هەر شوێنێکی ئەم دنیایەو لە نێو هەر جوغرافیاییەکی سیاسیدا بە دونیا بێ، هەر کوردە بەڵام حوکم نیە حەتمەن ئێرانی بێ. گومان لەوەدا نیە کە دوکتور قاسملوو باوەڕی بە شوناسو پێناسەیەکی شوناسخوازانەی جیا لە نەتەوەو شوناسەکانی دیکەی نێو ئێران بۆ کورد هەبوو. دەنا بە جیا زانینی کورد لە فەرهەنگ و زمانی دەستەڵاتدار و داوای خودموختاری کردن بۆ کوردستان چ مانایەکی دەبوو ئەگەر هەستو دەرک بە جیاوازیو جیایی نەکرابا؟ دروشمی خودموختاری بۆ کوردستان لە نێو ئێراندا ڕاست ئەوە دەسەلمێنێ کە کورد لە عەینی حاڵدا کە لە ئێراندا دەژیت، بەڵام کوردە هەر بۆیەش داوای حکوومەتێکی خودموختار بۆ ئیدارەی کوردستان دەکا. قەبووڵی ئەم جیاوازییە لە عەینی پێکەوە ژیاندا، ڕاست بە مانای بەهێزکردنی هزری پێکەوە ژیانی هێمنانە بە هەبوونی جێگەو پێگەی شیاو بۆ هەموو ئەندامانی پێکهاتەکەیە.

**ئارەش لۆرستانی: دانوستانی دوکتور قاسملوو لەگەڵ کۆماری ئیسلامی چۆن هەڵدەسەنگێنن؟ ئێوە دژی دانوستانن، یان دەگەڵ دانوستانێکن کە تێچووەکەی شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو بوو؟**

**کاوە ئاهەنگەری:** من پێموایە کە دەبێ لە نێوان وتوویژ و مکانیزم و شێوازەکانی وتوویژ جیاوازی دابنێین. هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر سیاسەتی حیزبی دێموکرات کە دابین کردنی مافی نەتەوایەتیی نەتەوەی کورد لە ئێران دایە. بە واتایەکی دیکە مەبەست لە خەباتی ئێمە دابینکردن و گەیشتنە بە مافە نەتەوایەتییەکانمانە بۆ ئەم مەبەستەش ڕێکار و شێوازی جۆراوجۆر هەیە کە وتوویژ یەکێکە لەوان. ئەگەر قەرار بێ لە ڕێگای وتوویژەوە بە مافەکانمان بگەین چ پێویست دەکات پەنا بۆ شێوازی دیکە بەرین؟ بۆیە مادام کە ئەساسی وتوویژی شەهید دکتور قاسملوو دابین کردنی مافی نەتەوایەتی بووە ، هیچ ئێرادێک لەم کارەدا نابینم. ئەوەی جێی ڕەخنەیە، مکانیزمیو چۆنێتی ئەنجامی وتوویژەکەیە لە باری تێکنیکییەوەیە. من پێموایە دەبوو بە میتۆد و تەئمینات و ساز وکارێکی دیکەوە ئەم وتوویژە ئەنجام درابا. سەبارەت بە نرخی ئەم وتوویژەش پێموابێ تا کورد مابێ ئەم داخەش دەمێنێ چوون دکتور قاسملوو ڕێبەرێکی کەم وێنە بوو.

**ئارەش لۆرستانی: بوونی دوکتور قاسملوو لە مێژووی نەتەوەی کورداو بەتایبەت حیزبی دێموکراتدا چ کاریگەرییەکی لەسەر داڕشتنی هێڵی سیاسی کوردستان هەبووە؟ ئەو کاریگەرییانەو بە ئاسانی بتوانین بیگەڕێنینەوە بۆ حیزبی دیموکرات و دوکتور قاسملوو چین؟**

**کاوە ئاهەنگەری:** بۆ وڵامی ئەم پرسیارە دەبێ بگەڕێینەوە کەمێک دواتر، ساڵەکانی پەنجا و بە سکرتێر بوونی دکتور قاسملوو دۆخی حیزبی دێموکرات پێش سکرتێری دکتور قاسملوو و دوای هەڵبژێرانی وەک سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستان. شوێندانەریی بنیاتنەرانەی دکتور قاسملوو بۆ هەمووکەس ئاشکرایە. چ لە ڕووی تەشکیلاتییەوە، چ لە ڕووی سیاسییەوە. بە هاتنەوەی دوکتور قاسملوو، حیزبی دێموکراتو حیزبایەتی دەچێتە فازێکی دیکەوەو گۆڕان لە باری چەندایەتیو چلۆنایەتییەوە دێتە گۆڕێ. لە باسی سیاسییەوە چ لە ئاستی حیزبیدا کە باسم کرد و چ لە ئاستی کوردستانیدا وەک ڕێبەرێکی بێ هاوتا لەو کاتدا و چە لە ئاستی ئێراندا وەک سیاسەت مەدارێکی کارا توانی کاریگەریی هەبێ. تەنانەت وەک دیپلۆماسی بۆ کورد لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، توانی ڕۆڵێکی مێژوویی بگێڕن. بە هۆی ئەوە کە حیزبی دێموکرات یەکەم حیزب و گەورەترین حیزبی کوردستانی بوو، بێگومان سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتیش لە باری سیاسیو شوێندانەری سیاسییەوە جێگەو گرینگی تایبەت بە خۆی دەبێ، هەر بۆیە ڕۆڵی شەهید دکتور قاسملوو بێ وێنە و شوائێندانەر بووە. وەک تایبەتمەندییش دەتوانم بە گوتاری سیاسیی حیزبی دێموکراتو ڕۆڵی سەرەکی دکتور قاسملوو لەم پێوەندییەدا لە ئاستی کوردستانی و ئێرانی و جیهانیدا بکەم. بە جەماوەری کردنی خەبات، بەرەو " سیاسەتی ڕووناکبیرانە" بردنی حیزبایەتیی و دوور کەوتنەوە لە حیزبایەتی سوننەتی، ناساندی پرسی کورد لە ئاستی جیهانیدا و ڕابەرایەتیی بزووتنەوەیەکی میللی دێموکراتیک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە تایبەتمەندییەکانی حیزبی دێموکراتن.

**ئارەش لۆرستانی: بە بڕوای ئێوە پێویست دەکا دوکتور قاسملوو بۆ نەوەی نوێ دووبارە پێناسە بکرێتەوە؟**

**کاوە ئاهەنگەری:** وتەیەکی باو لە نێو یاران و قوتابیانی دوکتور قاسملوودا هەیە کە دەڵێ: "قاسملوو لە ڕێبازیدا زیندووە". پێویستە ئێمە درێژەدەری ئەم ڕێبازە بین و بە پێی سەردەم بۆ بە تازە کردنەوە و دەوڵەمەندتر کردنی ئەم ڕێبازە لە تێکۆشاندا بین.

**لە کۆتایی دا ئەگەر شتێکی پێویست هەیە بیڵێ، تکایە بفەرموون.**

لە دەستچوونی دوکتور قاسملوو خەسارێکی گەورە بوو بۆ بزووتنەوەی میللی دێموکراتیکی کورد لە ئێرانو حیزبی دێموکرات. تەنیا وەفاداری و درێژە پێدانی ئەم ڕێگایەو وەدیهێنانی ئامانجەکانی دوکتور قاسملوو دەتوانێ قەرەبووی ئەم خەسارە بکاتەوە. هیوای بەردەوامی و سەرکەوتن بۆ قوتابیانی دکتور قاسملوو دەخوازم.

## قاسملوو ئێستاشی لەگەڵ دابێ هەر قاسملوویەو خەونی هەزاران ڕۆڵەی گەلەکەیەتی

### (وەرگیراو لە وتاری «قاسملوو، هێمای نەتەوەیەک یان خودی نەتەوە»)


**نووسەر: حیسام دەست پیش**

کاروانی خەباتی کورد پاش کۆماری کوردستان کۆمەڵێک مانا و هێمای بە جێ هێشت کە ئەو هێمایانە چووبوونە ناو جەستەی مرۆڤی کوردەوە و بزووتنەوەیەکیان بەرهەم هێنابوو کە وزە و توانای دەبەخشیە نەوەکانی دوارۆژی خۆی کە گڕ و تینێک بەرهەم بێنن. لێرەدا نەوەکانی پاش پێشەوا خاوەن بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتین کە پێویستیان بە هێما و مانای نوێ هەیە. قاسملوو وەک سەرچڵێک هەڵکەوتوو ئەم ڕاستییە دەزانێ چونکوو تێیدا گەورە بووە و خۆی نموونەیەکی ڕاستەقینەی ئەم نەوەیەیە. بە خوێندنەوەیەکی نوێ و بە ئەقلیەتێکی تر دێتە ناو گۆڕەپانەکەوە، هاواری مانا نوستوەکانی کورد لە چوارچرای مەهابادەوە بەرز دەکاتەوە و دەیهەوێ بڵێ کە ئێمە دەنگە نووستوەکانی چوارچرا هاتوینەوە کە پەیامێکی نوێتان پێ بگەیەنین، ئەویش هەستانەوەی مرۆڤی کوردە. بۆ دەرخستنی ئەم ڕاستییە ئەو نوینەرایەتیی حیزبێک دەکات کە لە کۆمەڵگای کوردیدا غەریب نیە و ناسراوە بۆ پەیرەوکردنی داخوازییە نەتەوەییەکان. هەوڵەکانی دوکتور بۆ خۆ گرێدان بە خەڵکی کوردەوە دەتوانین ئاوا ناو ببەین: وەگەڕ خستنەوەی حیزبی دیموکرات وەک میراتی کۆمار، پەیرەوکردنی شوناسی کوردی وەک ئاوێنەی سیاسەتەکانی، مەڵبەند کردنی مەهاباد وەک ناوەندی بڕیاری سیاسیی کورد، فۆرمۆلیزە کردنی داخوازی گەلەکەی، سیما کوردانەکەی، سازکردنی بەرەی کوردستانی بۆ دانوستاندن لە گەڵ داگیرکەر، پەیرەو نەکردنی هیچ ئایدۆلۆژیایەک بۆ حیزبەکەی و تەسک کردنەوەی لە چوارچێوەی بیرۆکەیەکی دیاریکراودا، پێناسە کردنی حیزب وەک حیزبێکی نەتەوەیی، واقیع بینی و تێگەیشتن لەو واقیعانە، پشت بەستن بە مانا نووستوەکانی خودی کۆمەڵگای کوردی و لە هەمووان گرینگتر تێپەڕ نەبوون لە هێما نەتەوەییەکانی کۆماری کوردستان. ئەمانە پەیامێکن بۆ خەڵکی کوردستان کە من لە ئێوەم و جیاواز لە خەیالەکانی ئێوە بیرناکەمەوە. لە کۆبەندی ئەم تایبەتمەندیانەیە کە قاسملوو متمانەی خەڵک بەدەس دێنێ و دەبێتە ئاوێنەی خەیاڵ و داخوازیەکانیان.

لە گەرمی شمشاڵەکەی قالەمەڕەوە تاکوو پێشمەرگەی کوردستان، لە دیارکردنی ئیلام و کرماشانەوە تاکوو خۆی و ماکوو وسەلماسەوە، لە ئەقلیەتە مۆدێرنەکەیەوە تاکوو وەفاداربوونی بە دیمۆکراسی، لە فیداکاریەکانییەوە تاکوو نەسرەوتن تا سەرکەوتن , و لە دوورەڕوانیەوە تاکوو خۆشی و ناخۆشییەکانی حیزبەکەی، لە زانا بوونیەوە تاکوو ناساندنی کورد بە جیهانی دەرەوە، مانا گەلێکی دەبەخشیە کۆمەڵگاکەی کە من هێما و سیمبۆلی ئاواتەکانی ئێوەم. هەر بەم بۆنەیەوە بوو کە قاسملوو ئێستاشی لە گەڵدا بێ هەر قاسملوویە و خەونی هەزاران ڕۆڵە گەلەکەیەتی.

### سەرەنجام

باسکردن لەوەی کە ڕێبەری شەهید سیمبۆلی خەباتی خەڵکی کوردستانە شتێکی حاشا هەڵنەگرە و ڕاستیی ئەم باسە لەوەدا دەردەکەوێ کە نەوەکانی ئەمرۆی کوردستان ئەو وەک هێمای خۆیان دەزانن. هەرچەند قاسملوو بە جەستە لە کۆمەڵگای کوردی باری کردووە، بەڵام بە هێما هێشتا هەر لە گەڵ خەڵکی کوردستاندایە. هەروەها کە پێشتر باسمان کرد بە هۆی تێکەڵ بوونی قاسملوو لە گەڵ خەون و ئاواتەکانی کوردەوە ئەستەمە بتوانین کورد و قاسملوو لەیەک جیا بکەینەوە، هەر بۆیە بە سیمبۆڵ بوون و مانەوەی، ئەم ڕاستیە ئاشکرا دەکا کە ڕێبەرانی کورد وەک هێمایەک بۆ ئەم نەتەوە هێشتا هەر سەرچاوەی وزە و سەرهەڵدانن و ئەگەر بڵێین کە ئەم ڕێبەرانە نە تەنیا سیمبول نین بەڵکوو خودی نەتەوەکەن پێم وا نیە کە لە ڕاستیەوە بە دوور بێ، لە بەر ئەوەی ئەوان ئاوێنەی ڕاستەقینەی ژیان، بەسەرهات و ئاواتەکانی ئەو نەتەوەن.



**سەرچاوە: پەیجی "نا بۆ تیرۆر"**

# د.قاسملوو ئەستێرەیەکی درەوشاوە لە گۆڕەپانی دیپلۆماتیکدا

ئا: هەژیر عەبدوڵڵاپوور

کاراکتێرو کەسایەتیی کارێزمای د.قاسملوو لە چ رادەو ئاستێکدا بوو کە توانی لە ماوەیەکی کورتدا قورسایی‌و پێگەیەکی بەرین لە نێو کۆمەڵگەی کورد بۆ خۆی مسۆگەر بکاو تەنانەت ناوبانگێکی ئەوتۆی جیهانیی بۆ خۆی دابین بکا؟ بە لەبەرچاوگرتنی چ تایبەتمەندگەلێک بوو کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی پیلانی تیرۆری ئەو هەڵکەوتەیەیان دارشتو بەڕێوەیان برد؟


د.قاسملوو رووناکبیرێکی بیرمەند بوو بە هۆش‌و بیرتیژیی زۆر لەسەرێوە؛ ناوبراو لە دەربڕینی بۆچوون، هەڵسەنگاندن‌و لێکدانەوەش‌دا زۆر بەتوانا بوو؛ جیا لەوانە لە فەلسەفە، کۆمەڵناسی، زانستی ئابووری‌و سیاسەت‌و ئەدەبیات‌و هتددا لێوەشاوەو شارەزا بوو؛ بەجۆرێک کە لەگەڵ دیپلۆمات، دیپلۆمات لەگەڵ ئابووریزان، ئابووریزان، لەگەڵ کۆمەڵناس، کۆمەڵناس‌و بگرە لەگەڵ شاعیر و ئەدیب، شاعیرو ئەدیب بوو. ئەو تایبەتمەندییە کەسێنی‌و دیارانەی د.قاسملوو، کەسێتییەکی دیکەیان بەو بلیمەتە بەخشی بوو بە جۆرێک کە لە دانیشتن‌و پێوەندیی لەگەڵ هەر کەس یان هەر کۆڕو کۆمەڵێک دەکەوتە بەر چاوو سەرنجی بەشداران‌و کەسایەتی‌و لێهاتوویی ئەو بەرزەمرۆڤە زیاتر بەرچاو و دەردەکەوت.

بەڵام بەراستی جیا لەو تایبەتمەندییانە، رۆڵی د.قاسملوو لە جووڵانەوەی کوردستان‌و بزاڤی سەرانسەریی ئێران‌و تەنانەت لە ئاستی رۆژهەڵاتی ناوین‌و جیهانی چ بوو کە لە نێو جەرگەی وڵاتانی ئازادو دیمۆکراتیکدا پیلانی تیرۆری بۆ دارێژرا؟

لە ئاستی نێونەتەوەیی‌دا هێندێک لە بزاڤە کۆمەڵایەتی، نەتەوەیی‌و سیاسییە بەناوبانگەکان بە ناوی کەسایەتییە بلیمەتەکانەوە دەناسرێنەوە یان بەوانەوە دەبەسترێنەوە. بزووتنەوەی دژی داگیرکاریی هیند بە ناوی گاندی، بزاڤی رەشپێستەکانی ئەمریکا بە ناوی مارتین لۆتێر کینگ، جووڵانەوەی دژی نەژادپەرستیی ئەفریقای باشوور بە ناوی نێلسۆن ماندێللاو بزووتنەوەی میللی - دێموکراتیکی رۆژهەڵاتی کوردستان بە ناوی دوکتور قاسملووەوە گرێ دراوە.

دوکتور قاسملوو تەنیا لە کوردستان‌و ئێران و ناوچەدا بە دوای دوست پەیداکردن بۆ کوردو دۆزەکەی‌دا نەبوو، بەڵکوو بەردەوام هەوڵی دەدا کوردو پرسەکەی لە ئاستی نێونەتەوەییش‌دا، بناسێنێ.

نەمر دوکتور قاسملوو لە پێوەندییە دیپلۆماسییە نێونەتەوەیی‌یەکانی‌دا زۆر سەرکەوتوو بوو و توانیبووی راو سەرنجی زۆرێک لە سیاسەتمەدارانی ئورووپایی بۆ لای دۆزی کورد رابکێشێ‌و هەر کات سەردانی ئورووپای دەکرد، هەموو هەوڵی لەو پێناوەدا دەخستە گەڕ کە وەک باڵوێزو نوێنەری بزاڤی رزگاریخوازی کورد، ئامانج‌و پرسی ئەو گەلە لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە دونیای رۆژاوا بناسێنێ. هەر ئەو پێوەندییە دیپلۆماتیکە نێونەتەوەیی‌یانەی ئەو بوو کە توانی لە لەقاودانی جینایەتەکانی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران لە کوردستان‌و داسەپاندنی شەڕ بەسەر گەلی کورددا دەوری باشی هەبێ‌و هەروەها لە ناساندنی خەباتی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە ئاستی نێونەتەوەیی‌و لە نێو راگەیەنە گشتییەکانیشدا رۆڵێکی کاریگەر بگێڕێ. ئەگەر چاوێک بە رادەی پێوەندییەکان، وتووێژەکان‌و بەشداری لە کۆنگرەو سیمینارە نێونەتەوەییەکانی د.قاسملوودا بخشێنین، ئاستی پێوەندی‌و چالاکییە سیاسییەکانی ناوبراومان زیاتر بۆ دەردەکەوێ.



بەڕێز عەزیز ماملێ لە وتارێکدا لە ژێر ناوی "د.قاسملوو دیاردەیەکی نوێ لە بزاڤی کورددا"، لەم پێوەندییەدا دەڵێ: "لە پێوەندییە دیپلۆماسییەکان‌دا کاتێک بۆ یەکەم جار لە گەڵ کاربەدەستێکی پایەبەرزی کابینەی وەزیری دەرەوەی فەڕانسەو چەند کەس لە هاوکارانی کۆبۆوە، ئەوان زۆر زوو تامەزرۆی شێوەی قسە کردن‌و لێکدانەوەی وەزعی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست‌و ئێران‌و کوردستان بوون و لە نێو چاوانی ئەو دیپلۆماتە پایەبەرزانەدا رێز و کڕنۆش بۆ د.قاسملوو دەبینرا".

د.قاسملوو بە شارەزایی و لێهاتوویی‌یەک کە لە دیپلۆماسی‌دا هەیبوو، لەراستی‌دا لەگەڵ کەسایەتییە سیاسییە پلە یەکەکانی سەردەمی خۆی‌دا بەرابەری دەکردو بە کورتی هەموو مەرجەکانی دەوڵەتکەسایەتییەکی کوردی لە خۆی‌دا کۆکردبۆوە.

لایەنی دیپلۆماسیی دوکتور قاسملوو و زاڵبوونی گوتاری ئەوان لە ئاستی وتووێژو پێوەندییەکان لە کوردستانیش‌دا زۆر سەرنجڕاکێش بوو. لەم پێوەندییەدا بەڕێز مستەفا شەڵماشی لە دۆستانی نیزیکی نەمر قاسملوو دەڵێ: "لە دەفتەری سیاسی‌دا ئێمە زۆرجار میوانی گەورەی سیاسی‌و سەرکردەی سیاسیمان دەهات. هەر لە رێبەرانی کوردەوە، هەتا رێبەرانی رێکخراوە ئێرانییەکان، هەتا نوێنەرانی دەوڵەت، هەتا رۆژنامەنووسانی ناوچەیی‌و دەرەوە سەردانیان دەکردین. لە هەلومەرجی جۆراوجۆردا، لە سەرکەوتن‌و نسکۆدا، لە هەموو ئەو کاتانەدا کە دەفتەری سیاسیمان لە مهاباد، لە سەر شاخانی ناوچەی مهاباد، لە شیوەجۆی ناوچەی سەردەشت، لە مەزناوێی ناوچەی سەردەشت، لە گەلاڵێی باشووری کوردستان و لە گەورەدێی باشووری کوردستان لە نیزیکەوە ئاگام لە هەڵسوکەوتی دوکتور قاسملوو بوو. لەو دیدارانەدا، قەت نەمدی، رێبەرایەتیی دانیشتنەکەی لە دەست دەربهێنرێ. دوکتور قاسملوو بە لێکدانەوەو هەڵسەنگاندن و دەرخستنی زانستی خۆی کارێکی وای دەکرد کە میوانەکان زۆرتر دەبوونە گوێگر هەتا وتەبێژ. دوکتور هەمیشە بە سەر دانیشتنەکاندا زاڵ بوو، بە جۆرێک کە سەرکردە بەناوبانگەکانیش، بە دڵخوازی خۆیان رۆڵی سەرکردەی کۆبوونەوەکەیان پێ‌دەسپارد".

د.قاسملوو سەرەڕای ئەوەی‌کە کوردستانی بە مەیدانی سەرەکیی خەبات لە دژی کۆماری ئیسلامی دەزانی، بەڵام بۆ بەرین کردنەوەی خەبات‌و چالاکی لە دژی ئەو رێژیمە، بەردەوام لە هەوڵی پێکهێنانی بەرەیەک لە هێزە دێموکراتە ئێرانییەکان بە چەپ‌و راستەوە بوو.

نەمر د.قاسملوو لە هەستیارترین‌و دژوارترین هەلومەرجەکان‌دا باشترین هەڵوێست‌و سیاسەتی گرتەبەر و بزووتنەوەیەکی رزگاریخوازی لە ئەستەمترین قۆناغەکان‌دا رێبەری کردو بە هەق لە درێژەدەرانی راستەقینەی رێگای نەمر قازی محەممەد بوو و هەتا ئەمڕۆش لە رێبازی‌دا کە بە "رێبازی قاسملوو" ناسراوە، زیندووە.

بە سەرنجدان بەو تایبەتمەندیانەو زۆر تایبەتمەندیی بەرچاوی دیکەی د.قاسملوو بوو کە دەسەڵاتدارانی ئەو کاتی کۆماری ئیسلامی پیلانی تیرۆری ئەو رێبەرە مەزنەی کوردیان دارشت.

بە تیرۆری د.قاسملوو کورد تەنیا سەرۆکی حیزبێکی لە دەست نەدا، بەڵکوو کەڵە دیپلۆماتێکی هەڵکەوتووی لە دەست چوو، کە ئەگەر مابا، بەدڵنیایی‌یەوە دەیتوانی لە پێوەندییە نێونەتەوەیی‌یەکانی کورددا نەخشی دیار و بەرچاو بگێڕێ.

# مانگرتنێکی جیاواز!

## (لە پەراوێزی بانگەوازەکەی ئەمساڵی حدک بۆ ٢٢ی پووشپەڕ)

ناسر باباخانی

نافەرمانیی مەدەنی بریتییە لە دەنگ هەڵبڕین و مانگرتنێکی جەماوەری بە دژی دەسەڵاتێکی دیکتاتۆر بەبێ توندوتیژی لەهەمبەر سیاسەت و یاساکانی ئەم دەسەڵاتەدا. ڕەنگە دیارترین سیمای بیردۆزی نافەرمانیی مەدەنی "جین شارپ" بێ کە تێزە بنەڕەتییەکەی بریتییە لەمە کە حکوومەتە دیکتاتۆرەکان هێزی سەرەکیی خۆیان لە گوێڕایەڵیی خەڵک وەردەگرن و شارۆمەندانی ئەم وڵاتە دەتوانن بە خۆ قوتار کردن و دەرباز بوون لەم گوێ لەمستبوونە ببنە هۆی ڕووخانی حکوومەت یان لانیکەم ئاڵوگۆڕی جیددیی تێدا ساز بکەن. ئەو پێی وایە لەسەر بنەمای خۆبواردن لە توندوتیژی بە ڕەچاو کردنی هەندێ میکانیزمی تایبەتی دەکرێ خەباتی خەڵک سەرکەوێ. دیارە خۆی کوتەنی ئەمە شەڕی نەرم نییە، هەرچەند لە هەندێ ڕوووەوە وێکچوونێکی زاتی هەیە لەگەڵ بیردۆزییەکەی جۆزێف نای واتە هێزی هۆشمەند (smart power) کە تێکەڵاوێکە لە هێزی نەرم (soft power) و هێزی سەخت (hard power) کە بۆ حکوومەتی ئەمریکا پێشنیار کرابوو بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ وڵاتانی دیکتاتۆری بەتایبەتی هەندێ لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵام جیاوازییەکە لەمەدایە کە بەردەنگی جین شارپ خەڵکی ئەم وڵاتانەن کە لە ژێر زەخت و گوشاری دیکتاتۆرەکاندا دەناڵێنن.

***

بێگومان دیارە کەم نین ئەم ڕۆژانەی کە لە مێژووی خەباتی گەلی کورددا دەدرەوشێنەوە و کوردیش وەک میراتێکی بەنرخ هەتا هەنووکە پاراستوونی. بەڵام جیاوازی ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕ لەگەڵ ڕۆژەکانی تردا لەمەدایە کە ئەم ڕۆژە بۆتە سیمبولێک بۆ نافەرمانیی مەدەنی لە کوردستان و لە هەمان کاتیشدا یەکڕیزی و یەکدەنگیی خەڵکی کوردستان لەهەمبەر ئیدانەی تیرۆریزمی دەوڵەتی. هەر بۆیە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی گەلاڵەی تایبەتی هەیە بۆ ئەم ڕۆژە و بە هەموو شێوەکانی هێزی نەرم (soft power) و هێزی سەخت (hard power) بەرەنگاری ئەم ڕۆژە دەبێتەوە!

***

بانگەوازی حیزبی دیموکراتی کوردستان سەبارەت بە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی یادی ٢٥ ساڵەی تیرۆری شەهید دوکتور قاسملوو ئەمجارەیان بانگەوازێکی جیاواز بوو. یەکەم داواکاریی ئەم حیزبە لە بانگەوازەکەیدا بەم شێوەیە: خەڵکی شار و گوند لە چەند ڕۆژ پێشترەوە پێداویستییەکانی خۆیان لە بازاڕ دابین بکەن بۆ ئەوەی لە ڕۆژی٢٢ی پووشپەڕدا، دانیشتووانی شار لە ماڵەکانیاندا بمێننەوە و ڕوو لە بازاڕ نەکەن و خەڵکی دێهاتیش لە چوون بۆ شار خۆ بپارێزن. دیارە لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا بەردەوام حیزبی دیموکرات داوای لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان کردووە کە بە بۆنەی ئەم ڕۆژە بێزاریی خۆیان لە تیرۆری دەوڵەتی بەشێوەی مانگرتنی گشتی وەک داخستنی دووکان و بازاڕ، هەڵکردنی ئاڵای کوردستان، کوژاندنەوەی چرای ماڵەکان بۆ چەند خولەک، دەبەر کردنی جلەبەرگی کوردی و... دەرببڕن و خەڵکیش بەوپەڕی توانایان بەرەوپیری ئەم بانگەوازانە چوون و کاردانەوە و ڕەنگدانەوەی باشی لەسەر ئاستی ناوچەییدا هەبوو. ئەم مانگرتنە وەک نافەرمانییەکی مەدەنی زۆر جاران هەزینەیەکی زۆری سیاسیی بە سەر دەسەڵات دا سەپاندووە، بەڵام دیارە دەسەڵاتیش لەهەمبەر ئەم کردەوە مەدەنییەی خەڵک دژکردەوەی لە خۆی نواندوە بۆ پێشگیری لەم دەنگ هەڵبڕینە هێمنانایە، بۆیە دەستی دە کرد بە بانگ کردن و هەڕەشە و تۆقاندن و دەسبەسەر کردنی خەڵک بۆ ئەوەی هەزینەی ئەم نافەرمانییە ئەوەندە بەرز کاتەوە کە خەڵک واز لە مانگرتن بێنن. هەر بۆیە بە تایبەتی



لەم شەش حەوت ساڵەی دواییدا دەسەڵات بە شێوەیەکی بەربڵاو و توندی ئەمنییەتی لەگەڵ سەرجەم ئەم کەسانە هەڵسوکەوتی کرد کە دەوریان هەبووە لە داخستنی دووکان و بازاڕدا و خۆیان و بنەماڵەکانیان تووشی ئەزیەت و ئازار کرد. کە دەڵێم بانگەوازی ئەمجارەیان بانگەوازێکی جیاواز بوو دەگەڕێتەوە سەر واقیعبینیی دەقی بانگەوازەکە کە بەرپرسانە سەرەتا ئاسایش و کێشە و گرفت ساز نەبوونی بۆ خەڵکی کوردستان ڕەچاو کردووە و دواجار بە پێی هەلومەرجی ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەم شێوە نافەرمانییە مەدەنییەی وەک گونجاوترین ڕێکار بۆ دەربڕینی ڕق و بێزاری لە تیرۆریسمی کۆماری ئیسلامی هەڵبژاردوە، چونکە لە هەمان کاتدا کە هەزینەیەکی زۆر لە باری سیاسییەوە دەخاتە ئەستۆی دەسەڵات لە هەمان کاتیشدا کەمترین گرفت بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ساز دەکا. بێتوو دەزگا ڕاگەیاندنەکانی کوردی، میدیا، ڕۆژنامە، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، حیزبەکانی ڕۆژهەڵات، نووسەران و ڕۆشنبیرانی ناوخۆ لە سەر ئەم داواکارییەی حیزبی دیموکراتی کوردستان مانۆڕێکی گشتگیر بدەن لەم ماوەی ئەم یەک هەفتەیەدا، هەروەها خەڵکی کوردستان بە یەکڕیزی و یەکدەنگی لە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕ لە ماڵ نەیەنەدەر، بێگومان دەبێتە خاڵ گۆڕانێکی مێژوویی بۆ نەتەوەکەمان. ئەم مانگرتنە گشتییە (مانەوە لە ماڵەکانماندا) لانیکەم لە ئێستادا دەکرێ وەک ئیستراتیژییەکی مەزن سەیر بکرێ کە دەکرێ وەک گونجاوترین میتۆد بۆ نافەرمانی مەدەنی نەک تەنیا بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ بەڵکوو بۆ هەر چەشنە دەنگ هەڵبڕینێک لە کوردستان کەلکی لێوەرگیرێ.